## دەستنووسێکی تازەی نالی دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو –هەولێر**

دەزگای ئاراس دەستنووسێکی شاعیری کلاسیکی نێوداری کورد (نالی) دۆزیوەتەوە کە شیعر نییە و لەساڵی 1266 کۆچی نووسراوە.

بەدران ئەحمەد حەبیب، بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دۆزینەوەی ئەو دەستنووسەی ئاشکرا کردو گوتی"دەستنووسەکە بەناوی (مناظرالأنشاء)وبریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی نالی بە زمانی فارسی لەسەر عروزی عەرەبی".

بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس گوتی " بەدۆزینەوەی ئەو دەستنووسە دەردەکەوێت کە نالی تەنیا شیعری نەنووسیوە، بەڵکو دانراوی دیکەشی هەبووە".

## باڵەفڕو جاشێن تورکیا، عادل و سەلیم کوشتن

**ڕووداو – زاخۆ**

عادل خواستی و سەلیم مستەفا، کو بابێن 29 زارۆکانە، ل گۆر کەسوکارێن وان ل گوندێ سناتێ سەر ب دەڤەرا زاخۆ، ژ لایێ فرۆکێن تورکی هاتن بریندار کرن و جاشێن تورکیا ئەو تەمام کرن.



دوو زارۆکێن عادل خواستی ل حژمەتا کوشتنا بابێ خوە هشا خوە ژ دەست دایە.

**هوردەکاریێن زێدەتر ل لاپەڕە (7) بخوینە**

## فەلەستینییەکان دەستیان لە کوشتنی عەرەفاتدا هەبوو



**ڕووداو –هەولێر**

د.ئەشرەف کوردی کە بیست ساڵ پزیشکی تایبەتی سەرۆکی کۆچکردووی دەسەڵاتداریتی فەلەستین بووە، لەدیدارێکی ڕووداودا باسی ژەهرخواردکردنی عەرەفات دەکات ودەڵێ هەندێ لەبەرپرسە فەلەستینییەکان دەستیان لەکوشتنی عەرەفاتدا هەبوو، هەروەها باسی پەیوەندی بنەماڵەکەی لەگەڵ بنەماڵەی شانشینی ئوردن و هۆکاری سەرکەوتنی ڕەوەندی کورد لە ئوردن دەکات.

**لاپەڕە 4**

ژمارە (7)
دووشەممە 2008/5/19
29 گوڵانی 2708
(750) دینار
Rûdaw ڕووداو
www.rudaw.net
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

# مەلا بەختیار باڵی نەوشیروان
# بە دروستکردنی ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتی تاوانبار دەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

مەلا بەختیار، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەناو ریفۆرمیستەکاندا دەتوانێ کەسانی وا دەستنیشان بکات "کەدەبێت یەکەمین کەس بن سزا بدرێن".هەروەها باڵی نەوشیروان مستەفای بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕێکخستنێکی دیکە لەناو یەکێتی تاوانبار کرد.

مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی خۆی باوەڕی بە ریفۆرمەو دوای ڕاپەڕینیش بە مەرجی ریفۆرمکردن لە دەزگاکانی یەکێتیدا گەڕاوەتەوە ناو یەکێتی، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی" من وایدەبینم ئەگەر ریفۆرم وەک سیحر و کودەتایەک تەماشای بکەین ئەوە خۆی لە خۆیدا دژایەتیکردنی ریفۆرمە".

مەلا بەختیار گوتی ئەو هیچ بزووتنەوەو باڵێک بە ریفۆرم لەناو یەکێتیدا نابینێ. گوتیشی"وەرەقەکان زۆر تێکەڵن"، زیاتر لەوبارەوە قسەی کردو گوتی" دەتوانم خەڵکی وابێنم لەناو ریفۆرمیستەکان کە دەبێت یەکەمین کەس بن سزا بدرێن، بەر لەوەی خەڵکیتر سزا بدرێت، ئەگەر دادگایەک دابنرێت، لەملاشەوە هەن کە بەرگری لە یەکێتی ناو یەکێتی دەکات دەزانم کەم نین کە دەبێت سزا بدرێن".

سەبارەت بەو تووند قسەکردنەشی بەرامبەر باڵی ریفۆرم کە نەوشیروان مستەفای جێگری پێشووی سکرتێری گشتیی یەکێتی سەرۆکایەتی دەکات، مەلا بەختیار گوتی " کاتێک یەکێتی دەکەوێتە بەردەم هەر مەترسییەک، بەپێی لێکدانەوەی خۆم پێویستی بە هەر سیاسەتێک بێت من ئەوە دەکەم".هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ جموجوڵەکانی باڵی نەوشیروان مستەفا لەناو یەکێتیدا گوتی" دەزانم لیژنە دروستکراوە بۆ ئەوەی لەناو یەکێتیدا ڕێکخستنێکی دیکە دروست بکەن، ئەمە لەکاری ریفۆرم دەچێتە دەرەوە".

هەر لەوبارەوە گوتی" یەکێتی هەرگیز ئەوەی قبوڵ نەکردووە ڕێکخستنی نهێنی لەناو ڕێکخستنەکەی دروست بکرێ. من خۆم ئەزموونم هەیە لەناو یەکێتی، ئەوانەی ئێستا ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتیدا دروست دەکەن هەر ئەوانەن قبوڵیان نەدەکرد ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتیدا دروست بکرێ و، توندترین ئیجرائاتیشیان کردووە لەسەر ڕێکخستنی نهێنی".

مەلا بەختیار ئەوەشی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە پێشنیازی بەستنی کۆنگرەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەکانی یەکێتی دەکات.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (6) بخوێنەوە**



**سەرپەرشتیاری هەردوو تەقینەوەکەی (1)ی شوبات ڕێکخستنەکانی ئەنسار ولئیسلام لە شارەکانی کوردستان زیندوو دەکاتەوە** ...لاپەڕە 3

# "UN بەکردەوە دەیەوێت مادەی 140 هەڵبوەشێنێتەوە"

**ڕووداو– هەولێر**

ئەندامێکی کوردی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 نەتەوەیەکگرتووەکانی بەوە تاوانبار کرد کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە "خۆیشی نازانێ چۆن کاربکات و چۆن هەنگاو بنێ" داواشی لەسەرکردایەتی سیاسی کورد کرد گوشاری بخاتە سەر.محەممەدی حاجی مەحمودیش ڕایگەیاند کە دیمستۆرا دەیەوێ بەکردەوە پێشنیازەکانی مادەی 140 هەڵوەشێنێتەوە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/5/17ی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بەشێکی تایبەت بوو بە مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 محەممەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست کە یەکێکبوو لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا پێشنیارەکانی دیمیستۆرا نەخراونەتە بەردەم سەرکردایەتی کوردستان، ئێمەش لە کۆبوونەوەکەگوتمان دەبێت پێشنیارەکان ببینرێن، چونکە سەرکردایەتی سیاسی ترسی ئەوەی هەیە ئەو پێشنازانەی دیمستۆرا ببنە بەدیل بۆ مادەی 140و ماددەکە لەکاربخات".

هەروەها گوتی "دیمستۆرا هەندێک پێشنیاری کردووە ئەگەر جێبەجێبکرێن مانای هەڵوەشاندنەوەی مادەی 140 دەگەیێنن، بەڵام کورد بە پێشنیازەکانی ڕازی نەبووە".گوتیشی ئێستا دیمستۆرا دەیەوێت لەوبارەوە لەگەڵ لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دابنیشێ".

نەرمین عوسمان،وەزیری دەوڵەتی عێراقی و ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گلەییەکی زۆرمان لە UN هەیە، هەتا ئێستا هەنگاوەکانی ڕوون و ئاشکرا نین و نازانین چ دەکات". هەروەها گوتی "UN هەتا ئێستا بەرنامەی خۆی بۆ ئێمە ڕوون نەکردووەتەوەو بەهیچ شێوەیەک نازانین چۆن کاردەکات". هۆشداریشی دا کە کات لەخزمەتی ئەم مەسەلەیەدا نییەو داوای لە سەرکردایەتی کورد کرد کە نابێ ڕێگە بدرێ هەر جارناجارێک شەش مانگی درێژ بکەنەوە، نەرمین عوسمان گوتی "دەبێت گوشار بخرێتە سەر UN تاوەکو ئەم مەسەلەیە لەماوەیەکی دیاریکراودا چارەسەربکات".

ئەو لەگەڵ ئەوەی ڕەتیکردەوە کە هیچ بڕیارێک هەبێت بۆ دووبارە درێژکردنەوەی جێبەجێکردنی ماددەکە بۆ شەش مانگی دیکە، بەڵام گوتیشی "دەبێت درێژبکرێتەوە چونکە تائێستا UN شتێکی ئەوتۆی نەکردووە". پێشبینی ئەوەشی کرد کە بۆ شەش مانگی دیکە درێژدەکرێتەوە، بەڵام دیسان جێبەجێ ناکرێت.هەر لەو بارەشەوە محەممەدی حاجی مەحمود گوتی "کورد خۆی دەبێ داوای درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی مادەکە بکات تا کۆتایی ئەمساڵ".

وەزارەتی ئەوقاف

# پاسپۆرتی G بۆ حاجییانی کوردستان دابین دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕایگەیاند کە پاسپۆرتی G بۆ حاجیانی کوردستان لەلایەن وەزارەتەکەیانەوە دابین دەکرێ و گوتیشی "ئەوانەی بۆ حەجی ئەمساڵ ناویان دێتەوە پێداویستییەکانی پاسپۆرت پێشکەش دەکەن و وەزارەت پاسپۆرتەکەیان بۆ دابین دەکات".

شێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە یەکێک لەخاڵە باشەکانی ئەم سیستەمە ئەوەیە خەڵک دەبێتە خاوەنی پاسپۆرتی خۆی نەک وەکو ساڵان کە پاسپۆرتیان بۆ دەکرا بۆ حەج و دوایی لێیان وەردەگیرایەوە. دەربارەی ژمارەی حاجیانی ئەمساڵی کوردستانیش ڕایگەیاند کە پێشبینی دەکەن لەسنووری 4500 حاجیدا بێت. هەروەها گوتی "لەگەڵ بەغدا قسەمان کردووە بۆئەوەی ژمارەکەمان بۆ زیادبکەن و بتوانین لەناوچە کوردییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمیش خەڵک بنێرین".

وەزیری ئەوقاف ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەوڵی تەواو دەدەن بۆئەوەی هەڵەکانی ساڵانی ڕابردوو لەناردنی حاجیاندا دووبارە نەبێتەوەو گوتی "بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیمان تایبەت بە حەج داناوە" هەرچەندە وەک ئەو گوتی "ئەوە کارێکی ئاسان نییەو خەڵک پابەند نابێت بەهەندێ شتەوە، کابرا سوێندو قورئان دەخوات کە حەجی نەکردووە، دوایی دەردەکەوێت وانییە".

داود باغستانی دەچێتە ئیسرائیل

# ئیسرائیل لە مام جەلال و وشیار زێباری نارازییە

**تایبەت بە ڕووداو**

داود باغستانی، دوای گەڕانەوەی لە ئیسرائیل بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند کە ئەو پەیامێکی PKK ی گەیاندە ئیسرائیل، سەبارەت بەڕای ئیسرائیلیش لەبارەی هەرێمی کوردستان گوتی" زۆر گلەییان لە تاڵەبانی و زێباری هەبوو".

داود باغستانی، سەرۆکی دەستەی نەزاهە لە موسڵ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە ئەو بەداوەتی فەرمیی شیمۆن پێرێزی سەرۆکی ئیسرائیل، بەبۆنەی یادی 60 ساڵەی دامەزراندنی ئیسرائیل لە 1948/5/8 لە ڕێگەی ئوردنەوە سەردانی ئیسرائیلی کردو حەوت ڕۆژ لەوێ مایەوەو شانبەشانی کەسایەتییە نێودارەکانی جیهان بەشداریی ئاهەنگەکانی ئیسرائیلی کرد بەو بۆنەوە.باغستانی کە وەک سیاسەتکارێکی عێراقی سەردانی ئیسرائیلی کرد، دەڵێ ئەوە جاری یەکەم نییە سەردانی ئیسرائیل دەکات. باغستانی گوتی ئەو کاتی خۆی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بەستووە، بەڵام پیانکای هاوسەرە ئەڵمانیەکەی کە جولەکەیە هاوکاری کردووە.

باغستانی ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە مەسێجێکی موراد قەرەیلانی سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK ی گەیاندە شیمۆن پێرێز، لەبارەی ناوەڕۆکی مەسێجەکە باغستانی گوتی"مەسێجەکەی ئەوەبوو ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ ئیسرائیل نییە و پێمان خۆش نییە ئیسرائیل هاوکاری تورکیا بکات لە دژی ئێمە، فڕۆکەی سیخوڕیان هەڵبستن و مەشق بەسوپای تورکیا بکەن". شیمۆن پێرێزیش لەوەڵامدا گوتوویەتی" ڕاست نییەو ئێمە هیچ دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ PKK نییە، ئەوەی ئێمە لەگەڵ تورکیا دەیکەین شتی دیکەیەو پەیوەندی بە کوردەوە نییە، لەوانەیە بەرامبەر بە ئێران و هەندێ پرسی دیکە بێ".سەبارەت بە تێڕوانینی ئیسرائیل بۆ باشووری کوردستانیش، بەپێی وتەی باغستانی " زۆرگلەییان لە تاڵەبانی وزێباری هەبوو. ئەوان دەڵێن سەرۆکی عێراق کوردە، وەزیری دەرەوە کوردە، ئێمە ناڵێین با بێن سەردانمان بکەن، بەڵام دەیانتوانی بچنە لای مەحموود عەباس و بیانگوتایە داوای ئێوە ڕەوایەو دەچین لەگەڵ ئیسرائیلیش قسە دەکەین. بەڵام وتیان کورد نازانێ سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێ".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (9) بخوێنەوە**

# ئەو هاووڵاتیانەی زەوییان لەسەری ڕەش هەیە قەرەبوو دەکرێنەوە

**ڕووداو –هەولێر**

بەفەرمانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەو هاووڵاتیانەی کە بەشێوەی گرێبەست زەوییان هەبووە لەسەری ڕەش، زەوییەکانیان لێوەردەگیرێتەوەو لەسەرڕێگەی هەولێر-پیرمام 400 مەتر زەوییان پێدەدرێت.

ئیبراهیم محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری بەشی یاساو موڵکایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" بەفەرمانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی 2007/4/14 بڕیاردرا کە لیژنەیەک پێکبێت بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرێکی گشتی لە ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی، گەشتوگوزار و شارەوانی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە لەماوەی ڕابردوودا بە گرێبەست زەویان لە سەری ڕەش هەبووە".

ئیبراهیم محەممەد ئەمین کە ئەندامی لیژنەکەیە ئەوەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند" بەپێی بڕیارەکە هەر هاووڵاتییەک بەگرێبەست زەوی هەبێت قەرەبوو دەکرێتەوە بە پێدانی 400 مەتر زەوی لەناوچەی تارین کەدەکەوێتە بەرامبەر هۆتێل خانزاد لەسەر ڕێگای هەولێر-پیرمام وئێستا سەرقاڵی کاری ڕووپێوکردنین و بەردەوام داواکاری هاووڵاتیانیش وەردەگرین".

## هەواڵ



**مۆبایل کۆتایی بەژیانی کچێک دێنێت**

**ئاسۆ جەعفەر - پێنجوێن**

◆ ڕۆژی 2008/5/11 کچێکی تەمەن 14 ساڵ بەناوی (د،ح) کە قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی بوو، خۆی سووتاند و پاش دوو ڕۆژ لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. سەرچاوەیەک لەوبارەوە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەهۆی ئەوەی کەسێکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ کچەکە کردووە، لەلایەن کەسوکاریەوە خراوەتە ژێر گوشار. پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسێک دەستگیر نەکراوە.

### محەممەدی حاجی مەحموود:

# پارتی و یەکێتی گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر پێکهێنانی کابینەی شەشەم

**تایبەت بە ڕووداو**

محەممەدی حاجی مەحموود، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆسرەت ڕەسوڵی جێگری ڕایانگەیاند کە هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و سەرۆکی حکومەت گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەم.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" ڕۆژی 2008/5/17 لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکاندا، کاک مەسعود بارزانی و کاک کۆسرەت پێیان گوتین هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و سەرۆکی حکومەت گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی پێکهێنانی کابینەی شەشەم و لەسەر بەشداریی حیزبەکانی دیکە ماوەتەوە"، گوتیشی لەو کۆبوونەوەیەدا داوا لە ئێمەش کرا کە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دابنیشین بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی بەشداربوونمان لە کابینەی شەشەمدا.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت کە بە مەبەستی وەرگرتنی دکتۆرای شانازیی لە کۆلێژی (واشنتۆن ئاند جێڤەرسۆن) لە ئەمریکایە، هەروەک محەمەدی حاجی مەحموود گوتی "دوای گەڕانەوەی نێچیرڤان بارزانی پێکەوە دادەنیشین و هەر پێنج حیزبەکەش ڕێکن لەسەر ئەوەی بەشداری لە حکومەتدا بکەین، بەڵام گفتوگۆ لەسەر شێوازی بەشداریکردنەکە دەکەین".

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" تائێستا بەشێوەی کۆتایی ڕێککەوتنەکە ڕانەگەیێندراوە، بەڵام لەچەند ڕۆژی ئایندەدا هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بۆ ئەو مەبەستە کۆدەبنەوە".

جەمال عەبدوڵڵا وتەبێژی حکومەتی کوردستانیش ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە" هیچ شتێکی جێگەی ناکۆکی لەنێوان یەکێتی و پارتی نەماوەو گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی تەواو، ئەوەی ماوە تەنیا بابەتە ئیداری و هونەرییەکانە".

# "تا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ قەرەبووکردنەوەی بایعی نەدراوە"

**ڕووداو –هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراکی هەولێر ڕایگەیاند تا ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمی نییە بۆ قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتییان لەبەرامبەر ئەو بەشە خۆراکەی مانگانە وەریاننەگرتووە.

نەوزاد سابیر حوسێن، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراکی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێش ماوەیەک سوهەیبە مەحمود زەنگەنە، بریکاری وەزیری بازرگانی عێراق هاتە هەولێر و باسی قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیانی کردوە لەبەرامبەر ئەو بەشە خۆراکەی مانگانە وەریان نەگرتووە و بۆ هەر هاووڵاتییەکی هەولێر 16 دۆلار، دهۆک 11 دۆلار و سلێمانیش 32 دۆلار دانراوە".

لەماوەی ڕابردوودا هەر یەک لەوەزیری بازرگانی حکومەتی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی دوو لێدوانیان لەبارەی قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیان دا، بەڵام نەوزاد سابیر گوتی "تا ئێستا هیچ شتێکی ڕەسمی بۆ ئێمە نەهاتوە نە لەحکومەتی عێراق نە لەوەزارەتی بازرگانی حکومەتی کوردستان".

هەروەها پێشتریش د.فازل نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاندبوو ئەوە تەنیا پێشنیارە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، بەڵام تا ئێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە.

# دوکاندارانی بازاڕی لەنگە قەرەبوو دەکرێنەوە

**ڕووداو –هەولێر**

ئەو دوکاندارانەی شەوی 2008/5/1 دوکانەکانیان سووتان، لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.

نەقیب تاریق عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری جوڵانەوەو تاوان لەپۆلیسی هەولێر لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تا ئێستا 72 کەس سکاڵایان تۆمار کردووە و 66 یان ئیفادەی لێوەرگیراوە 8 یان دوکاندارو سەوزەفرۆشن و 2 یشیان خاوەن خانوون و زەرەرمەند بوون.

سەبارەت بەقەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتیانە، هەمزە حامد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لەپارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پارێزگا لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوون و قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زەرەرمەند بوون، بەمەرجێک هەر کەسێک کە سکاڵا دەنووسێت دەبێت پشگیرییەکی هەبێت لەبەڕێوبەرایەتی شارەوانی یەکی هەولێر کە ئەو کەسە بەرەزامەندی شارەوانی لەوێ بووە.

### لەکەرکووک

# 400 ئەندامی سەحوە دەکرێنە پۆلیس

**ڕووداو – کەرکووک**

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک ڕایگەیاند لەسنووری پارێزگای کەرکووکدا 400 ئەندامی ئەنجوومەنەکانی ڕابوون ( سەحوە) خراونەتە ریزەکانی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک.

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کەرکووک لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دوای دوو مانگ لەمەشقکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەحوە، لەئەکادیمیای پۆلیسی کەرکوک چەند ڕۆژێکە 400 ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە لەقەزای حەویجە و ناحییەکانی دەوروبەری خراونەتە ریزەکانی پۆلیسەوە".

وتیشی" ئەو خەڵکانە، پێشووتر لەگەڵ سەحوە کاریان کردووە، بەڵام ئێستا هیچ پەیوەندییەکیان بەسەحوەوە نەماوە و بەپێی ڕێنمایی و مەرجەکانمان وەرمان گرتوون".

دامەزراندنی ئەو 400 پۆلیسە پێچەوانەی ئەو بڕیارەیە کە دەڵێت ڕێژەی دامەزراندن لەکەرکووک 32% بۆ هەر یەک لەنەتەوەکانی کورد، عەرەب و تورکمان، 4% یش بۆ نەتەوەکانی دیکە دەبێت، بەڵام ئەو 400 پۆلیسە هەموویان عەرەبن.

لیوا جەمال تاهیر لەو بارەیەوە گوتی" دامەزاندنی ئەو 400 کەسە کار دەکاتە، سەر ڕێژەی دامەزراندنی پۆلیس، چونکە ئێستا ڕێژەی پۆلیسی عەرەب زیاترە لەکورد، بەڵام بڕیارێک لەئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە دەرچووە، کەدەڵێت، ئەوانەی لەگەڵ سەحوە دان، بکرێنە بەپۆلیس وبەنیازین لەئایندەدا ڕێژەکە هاوسەنگ بکەینەوە".

# ئیتلاعات کوردێک بە ئەشکەنجە دەکوژێت

**تایبەت بەڕووداو**

کوردێکی دانیشتووی مەهاباد بەهۆی ئەشکەنجەدانی لەلایەن ئیتلاعاتەوە گیانی لەدەست دا، کە بەتۆمەتی پەیوەندی هەبوون لەگەڵ حیزبی دیموکرات بە 3 ساڵ زیندانیکردن مەحکوم کرابوو.

هاووڵاتی کاوەی عەزیز پوور، کە خەڵکی گوندی دەریازی ناوچەی شار وێرانی مەهابادە، لە 2006/2/2 بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەستگیرا و، سەرەتا بۆ ماوەی 3 مانگ لەژووری تاکە کەسییەکانی زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد لەژێر ئەشکەنجەی توندی ئیتلاعات و دواتریش 3 ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ناوبراو بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە دووچاری لێدانی مێشک دەبێ و دواتر نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدەدرێ، بەڵام بەر لەوەی تەندروستی باش بێ ڕەوانەی زیندان دەکرێتەوە، دواتر دووبارە نەخۆشییەکەی سەر هەڵدەداتەوە و سەر لەنوێ نەشتەرگەری مێشکی بۆ دەکرێتەوە، بەڵام لەژێر فشاری هێزەکانی ئیتلاعات دا دوای 24 کاتژمێر لەنەخۆشخانە دەردەکرێ.

دوای لە هۆش خۆچوونی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ، بنەماڵەکەی دەیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزا لەورمێ 27ڕۆژ لە حاڵەتی کۆمادا دەبێ، دواتر لە 2008/5/16 گیان لەدەست دەدا.

### لە هەفتەیەکدا

# 297 کەس تووشی سکچوون و ڕشانەوە دەبن

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو –هەولێر**

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر ڕایگەیاند لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا 297 حاڵەتی سکچوون و ڕشانەوە لەشاری هەولێر تۆمارکراون.

جەلیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە2008/5/10 تاکو 2008/5/17 لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر 297 حاڵەتی سکچوون و ڕشانەوە تۆمارکراوە، گوتیشی حاڵەتەکان لەناوەوەو دەرەوەی شار تۆمار کراون.

ناوبراو هۆکاری حاڵەتەکانی گەڕاندەوە بۆ خۆراکی بەسەرچوو و "بڵاوبوونەوەی جۆرە ڤایرۆسێک، کە لە ئەنجامی گەرمیی کەشوهەواوە پەیدا دەبێ".

# ژن و پیاوێک لە گەرماودا دەسووتێن

**ڕووداو –چوار قوڕنە**

ڕۆژی 2008/5/13 ژن و پیاوێک بەناوەکانی (هـ.خ) 26 ساڵ و (ب.خ) 25 ساڵ کە دانیشتووی شارۆچکەی چوار قوڕنەن لەنێو گەرماوی ماڵەکەیان سووتان و ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.

سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی چوارقورنە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"سەرەتا ژنەکە سووتاوە و، پاشان هاوسەرەکەی هەوڵی خامۆشکردنی ئاگرەکەی داوە، بەڵام ئەویش بەهەمانشێوە سووتاوە".

هەر لەبارەی ئەو ڕووداوەوە سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بۆ (ڕووداو) گوتی "دوای ئەوەی ئەو ژن و مێردە سوتاوە گەیێنرانە نەخۆشخانە، بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەیانەوە هەردووکیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی سلێمانی کران".

سەرچاوەکە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ڕوونیکردوە کە "هەرچەندە بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، بەهۆی گڕگرتنی پەرەمێزەوە سوتاون، بەڵام لە بارەی ڕووداوەکەوە لێکۆڵینەوە بەردەوامە".

# مەلایەکی کوردستان بەنەخشەی ئیسرائیلی بەدوای شوێنەواردا دەگەڕێت

**ڕووداو –ڕانیە**

ماوەی دوو هەفتەیە باندێکی گەڕان بەدوای شوێنەوار لەلایەن ئاسایشی ڕاپەڕینەوە دەستگیرکراوە، ئەندامانی باندەکەش، دوای ئەوەی تۆمەتی هەڵدانەوەی چەندین گۆڕیان بەسەردا ساخ بووەتەوە، دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگای بەرایی ڕانیە کراوە و بەپێی هەردوو ماددەی 289 و 298 لەیاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکرێن.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون باندەکە لە پێنج کەس پێکهاتووە، کە بریتین لە (مەلا ع، ک م، ع م، ئ ع، م ع). بیرۆکەی دروستکردنی ئەم باندەش لەلایەن مەلا (ع)ەوە گەڵاڵە کراوە، کە پێشتر بەتەنیا چەندین کاری لەو جۆرەی ئەنجامداوە و لەکاتی دەستگیر کردنیشدا چەندین نەخشەی شوێنەوار لەنێو ماڵەکەیدا دۆزراونەتەوە.

شەوی 4لەسەر 2008/5/5 چەند کەسێکی نەناسراو بەدووری 20 کلیۆ مەتر لەناحیەی خدرانی بناری کۆسرەت لەسنووری قەزای دوکان گۆڕی (چاکە سوور مامۆستا) هەڵدەدەنەوە، کە یەکێکە لەنزرگە ئاینییەکانی ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە بۆ زیارەتکردن سەردانی دەکەن. کە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، مێژووی ئەو گۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ 300 ساڵ پێش ئێستا.

دوای ئەوەی باندەکە لە هەڵدانەوەی گۆڕەکە هیچ شتێکیان دەست ناکەوێت، گۆڕەکە بەکراوەیی جێدەهێڵن، هەر دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەڵدانەوەی گۆڕەکەش تیمێکی شوێنەوارناسی لەمۆزەخانەی سلێمانی سەردانی شوێنەکە دەکەن و، لێکۆڵینەوە لەسەر پاشماوەی ئەو ئێسکانە ئەنجامدەدەن کە لەگۆڕەکەدا ماونەتەوە، بەڵام ناتوانن بەوردی ساخی بکەنەوە تەمەنی گۆڕەکە چەندە و ئاخۆ ئاڵتونی تێدابووە یان نا.

دوا بەدوای تیمەکەی مۆزەخانەی سلێمانی، ئاسایشی ڕاپەڕینیش سەردانی ناوچەکە دەکەن و دەست بەلێکۆڵینەوە دەکەن، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا گومان دەخەنە سەر مامۆستایەکی ئایینی ناوچەکە، کە پێشتریش چەند جارێک بەتۆمەتی هەڵدانەوەی گۆڕە دێرینەکان دەستگیر کراوە، هەر بۆیە دەستگیری دەکەن.

سەرچاوەیەک لەئاسایشی ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەلا (ع) سەرەتا نکۆڵی لەهەڵدانەوەی گۆڕی چاکە سوور مامۆستا کرد، بەڵام دوای پشکنینی ماڵەکەی 6 نەخشەی دەستنووسی تایبەت بەشوێنەوار لەنێو ماڵەکەیدا دۆزرانەوە، بۆیە ناچار بوو ڕاستییەکان ئاشکرا بکات و دانی بەوەشدانا 4 کەسی دیکەشی لەگەڵدایە".

سەرچاوەکەی ئاسایش لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "مەلا (ع) لەلێکۆڵینەوەدا باسی لەوەکردووە کە 10 ڕۆژ بەر لەهەڵدانەوەی گۆڕەکەی بناری کۆسرەت، گۆڕێکی دیکەی لەبناری چیای کێوەڕەشی ڕانیە هەڵداوەتەوە، بەڵام جگە لەچەند پارچە ئێسکێک هیچی دیکەی تێدا نەبووە"، هەروەها گوتی "بەنیاز بووە ژمارەیەک گۆڕی دیکە لەسنووری پشدەر هەڵبداتەوە".

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، مەلا (ع) ئەو 6 نەخشەی لەساڵی 1992 لەجوولەکەیەکی ئیسرائیلی دەستکەوتووە کە پێشتر لەباشووری کوردستان ژیاوە.

پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە تۆ بڵێی مەلا (ع) لەهەڵدانەوەی ئەو گۆڕە دێرینانەدا هیچ جۆرە شوێنەوارێکی دەست نەکەوتبێت؟ یان دەزگاکانی ئاسایش دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بە (نەخێر) بدەنەوە، لەپێناو ئەوەی نەوەک خەڵکانی دیکەش تەماع بیانگرێت و تەواوی گۆڕە دێرینەکانی کوردستان هەڵبدەنەوە.

# 60 هزار پەزێ عەرەبان هاتیە دەڤەرا ئامێدیێ

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**ڕووداو–ئامێدی**

ژ بەر هشکاتیێ و کێم هاتنا بارانێ ل وەرزێ زڤستانا ئەڤ ساڵەدا، جوتیار و مەڕدارێن عیراقێ و کوردستانێ زۆر زیان ڤێ کەڤتینە . ب هەزاران پەزێن عەرەبان ل دەڤەرا شنگال، ڕەبیعە و زمار ل برسا مرینە.

عەرەبێن وان دەڤەران نەچار بووینە پەزێن خو بیننە دەڤەرێن جودا جودا ل سنوورێ قەزا ئامێدیێ، هەرچەندە ل ڤێ دەڤەرێ ژی ئاریشا کێم هاتنا باران و بەرفێ هەیە لێ تا ڕادەیەکی دەڤەرا ئامێدیێ، دەڤەرەکا چیاییە و گیایێ باشتر شین دبی و خۆ دگری و درەختێن مینا داربەڕی و دارمازی لێ هەنە.

خەلەف عەلی، ئێکە ژوان مەڕدارێن عەرەب و ب (ڕووداو) ڕاگەهاند" ئەم ل نەچاریی بۆ چێراندنا مەڕێ خۆ ل دەڤەرا شنگالێ هاتینە سەر ئاقارێ گوندێ ڕەشاڤە و مە بۆ خۆ ل موختارێ گوندی کڕی ب 4 ملیون دیناران و بەلێ ڤێرێ ژی وەک پێتڤی نینە".ماڵباتا خەلەف عەلی 400 سەرێن پەزی هەنە و ملیۆنەک و نیڤ داینە کرێیا ترومبێلا بۆ ڤەگوهاستنا مەڕێ خۆ بۆ ڤێ دەڤەرێ. سەبارەت ب خەڵکێ دەڤەرا ئامێدییێش گۆت"خەلکێ دەڤەرێ زۆر د گەل مە دباشن و مە وەسا دهەژمێرن ئێک ژ خەلکێ دەڤەرێ ".

سەرهان ئیبراهیم شەمەری،کو ئەڤە 30 ساڵە شڤانە، ل گوندێ گوهەرزێ مژوولی چەراندنا پەزێ خوە بوو. ئەوی بۆ (ڕووداو) ڕاگەهاند کو ئەو ژ دەڤەرا ڕەبیعە هاتینە .ژ بەرکو ل بەر نەبوونا چەرینێ ل دەڤەرا وان پتر ژ 120 پەزێن وان مرن و ژ بەر هندێ نەچاربوون بێنە دەڤەرا ئامێدیێ. سەرهانی گۆت"من 1000 سەرێن پەزی هەنە و من و براێ هەڤژینا خۆ من پێکڤە ئەڤ ئاقارێ گوندێ گوهەرزێ ب 3 ملیون دیناران کرێ کریە".

ئیسماعیل محەممەد، قایمقامێ قەزا ئامێدیێ بۆ (ڕووداو) ڕۆنکر کو نێزیکی 60 هزار سەرێن پەزێ مەڕدارێن عەرەب پشتی پشکنین لێهاتیە کرن و ب هەماهەنگی دگەل دەزگەهێن ئەمنی و موختارێن گوندا ل سنوورێ قەزایێ د بەلاڤەنە.

عەلی عەبدوڵلا، ئاکنجیێ سەنتەرێ ناحیا دێرەلوکێ ل دۆر هاتنا پەزێ عەرەبان بو دەڤەرێ گۆت " هاتنا مەڕدارێن عەرەب گەلەک کارتێکرن ل سەر ئاژەلێن دەڤەرا مە کریە، چونکی ناحیا مە پتر ژ 500 گارەش و 700 پەز هەیە، هەر ساڵ گارانا مە یا بێ منەت بوو بەلێ پشتی عەرەب هاتین ئاژەلێن مە ژی دێ ژ برسا دا مرن، هەر چار رەخێن مە ییێن تژی پەز کری و ئەم نزانین ئاژەلێن خو کیڤە ببەین".

ل دۆر هاتنا مەڕدارێن عەرەب و گازندێن خەڵکێ دەڤەرێ ل ڤێ چەندێ، سەردار کاکەمین ئاکۆ، ڕێڤەبەرێ ناحیا دێرەلوکێ بو (ڕووداو) گۆت ئەڤ مەڕدارێن عەرەب ژ پارێزگەها موسل، دەڤەرا شنگال و بەعاج و دەڤەرێن دیتر هاتینە بۆ ڤێ دەڤەرێ و گۆت "ڕێنمایی بۆ مە ژ لایێ یەکەیا کارگێری هاتینە و لێژنێن پێتڤی هاتینە پێکئینان و، ل دیڤ ڕێنمایان ڕێکێ ددەنە خودانێن پەزی کو مەروماڵاتێن خۆ بینە ئەردێ گوندێن دەڤەرێ ب مەرجەکی موختارێن گوندی و لیژنا گوندی بەری دگەل خودانێن پەزی باخڤن و ڕێککەڤن پاشی داخازا ڕەزامەندیێ ژ مە دیهێتە کرن و ئەعەرەبێن دکەڤنە بەر مادێ 140 هندەک ئاسانکاری بۆ دهێنە کرن،یێن دەرڤەی ڤان دەڤەران پێتڤی ب ڕەزامەندیا ئەنجوومەنا پارێزگەها موسل هەنە" .



دوو شڤانێن عەرەب و پەزێ وان ل دەڤەرا ئامێدیێ (فۆتۆ:ڕووداو)

ئەوێ هژمارەکا خەیالی یا پەزی ئینایە دیارە خودانێ ئەردی وەک ڕێنمایان مافێ وییە ئەردێ خو بدەنە خودانێ پەزی ئانکو عەرەبان، لێ یێن کومەلگەهێ ئەم ڕێکەفتینە دگەل موختا رێن سەنتەرێ ناحیێ کو تەنێ ئەو ئەردێ د وەختی دا هەبوو بو نموونە یێن کومەلگەهێ ب سنورێ گوندێ ڕەشاڤە و گوهەرزێ کو 10 یان 20 پەز هەبوو وان مافێ هەی پەزێ خو ببەنە وی جهێ کو پێشتر دبرێ و بەلێ چێنابیت ل سەر حسابا گوندەکێ دیتر 200، 300 پەزی بینیت ڕێکەفتنێ دگەل ئێکێ عەرەب بکەت و بچیتە داخلی چەروانێ سنورێ گوندەکێ دیتر ببیت و ئەڤ بابەتە ژ لایێ مە ڤە هاتیە حەسن کرن و ل ڤێرە دا چەند ئاریشەک چێبونە و دیارە کێشە دناڤبەرا سنورێن گوندا دا هەنیە و ئاریشە جارەکا دی زندی بونەوە .



## هاشمی : هەرکاتێک تواناما‌ن هەبوو هێرشدەبەینە سەر PKK

ڕووداو- نووسینگەی جێگری سەرەک کۆمار

◆ لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ماینیچی ژاپۆنیدا، تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق رایگەیاند کە هەرکاتێک توانای پێویستمان هەبوو هێرشدەبەینە سەر رێکخراوی تیرۆریستی PKK.لەشکرکێشیەکانی تورکیاشی بەمافێکی ڕەوای تورکیا زانی و بە (هاوکاریکردنی عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوەی PKK ) ناوبردو گوتیشی پێویستە عێراق مەشق وراهێنان بکات بۆ لێدانی PKK.

### تەها مستەفا و هێمن ئەحمەد و ئارام خەلیفانی سەرپەرشتی ئەو هەوڵە دەکەن

# ئەنسارولئیسلام هەوڵدەدات ڕێکخستنەکانی لەناو شارەکانی کوردستاندا زیندوو بکاتەوە



هێمن ئەحمەد لە دایکبووی 1970 یەو سەرپەرشتی دوو تەقینەوەکەی 1ی شوباتی کردووە



ئارام خەلیفانی بەرپرسی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەنسار هاتووچۆی ئێران دەکات



تەها مستەفا پێشتر ئەندامی یەکگرتوو بووە و ئێستا سەرپەرشتی ئەنسار دەکات لە موسڵ

تایبەت بەرووداو

سێ لە گەورە بەرپرسانی گرووپی ئەنسارولئیسلام کە ئێستا دووانیان لە موسڵن و یەکێکی دیکەیان لە سوریایە، هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ڕێکخراوە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دەدەن و هەوڵدەدەن تەقینەوەکانیان بگەیێننەوە ناو شارەکانی کوردستان، لە هاوتۆچۆیەکی بەردەوامیشدان لەگەڵ کەتیبە کوردستانییەکانی قاعیدە لە ئێران.

دوای دامەزراندنەوەی ئەنسارولئیسلام لەساڵی رابردوودا، زۆر لەو عەرەبانەی پێشتر بەناوی ئەنسارولسوننەوە کاریان دەکرد، ئامادەنەبوون لەو رێکخراوەدا بن و کۆمەڵێک لەوانە کەناویان لەخۆناوە (ئەنسارولسوونە -هەیئەی شەرعی) ئەنسارولئیسلامیان قبوڵ نییەو خۆشیان بەشەرعی و زۆرینە دەزانن. کە عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان ئەمیریانە و ئەنسارولسوننە بە "زۆر توندڕەو" وەسفدەکات.لەبەر ئەو جیابوونەوەیە جموجۆڵی ئەنسارولئیسلام لەشارەکانی عێراق لاوازبووەو دەیانەوێ قورسایی خۆیان بخەنەوە کوردستان.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئەمنیی ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون، دوو لەو سێ کەسانە خەڵکی شاری هەولێرن و یەکێکی دیکەشیان خەڵکی شارۆچکەی خەلیفانە.

سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، رایگەیاند کە زانیاری وردیان لەسەر هەوڵدانەکانی ئەو سێ کەسە بۆ زیندووکردنەوەی رێکخستنەکانی ئەنسار لە هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی تەقینەوە بەدەست گەیشتووە.

بەپێی هەمان سەرچاوە (هێمن ئەحمەد عوسمان)،کە لە دایکبووی ساڵی 1970 یە و پێشتر لە گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر دادەنیشت و، یەکێکە لە کادیرە هەرە لە پێشەکانی ئەنسار و سەرپەرشتی هەردوو کردەوەی خۆکوژیی 1ی شوباتی 2004ی کردووە،ئێستا بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەنسارولئیسلامە و بە زۆری لە سوریا دادەنیشێ خەریکی هاوکاریکردنی ئەنسارە بۆ زیندووکردنەوەی رێکخستنەکانی ئەنسار لە کوردستان.

حکومەتی سوریا لەدوای رووخاندنی رژێمی سەددامەوە لە نیسانی 2003، بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو حکومەتی عێراقیشەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە داڵدەی ئەو ئەندام و بەرپرسانەی بەعسییەکان وقاعیدە و گرووپە چەکدارەکان دەدات کە کاری تەقینەوەو خۆکوژی لە عێراق ئەنجامدەدەن. هەروەها چاوپۆشی لە هاتنەناوەوەی نایاسایی هەزاران خۆبەخشی سەر بە رێکخراوی قاعیدەو گرووپە چەکدارەکانی دیکە دەکات و یارمەتیان دەدات، بەڵام دەسەڵاتدارانی سوریا ئەو تۆمەتانە رەتدەکەنەوە.

ئەو سەرچاوەیە، رایگەیاند "ئێمە زانیاریمان هەیە کە هێمن بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەنسارە لە سوریا"، هێمن پێشتر قوتابی پەیمانگای تەندروستیی هەولێر بووەو پاشان چووەتە ریزەکانی ئەو رێکخراوەوە. سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە هێمن بەرپرسی راستەوخۆی هەردوو تەقینەوەکەی 1ی شوباتی ساڵی 2004ی هەولێرە کە لە مەڵبەندی 3ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەیەکەم رۆژی جەژنی قورباندا لەیەک کاتدا روویانداو لەئەنجامدا 106 بوونە قوربانی لەنێویشیاندا ژمارەیەک لە سەرکردەو گەورە بەرپرسانی حکومەت و هەردوو حیزب. پاش چوار ساڵ لەو رووداوەش، ئەمە یەکەمین جارە ناوو زانیاری تەواو لەسەر سەرپەرشتیارانی ئەو دوو تەقینەوەیە ئاشکرا دەکرێت.

وەک سەرچاوەکە روونیکردەوە، یەکێکی دیکە لەوانەی سەرپەرشتی زیندووکردنەوەی ئەنسار لە شارەکانی کوردستان دەکات کەمال جەمال عەبدوڵلایە، کە بە (ئارام خەلیفانی) ناسراوە. ئارام لەدایکبووی ساڵی 1970ەو خەڵکی شارۆچکەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆرانە و، ئێستا بەرپرسی رێکخستنە نهێنییەکانی ئەنسارولئیسلامە و بەشێوەیەکی بەردەوامیش هاتووچۆی کەتیبە کوردستانییەکانی قاعیدە دەکات کە لەبارەگاکانیان لە چەند شوێنێکی ناو شارەکانی ئێرانن و ناوبەناو لەناوچە سنوورییەکان و بەتایبەتیش لەسنووری پێنجوێن جموجوڵ ئەنجامدەدەن .

هەروەها بەپێی ئەو زانیاریانە، (تەها مستەفا) سەرپەرشتی زیندووکردنەوەی رێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکانی کوردستان دەکات، پێشتر دانیشتووی گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر بووەو ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بووە لەسنووری مەڵبەندی هەولێرو ئێستا بەرپرسی رێکخستنە نهێنییەکانی ئەنسارە.

ئەوەی جێگای سەرنجە تەها مستەفا کە لەدایکبووی ساڵی 1968ە، جارێک لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لە ئۆپەراسیۆنێکدا دەستگیرکرا کە تائێستا لە کوردستان هاوشێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنە روونەداوەتەوە. شەوی (4\5/1/2005) چەند هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی پاش ماوەیەک سوڕانەوە بەئاسمانی هەولێردا و ئاراستەکردنی چەند مووشەکێک کە بەر شوقەیەک کەوت لەنزیک پردی سەیداوە کە ئەو شوقەیە بەشە ناوخۆیی قوتابیانی زانکۆ بوو، لەو هەڵمەتەدا تەها مستەفا کە ماڵەکەی لەپشتی ئەو شوقەیە بوو،دوای نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرەکە دەستگیرکراو هەر ئەو شەوە بە هەلیکۆپتەر بەرەو شوێنێکی نادیار گواسترایەوە.

سەرچاوەکە دەربارەی وردەکاری رووداوەکانی ئەو شەوە هیچ روونکردنەوەیەکی نەدا، بەڵام رایگەیاند کە ئەمریکییەکان پاش نزیکەی پێنج مانگ ئازادیان کردو،دوای ئەویش پەیوەندی بە ئەنسارولئیسلامەوە کرد و ماوەیەکە لە موسڵ سەرپەرشتی کارەکانی ئەنسارولئیسلام دەکات.

### د.بەشیر خەلیل حەداد، پێشنوێژو وتار خوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات

# دامەزراندنی دادگای شەرعی لە کوردستان بە پێویست و واجب دەزانم

ڕووداو-هەولێر

د.بەشیر خەلیل حەداد، وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات رایگەیاند کە ئەو بەیاننامەیەی لە 9ی ئەم مانگەدا لەلایەن 474 کەسی ئایینی و مامۆستاو قوتابیانی زانکۆ بڵاوکرایەوە لەژێر فشاری جەماوەر بووەو گوتیشی"ئەگەر پاڵەپەستۆش نەبێ، بە واجبی خۆمانی دەزانین کارێکی لەو جۆرە بکەین".

بەیاننامەی ئەو 474 کەسە داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات کە "چیتر نەهێڵن بێرێزی و بێئەدەبی بەرامبەر شتە پیرۆزەکانی ئاینی بکرێت" هەروەها "لێپرسینەوەی شەرعیش لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ کە بەنووسین رەخنە لەپیرۆزییەکانی موسڵمانان دەگرن".

پێشتریش چەند مەلایەک لەرێگەی وتاری نوێژی هەینییەوە هێرشی توونديان کردبووە سەر نووسەران و رۆژنامەنووسان، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هۆشداری دایە مەلای مزگەوتەکان کە چیتر مینبەری مزگەوتەکان بۆ وەڵامدانەوەی نووسەران و رۆژنامەنووسان بەکار نەهێنن، بەڵکو لەرێگەی سایتی وەزارەتەوە وەڵامیان بدەنەوە.

د.بەشیر خەلیل حەداد، پێشنوێژکار و وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات، لەبارەی ئەو مەلایانەی کە هێرشی توونديان دەکردە سەر رۆژنامەنووسان و نووسەران دەڵێت "ئێمەش وەکو چەند مامۆستایەک پێمان باشنەبوو، مینبەری مزگەوتەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانە بەکاربهێنین، بەڵکو قسە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و رۆژنامەنووس و خاوەن کتێبەکان بکەین، یان شتێک بنووسین بەرامبەر کتێبەکە".

ناوبراو لەبارەی بڕیارەکەی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت "ئەگەر شتێکی وا هاتە پێش وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی لەبری مامۆستایانی ئایینی بێنە قسە شتێکی باشە، ئەوکات ئەگەر مامۆستاش قسەی کرد لە زیادەیە، بەڵام مامۆستا تەماشا دەکات وەڵام نییەو ئەوانیش لەدژایەتی خۆیان بۆ ئیسلام و پیرۆزییەکانی موسوڵمانان بەردەوامن، ئەوکات ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتیمانییە لەسەر ئێمە وەڵام بدەینەوە".

د.بەشیر پێیوابوو نووسەران بێدەنگی مەلاکانیان بەهەلێک زانیوە بۆ ئەوەی دووبارە دەستبکەنەوە بەرەخنە گرتن لەپیرۆزییەکانی موسڵمانان "وامانزانی ئەو بێدەنگییەی مامۆستایان بارودۆخەکە هێور دەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو کەس و لایەنانە رۆژ بەرۆژ زیادیان دەکرد، وەک بڵێی بێدەنگی مامۆستایانی ئاینیان ئیستغلال کردبێ".

ناوبراو درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت "ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان و خەڵک روویان تێدە کرین و دەیانگووت بۆ قسە ناکەن، ئەی ئیشی ئێوە چییە، بەتایبەتی دوای نووسینی کتێبی (جەهالەتی ئیسلام)، مامۆستایان وتیان تازە ئارامان نەما، ئێمە بێدەنگ بین و لایەنی بەرامبەریش بێدەنگ نەبێ".

"جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ" لەدانانی ئارام رەشیدە و بەژمارەی سپاردنی 22ی ساڵی 2006ی وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی چاپی وەرگرتوە و تا ئێستا 2 جار لەچاپدراوە، وەک بەیاننامەی ئەو 474کەسە ئاماژەی پێداوە ئارام رەشید لە کێتبەکەیدا دەڵێ "پەنا بەخوا دەڵێ (خودا) (جل جلالە) دروستکراوە و قورئانیش دەستکردی (محمد)ە (×لی اللە علیە وسلم)و شتێکی ئەفسانەیە و وێنەیەکی هێلکاری ناشیرینی کێشاوە پەنا بەخودا لەژێری نووسیوەیەتی ئەوە وێنەی (محمد)ە (×لی اللە علیە وسلم)".

نامەکە بەجۆرێک نووسراوە کە باس لەلێپرسینەوەی شەرعی دەکات بەرامبەر ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانەی رەخنە لەخودا و پێغەمبەر دەگرن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا رێک لەو دادگا شەرعییەی سەردەمی تاڵیبان و ئێستای وڵاتی سۆماڵ دەچێ و رەتکردنەوەی ئەو دادگایانەیە کە لەکوردستان هەن.

د.بەشیر حەداد لەو بارەیەوە دەڵێ "مەرج نییە دادگای شەرعی مەبەست ئەوە بێت کە ئێمە ئیعتراف بەو دادگای ئێرە ناکەین، تەنانەت ئەو یاسایەش کە ئێستا لە دادگاکانی ئێمەدا هەیە، مادەی وای تێدایە دەتوانرێ ئەو جۆرە کەسانەی پێ تۆمەتبار بکرێ، تەنانەت زۆر لەبڕیارەکانی پەرلەمان بۆنمونە یاسای چاپەمەنی کە ساڵی 1992 لەپەرلەمان دەرچووە بڕیاری وای تێدایە کە نابێت هێرش بکرێتە سەر پیرۆزییەکانی خەڵک".

ئەو هەر چەندە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان مەبەستیان لە"لێپرسینەوەی شەرعی" دامەزراندنی "دادگای شەرعی نییە"، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێت "بوونی دادگای شەرعی لەنێو میللەتێکی موسوڵمانی وەک ئێمە شتێکی غەریب نییە، بەڵکو شتێکی پێویستەو واجبیشە بکرێت، بەڵام ئەو دادگا شەرعییە کە ئەمڕۆش دانامەزرێ، بەلایەنیکەم ئەو یاسایەی کە ئێستا لەکوردستان هەیە با دژ نەبێت لەگەڵ پیرۆزییەکانی ئیسلام".

هەرچەندە د.بەشیر حەداد ئاماژەی بەوەدەدا کە ئەوان دەتوانن بەپێی یاساکانی ئێرەش ئەو کەسانە تۆمەتبار بکەن کە رەخنە لە ئیسلام دەگرن، بەڵام لەو کارە کەمتر پەنا براوەتە بەر دادگا و بەڵکو زۆربەی کات لەرێگەی بەیاننامە یان مینبەری مزگەوتەکانەوە وەڵامی ئەو نووسەرانە دراوەتەوە.

پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات دەڵێت پێشتر کەسانێک هەبوون ئەو کارەیان لەرێگەی دادگا کردووە و لەداواکاری گشتی سکاڵایان کردووە. ئەو کتێبی (قهور الکورد فی التاریخ)ی د.جەمال رەشیدی بەنمونە هێنایەوە کە سکاڵای لەدژ تۆمار کراوە.

د.بەشیر زیاتر لەسەر ئەو کتێبە قسەی کرد و گوتی "ئەوەندەی من ئاگادارم لەسەرۆکایەتی هەرێمیش بەدواداچونێکی زۆر توند بۆ کتێبەکەی د. جەمال رەشید کرا لیژنەیەکی باڵا بەفەرمانی خودی سەرۆکی هەرێم پێکهێنراو لیژنەکە دەست بەکاریش بوو، بەڵام نازانم ئەنجامەکەی چی بەسەرهات، دۆسییەکە تا ئەو دواییەش لەداواکاری گشتی مابوو".

لەنێو بەیاننامەکەدا ناوی چەند نووسەرێک هاتووە وەک مەهاباد قەرەداخی، د.جەمال رەشید و مەریوان هەڵەبجەیی، داوا دەکرێ "لێپرسینەوەی شەرعی"یان لەگەڵدا بکرێ،

> ئەو نووسەرانە دەبوایە ئەو کاتە حیسابی ئەو هەڕەشانەیان بکردایە کە ئەو شتانەیان بڵاو دەکردەوە

لەکاتێکدا ئەوانە وڵاتینامەی وڵاتانی ئەوروپایان هەیە، د.بەشیر دەڵێت "راستە ئەوانە رەگەزنامەی وڵاتێکی دیکەیان هەیە، بەڵام ئێستا ئەوان لەکوردستانن، یان لەکوردستان بوون، یاسای هەر وڵاتێکیش ئەگەر هاتوو یەکێک هەڵگری رەگەزنامەی وڵاتێکی دیکە بوو پێشێلکارییەکی لەسەر خاکی ئەو کرد پێویستە دادگای ئەو وڵاتە ئیشی لەسەر بکات".

ناوهێنانی ئەو چەند نووسەرە بەجۆرێک لەهاندان هەژمار دەکرێ، لەقورئانیشدا خودا دەڵێت "الفتنە اشد من القتل"، د.بەشیر ناوهێنانی ئەو نووسەرانە بەشتێکی "زیادە" دەزانێت و دەڵێت "ناوهێنانی ئەوانە لەبەیاننامەکەدا شتێکی زیادە بوو، هەرچەند من و کۆمەڵێک مامۆستا لەگەڵ ئەوەدا نەبووین ناوی ئەو کەسانە لەبەیاننامەکەدا هەبێ، کەی لایەنی پەیوەندیدار داوای لە ئێمە کرد کە مەبەستمان کێیە تا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەین، ئەوکات دەمان و وت فلان کەسە، بەڵام زۆرینە لەگەڵ ئەوەدا بوون ناوەکان هەبن".

د.بەشیر گوتیشی"ئەوانەی ناویان هاتووە تەنیا ئەوانە نین، ئەوانە وەکو نمونەیەک باسکراون کە ناوەکانیش هاتووە داوا لەکەس نەکراوە بچێت لێپێچینەوەی شەخسی بکات و ئازاریان بدات، ئەمە نە داواکاری ئێمە بووە نە شەرعی ئیسلامیش رێگە بەوە دەدات".

ناوبراو لەو باوەڕە دانییە ئەو نووسەرانە رووبەرووی هەڕەشەی خەڵک ببنەوە "چونکە بەیاننامەکە بەکەسی نەگوتووە خۆت بکە خاوەنی مەسەلەکە، ئێمە داوامان لە دادگاو لایەنی پەیوەندیدار کردووە سنوورێک بۆ ئەم کارە دابنێن، دواتریش ئەگەر ئەو کەسانە حسابی هەڕەشە دەکەن دەبوایە ئەوکات حسابی هەڕەشەیان بکردایە کە شتەکەیان بڵاو کردەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی شتەکانی خۆیان نابێتە هەڕەشە".

هەر لەبەیاننامەکەدا داواکراوە کە لێژنەیەکی پسپۆر لە"پیاوانی ئایینی و رۆشنبیرە ساخەکان" پێکبهێنرێت بۆ پێداچوونەوەی ئەو بابەت و نووسینانەی مۆڵەتی چاپیان پێدەدرێ، د.بەشیر ئەوە بۆ (رووداو) روونەکاتەوەو دەڵێت "مەبەستمان لە هەر شتێکە کە بەناوی ئایینەوە دەربچێت و لەمێژیشە ئەم شتە هەیە لەوەزارەتی رۆشنبیری، واتە پێویستە مۆڵەت نەدرێت بەکتێبێک لەبارەی ئایینەوە بەبێ رەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف".

د.بەشیر رەخنە گرتن لەئیسلام بەشتێکی تازە نازانێت و ئاماژەی بەوەشدا کە لەسەردەمی پێغمبەریشدا کەسانێک هەبوون رەخنەیان لەئیسلام گرتووە



د.بەشیر خەلیل حەداد (فۆتۆ:رووداو)

"رەخنەگرتن لەهەندێک شتی موسڵمانان هیچ رێگری نییە، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) موسوڵمان دەهات رەخنەی لەهەندێک شت دەگرت پێغەمبەر وەڵامی دەدایەوەو قەناعەتی پێدەهێنا، رەخنە لەسیاسەتی ئیمامی عومەرو ئەبوبەکر گیراوە خوایان لێ رازیبێت، رەخنەگرتن لەحاکمی موسڵمانان یان لەسیاسەتی حاکم قبوڵە، بەڵام رەخنەگرتن لەخوداو پێغەمبەر و قورئان قبوڵناکرێت و بازنەی سوورە".

د.بەشیر پێیوابوو ئەو رەخنە گرتنانە نە تەنێ ئەوانی پەرێشان کردووە، بەڵکو مەسیحییەکانیش دژی ئەو رەخنانەن و دەڵێت "لەو ماوەیەدا بەرێکەوت چەند پیاوێکی ئاینی مەسیحیم بینی ئەوانیش زۆر توڕە بوون لەو بابەتە و دەیانگوت بەهەموو توانای خۆمان دژی ئیلحادین، دژی ئەوەین کەدەستدرێژی بکرێتە سەر پیرۆزییەکانی ئایین بە هەموو شێوەکانییەوە".

# یاسر عەرەفات نهێنییە تایبەتییەکانی لای کوردێک دەدرکێنێ

**ڕووداو -هەولێر**

وەک خۆی گوتی ئەو زۆر دەمێک بوو حەزی دەکرد سەر لە کوردستان بدات، تەنانەت لەشەستەکانەوە کە لە کۆلێجی پزیشکی زانکۆی بەغدا دەیخوێند تامەزرۆی ئەوەبوو کوردستان ببینێت، بەڵام ئەم حەزە لەمێژینەیەی تا هەفتەی رابردوو وەدینەهات.

د.ئەشرەف کوردی، یەکێکە لەبەناوبانگترین پزیشکانی وڵاتانی عەرەبی کەپسپۆڕە لەبواری دەماردا وتاچەند ساڵێک لەمەوپێش وەزیری تەندروستی ئوردن بووەو کوڕەکەشی وەزیری کاروباری تەکنەلۆجی بووە. لە چەند رۆژی رابردوو بە بانگهێشتێکی تایبەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە هەولێر " چەندین جار سەرۆک بارزانی بانگهێشتی کوردستانی کردم، بەڵام ئەو دەرفەتەم بۆنەڕەخسا بێم، دواجار نامەیەکی سەرۆک بارزانیم بەدەست گەیشت ونووسیبووی کەی لەفرۆکەخانەی هەولێر دەتبینین؟ منیش دەمودەست وەڵامی نامەکەم دایەوەو گوتم بەم نزیکانە سەرلەکوردستان دەدەم، ئەوەبوو دوای چەند رۆژێک هاتم".

د.ئەشرەف بەر لەوەی بگاتە ئێرە وێنەیەکی دیکەی لەمێشکدا بووە لەبارەی هەولێر وکوردستان و وایدەزانی هەولێر گوندێکەو هیچ سیمایەکی شارستانی نییە لەوبارەوە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی" لەناو فرۆکە بەر لەوەی بگەم وامدەزانی هەولێر گوندێکی بچووکەو هیچ شەقامی نییە یان شەقامەکانی زۆر بچووکن،خانووەکانی کەلاوەن، وام هەستدەکرد هیچ لایەنێکی پێشکەوتنی ژیان کە لەوڵاتانی دنیا دەیبینی لەهەولێردا نییە،بەڵام کە لەفرۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو سەلاحەدین رۆیشتین وردە بۆچوونم گۆڕا و بینیم هەولێر پێشکەوتووەو زۆر جیاوازە لەو وێنەیەی لەخەیاڵمدابوو".

کە لێمانپرسی ئایا ئەو وێناخراپەی لەبارەی هەولێروکوردستانەوە هەیبووە هۆیەکەی بۆوێناکردنی کورد لەمیدیای عەرەبی ناگەڕێتەوە، د.ئەشرەف سێ جار لەسەر یەک گوتی "بەڵێ راستە میدیای عەرەبی لەپشت ئەوەبووە من ئەو بۆچوونەم لەبارەی هەولێروکوردستانەوە هەبێت".

د.ئەشرەف زۆر بەوە دڵخۆشبوو کەلەو شوێنانەی ئەو سەری لێداون زۆر کارمەند وفەرمانبەری ژنی بینیوە، لەزانکۆ و نەخۆشخانە وفەرمانگە حکومییەکان.

د.ئەشرەف کوڕی کەسایەتی ودیپلۆماتکارو نووسەری نێوداری کوردی عەرەبینووس عەلی سەیدۆ گۆرانییە کە خاوەنی فەرهەنگێکی عەرەبی-کوردی وچەندین پەرتووکی دیکەیە لەوانە "من عمان الى العمادیە-لەعەممانەوە تا ئامێدی" کە گەشتنامەیە. ئەم بنەماڵەیە بەبنەچە خەڵکی ئامەدی باکووری کوردستانن وسێسەت ساڵ لەمەوبەر بەهۆی زۆرداری تورکان بڕیاریانداوە بەرەو ئوردن کۆچ بکەن ولەوێ جێگیربن ودواتر بەشێکی بنەماڵەکە روویان لە شاری ئۆرشەلیمی قودسی فەلەستین کردووەو لەوێ بۆماوەیەک جێنشین بوون وپاشان چوونەتە شاری خەلیل کە بەپێی گوتەی د.ئەشرەف ژمارەیەکی زۆری ماڵباتی کوردی لەو شار ەدا دەژین.

د.ئەشرەف باسی لەوەکرد باوکی هەمیشە داوای لەمنداڵەکانی دەکرد خۆیان فێری کوردی بکەن" باوکم هەمیشە هانیدەداین فێری زمانی کوردی بین، ئەو لە داپیری خۆیەوە فێری کوردی بوو ئامانجیشی ئەوەبوو کە بتوانێت شارەزای فەرهەنگ ورۆشنبیری کوردی بێت وبەخەڵکی دنیای بناسێنێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو دەرفەتەمان بۆ نەڕەخسا خۆمان فێری کوردی بکەین". باوکی د.ئەشرەف هەستی کوردایەتی زۆر بەهێزبووە وهەوڵیداوە کوردانی ئوردن رۆڵێکی بەهێزیان هەبێت بۆیە پارچە زەویەکی خۆی بەخشیوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەکی کوردی بەناوی (کۆمەڵەی خێرخوازیی سەلاحەدین ئەیوبی)کەبووەتە بنکەی چالاکی و فێرکردنی کوردی و یارمەتیدانی خێزانەکانی کورد لە ئوردن.

لەبارەی کتێبەکانی باوکی، د.ئەشرەف ئاماژەی بەوەدا باوکی فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبی داناوە، بەڵام بەر لەوەی


د. ئەشرەف لە دەستە چەپی عەرەفات بەر لەوەی بۆ چارەسەری بنێردرێتە دەرەوە

چاپی بکات کۆچی دوایی کرد و دواترئەوان چاپیان کردووە، پاشان زانیویانە باوکیان چەندین وشەی کوردی نووسیووە وبەنیاز بووە بیخاتە ناو فەرهەنگەکەوە، بەڵام مەرگ مەودای نەداوە وئێستا ماون و وەزیری رۆشنبیری کوردستان داوای لێکردووە کەئەو وشانەی بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی دووبارە فەرهەنگەکە بە شێوەیەکی باشترو نوێتر چاپ بکەن.

د.ئەشرەف ئاماژەی بەوەدا کەبەر لەچوونی بنەماڵەی ئەوان بۆ ئوردن، ئەو وڵاتە هیچ کوردی لێنەبووەو بنەماڵەی ئەوان یەکەمین ماڵباتی کوردی بووە بگاتە ئەوێ و ئێستا 7000 کورد لە ئوردن دەژین، هۆکاری سەرکەوتنیشیان ئەوەیە باپیری ئەوان هاتووەتە ئوردن دەستی بەکڕینی زەویوزارکردووەو بەم هۆیەوە زۆر دەوڵەمەندبوونە،هەروەها ئەوان هەوڵی خوێندن وخۆپێگەیاندنیانداوە و زۆر دڵسۆزی ئوردن وبنەماڵەی شابوون چونکە وەک خۆی گوتی ئوردن وبنەماڵەی پاشایەتی هەموو هاوکارییەکی بنەماڵەی ئەوان وکوردانی کردووە .باوکی یەکەم وەزیری پەروەردە بووەو بنەماڵەکەشیان پێش هەموو کەس تراکتۆری بۆ کشتوکاڵ کردن بردە ئوردن.

دوکتۆر ئەشرەف ئاماژەی بەوەدا کەچگە لەبنەماڵەی ئەوان بنەماڵەیەکی دیکەی بەناوبانگ لە ئوردن هەن بەناوی جومعە کە کوردی رۆژئاوای کوردستان "کوردستانی بندەستی سوریا"ن ویەکێک لەئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بەناوی سەعدەدین جومعە کاتی خۆی بووەتە سەرۆک وەزیرانی ئوردن وبرایەکیشی چەند جارێک بووەتە وەزیر و ئەندام پەرلەمان، کوڕی سەعدەدین جومعەش بەسمەی خوشکی شاحوسێنی هێناوە، هەروەها یەکێکی دیکەی بنەماڵەی جومعە ژنێکی دیکەی لە بنەماڵەی شا حوسێن هێناوە.

ئاشکرایە ئوردن وبنەماڵەی شانشین بەتایبەتی شاحوسێن لە کاتی شەڕی نێوان عێراق-ئێران وئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال لەدژی کورد پەیوەندییەکی زۆر بەهێزو تایبەتییان لەگەڵ رژێمی سەدام حوسێن هەبوو، بەهەمووشێوەیەکیش پشتیوانییان لەو رژێمە دەکرد. بەڵام د.ئەشرەف پێچەوانەی ئەوە دەڵێ بنەماڵەی شانشینی ئوردن هەمیشە هەوڵیانداوە دەستی هاوکاری ویارمەتی بۆ کوردی ئوردن وعێراق وشوێنەکانی دیکەش درێژبکەن وهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن "تەنانەت ئوردن چەندین جار داوای لەسەدام کردووە کێشەی کورد چارەسەربکات، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەم داواکارییانە نەبووە".

دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی ئێستای ئوردن لەپەیوەند بە فیدرالیزم لە عێراقدا بەتایبەتی چونکەلەسەرەتای نەوەتەکان شاحوسێن پێشنیازی فیدرالیەکی سێ هەرێمی بۆ عێراق کرد. د.ئەشرەف کوردی پێیوایە ئەم پرسە پەیوەندی بە خەڵکی عێراقەوە هەیەو ئەوەی خەڵکی عێراق بڕیاری لەسەربدەن حکومەتی ئوردنیش پێی رازییە، بەڵام ئەو وەک کەسێک رای ئەوەیە" خەڵکی کوردستان ماوەیەکی زۆرە هەوڵدەدات سەربەخۆ بژی وکوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەک فیدراڵی،چەندین ساڵیشە بەوهیوایە دەژین، هیوادارم وتکا لەخوای گەورە دەکەم ئەو هیوایەی کورد بێنێتەدی".

د.ئەشرەف ماوەی 20 ساڵ پزیشکی تایبەتی سەرۆکی کۆچکردووی دەسەڵاتی فەلەستینی یاسر عەرەفات بووەو پەیوەندییەکی زۆر نزیک ودۆستانەشی لەگەڵدا هەبووە. یاسر عەرەفات ساڵی 2000 بەهۆی نەخۆشی لەفەرەنسا کۆچیی دوایی کرد، بەڵام کوردی تائێستاش هەرسوورە لەسەر ئەوەی عەرەفات ژەهرخوارد کراو کوژرا. لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ عەرەفات، دوکتۆرەکەی ئاماژە بەوە دەدات عەرەفات زۆر متمانەی بەو بووەو لە هەر شوێنێک تووشی نەخۆشییەک ببووایە یەکسەر بەدوای ئەویدا دەناردو

**د.ئەشرەف کوردی**

- لەساڵی 1937 لە عەممانی پێتەختی ئوردن لەدایکبووە.
- لەساڵی 1961 کۆلێجی پزیشکی لەبەغدا تەواو کردووە.
- ساڵی 1974 بڕوانامەی شەرەفی لەبواری پزیشکی لەبەریتانیا وەرگرتووە.
- وەزیری تەندروستی ئوردن بووە و ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە.

پەیوەندییەکەی هێندە لەگەڵ بەهێزبووە کەهەندێکجار نهێنیشی لا درکاندوون. بەڵام دوکتۆر ئەشرەف ئامادەنەبوو هیچ نهێنییەک ئاشکرابکات چونکە وەک خۆی گوتی " پزیشک بەهیچ شێوەیەک نابێت هیچ نهێنییەکی نەخۆشەکەی ئاشکرابکات".

ئەگەرچی هەڵوێستی یاسر عەرەفات وفەلەستینییەکان بەرامبەر کورد ئاشکرابووە، کە هەمیشە پشتیوانی رژێمی سەدام حوسێنیان کردووەو کوردییان وەک بەکرێگیراوی ئەمریکاوئیسرائیل زانیوە، کەچی د.ئەشرەف بەپێچەوانەوە ئاماژەی بەوەدا یاسر عەرەفات زۆر کوردی خۆشدەویست و بەبێ سنووریش متمانەی بە کورد دەکرد. کەباسی نموونەیەکی هەڵوێستی یاسر عەرەفاتمان بۆ کرد دەربارەی کورد کاتێک لەکۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی 1991 لەلێدوانێکدا بۆ رادیۆی مۆنتیکارلۆ گوتی " عێراق چی لە کوردە یاخیبووەکان بکات خۆلەجیاتی گوللە مریشکی سوورکراوەیان بەسەردا نابارێنێ"، هەروەها لەبارەی ناوونانی پێشمەرگە بە رێگرو کرێگرتە لەلایەن فەلەستینییەکان و بەتایبەتیش لەلایەن رێکخراوی حەماسی ئیسلامی، پزیشکە تایبەتییەکەی عەرەفات



**7000 کورد لە ئوردن دەژین**

**عەرەفات ژەهرخواردکرا و فەلەستینییەکان دەستیان تێدا بوو** (فۆتۆ:ڕووداو)

گوتی " بەراستی ئەوە یەکەمجارە گوێم لەوقسانە دەبێت، خۆتاندەزانن زۆرجار راگەیاندن قسەو لێدوانەکان دەشێوێنێ".

لەبارەی رۆژە دواییەکانی عەرەفات، پزیشکە تایبەتییەکەی عەرەفات ئەوەی بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا کرد کە دوای ئەوەی بە نەخۆشبوونەکەی عەرەفاتی زانیوە ئاگاداری بەرپرسەفەلەستینییەکانی کردووە کە داوا لەئیسرائیلییەکان بکەن بۆ ئەوەی رێگەی بدەن سەردانی عەرەفات بکات ئەوانیش هەموو ئاسانکارییەکیان پێشکەشکردووە" کەچووم عەرەفات بەتەنیا لە ژوورێک بوو، زۆر ماندوو وشەکەت ببوو، پەڵەیەکی

**هیوادارم کوردستان ببێتە دەوڵەت**

سوور لەسەر دەمووچاوی هەبوو، رەنگی بەشێوەیەکی سەرسوهێنەر زەرد ببوو، عەرەفات بەسەرسوڕمانەوە پێیگوتم ئەوە چۆنت زانی نەخۆشم، گوتم هەموو دنیا پێیانگوتم".

د.ئەشرەف دوای ئەوەی چاوی بەعەرەفات کەوتووە، دمودەست پێشنیازی ئەوەی کردووە بینێرنە ئەوروپا بۆچارەسەرکردن وئەوەبوو فرۆکەیەکی تایبەتی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا جاک شیراک ناردرا بۆ گواستنەوەی عەرەفات بۆ فەرەنسا، لەوێ چەندین پشکنینی پزیشکی بۆ کراوە، دکتۆرە فەرەنسییەکان بە ئیمەیلێک د.ئاشرەفیان ئاگادارکردووەتەوە کە عەرەفات تووشی ڤایرۆسی HIV بووە کەیەکێکە لەهۆکارەکانی تووشبوون بەنەخۆشی ئێیدز "بەڵام من دکتۆرە فەرەنسییەکانم ئاگادارکردەوە کە من پشکنینی خوێنم بۆ عەرەفات کردووەو بە هیچ شێوەیەک تووشی نەخۆشی ئێیدز نەبووە، ئەوان دەیانویست عەرەفات لەپێش چاوی فەلەستینییەکان بشکێنن بۆیە دەیانگوت ئایدزی هەیە".

دوای دوو چرکە لە ناشتنی عەرەفات،د.ئەشرەف پەیوەندی بە مەحموود عەبباس (ئەبومازن)ی سەرۆکی دەسەڵاتدارێتی فەلەستین کردووەو داوایان لێکردووە کە عەرەفات لە گۆڕ دەربێنن تاپشکنینی بۆبکەن وبزانن هۆی مردنەکەی چییە " بەڵام ئەبومازن پێیگوتم ئەوە زۆر زەحمەتە و هەرای لێدروست دەبێت،بەڵام من پێمگوت ئەوەی بەسەر عەرەفاتدا هات بەسەر تۆشدا دێت، ئەوەبوو بەقسە لەگەڵ یەک بەشەرچووین و ئەو دەنگی بەرز کردەوەو منیش دەنگم بەرزکردەوە وتەلەفۆنمان داخست".

د.ئەشرەف سەرەرای دووبارەکردنەوەی ئەوەی عەرەفات ژەهرخوارد کراوە، چەندین لایەنیش بەسوودمەند دەزانێ لەو ژەهرخواردکردنە، لەسەروویانەوە چەند لایەنێکی فەلەستینی"چونکە بەشێک لەفەلەستینییەکان لە بزووتنەوەی فەتح بەهیچ شێوەیەک عەرەفاتیان خۆشنەدەویست وپێیوانوابوو عەرەفات ئاستەنگ ورێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی ئەوان بۆیە بەهاوکاری ئیسرائیلییەکان و وەزیری ئەوکاتی بەرگری ئیسرائیل موفاز ئەوکارەیان کرد، هەروەها فەرەنسییەکانیش رۆڵیان لە ژەهرخواردکردنی عەرەفاتدا هەبوو، ئەمەریکاییەکانیش پێیانخۆشبوو".

# 822 ملیۆن دینار بۆ گەشتی زانستی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین و سلێمانی تەرخاندەکرێ

## بەرپرسێکی زانکۆ "ئەوە بەهەدەردانی پارەیە، ئەو پارەیە دوو کۆلیژی پێ دروستدەکرێ"

**ڕووداو -هەولێر**

ساڵانە بەملیۆنان دینار بەناوی گەشتی زانستی بۆ قوتابیانی زانکۆ خەرجدەکرێ و، مامۆستایانی زانکۆش ئەوگەشتانە بەشتێکی زیاد دەزانن و پێشنیاریش دەکەن ئەو گەشتە تەنیا بۆ ئەو بەشانە بێت کە گەشتی زانستی لە پرۆگرامەکانی خوێندنیاندا هەیە.

هەموو ساڵێک لەگەڵ تەواوبوونی کۆرسی یەکەمی خوێندن مەسەلەی گەشتی زانستی قوتابیانی قۆناخی چوارەمی زانکۆ دێتە پێشەوەو زۆرجاریش بەهۆی خەرجنەکردنی پارە بۆ ئەو گەشتانە قوتابیانی زانکۆ دەست بەمانگرتن دەکەن، هەروەک چۆن قوتابیانی زانکۆی سلێمانی ئەمساڵ بەهۆی ئەنجامنەدانی گەشتی زانستی، دەستیان دایە مانگرتن.

مامۆستایان و قوتابیان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەو گەشتانە ئەوەندەی گەشتی تەرفیهین گەشتی زانستی نین و پێیانوایە ئەو جۆرە گەشتانە تەنیا بۆ کات بەسەر بردنن.

د.سەعید سلیڤانەیی،یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بۆ کاروباری زانستی، گەشتی زانستی "لەرووی زانستییەوە" بە گرنگ دەزانێت، بەتایبەتیش بۆ ئەو بەشانەی کە گەشتی زانستی لەپرۆگرامی خوێندنیاندا هەیە، وەک بەشی شوێنەوار، جیۆلۆجی و خاک و ئاو.

ئەو هەرچەند لەگەڵ ئەو جۆرە گەشتانە دایە " بەڵام نەک وەکو ئەو گەشتانەی بەناوی زانستییەوە ناونراون، چونکە ئەوانە گەشتی زانستی نین، بەڵکو زیاتر گەشتی کات بەسەربردنن، ئێمەش لەگەڵ ئەو گەشتە تەرفیهیانە داین، چونکە پێویستە قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان لەرێگەی ئەو گەشتانەوە یەکتری بناسن".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون ئەمساڵ تەنیا بۆ کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین بڕی 447 ملیۆن دینار بۆ گەشتی زانستی تەرخانکراوە.

جەمال عەبدوڵلا وتەبێژی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە (ڕووداوی) راگەیاند کە بڕی 375 ملیۆن دیناریش بۆ گەشتە زانستییەکانی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی تەرخانکراوە.

مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدین، کە حەزی نەکرد ئاماژە بەناوی خۆی وکۆلیژەکەی بدرێ گوتی "تەنیا بۆ کۆلیژەکەی ئێمە 77 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، لەکاتێکدا 500 قوتابی لەو گەشتە زانستییە سوود مەند دەبن، بەڵام بەهەزار تکا و پاڕانەوە 2 ملیۆن 500 هەزار دینار بۆ لێژنەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ تەرخانکراوە، لەکاتێکدا 2500 قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەکان دەکەن".

تاکە پێشنیاری ئەو مامۆستایە ئەوەبوو کە "چیتر بەناوی گەشتی زانستی ئەو پارەیە خەرجنەکردێت با ناوی بنێن گەشتی تەرفیهی، نەک زانستی، چونکە ئەو گەشتانەی بەو ناوە دەکرێن بەس زانستی نین".

هەروەها د.سەعید لەبارەی تەرخانکرنی ئەو بڕە پارەیە گوتی "ساڵانە بڕێکی زۆر پارە بۆ گەشتی زانستی تەرخاندەکرێت لەکاتێکدا زانکۆ بە دەیان کێشەی وەک


لە گەشتێکی زانستیدا قوتابیانی کۆلیژێکی زانکۆی سەلاحەدین لە دریم ستی دهۆک یاری دەکەن

کەمی هۆڵی خوێندن و بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان و کۆنی تاقیگەکانی هەیە".

سلیڤانەیی گوتیشی"ئەوە بەهەدەردانی پارەیە، ئەو پارەیەی بۆ ئەو گەشتانە تەرخاندەکرێ، دەتوانرێ دوو کۆلیژی بەهەموو پێداویستییەکانەوە پێ دروستبکرێ".

زۆربەی جاران ئەو جۆرە گەشتانە ئەوەندەی دەبنە گەشتی گەڕان بەنێو هاوینەهەوارەکانی کوردستان و مانەوە لەهۆتێلەکان، ئەوەندە نابنە گەشتی زانستی و مانەوە لەزانکۆکان.

د.سەعید لەو بارەیەوە هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ سەرپەرشتیارانی ئەوگەشتە و گوتی "ئەو گەشتانە تا چەند دەبنە گەشتی زانستی یان تەرفیهی ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی گەشتەکان دەکەن، دەبێ بەرنامەیەکیان هەبێ بۆ سەردانی ئەو بەشانەی هاوشێوەی یەکترن، بۆ ئەوەی پەیوەندی لەنێوان زانکۆکانی کوردستان دروست بکەن، بەڵام بەداخەوە لەو گەشتە زانستیانە ئەوەندەی قوتابی لەهاوینەهەوارەکان و هوتێلەکان دەمێنێتەوە ئەوەندە لە زانکۆکە نامێنێتەوە".

هەرچەندە مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ گەشتی زانستیدا نین، بەو جۆرەی کە ئێستا دەکرێت، بەڵام قوتابیانی زانکۆ هەرچەندە گەشتەکە بەگەشتێکی "تەرفیهی"ش ناو دەبەن، بەڵام هێشتاش سازدانی گەشتەکان بە"گرنگ" دەزانن.

نگین ناسر، کە قوتابی قۆناخی چواری بەشی ئاماری کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددینە، یەکێکە لەو قوتابیانەی کە ئەمساڵ بەشداری گەشتی زانستی کۆلیژەکەیانی کردووە، گەشتەی بە گەشتێکی "خۆش" ناوبرد.

نگین گوتی "گەشتێکی زۆر خۆشبوو، لەماوەی چوار ساڵی زانکۆدا خۆشی وامان نەبینیوە، چونکە لەو گەشتە زیاتر تێکەڵاوی یەکتر بووین، هەلێکی باشبوو بۆ ئەوەی باشتر یەکتر بناسین".

بەڵام سەبارەت بەلایەنی زانستی ئەو گەشتە، نگین دانی بەوەدانا کە "هیچ لایەنێکی زانستی تێدا نەبوو، چووینە زانکۆی دهۆک، ئەوەندە تێگەیشتین بەشی ئاماریان نییە".

ساڵانە دواکەوتنی گەشتی زانستی، هەرا لەناو زانکۆ دەنێتەوەو زۆرجار لەژێر فشاری قوتابیان ئەنجامدەدرێ، بۆیە ئێستا پێشنیاری ئەوە هەیە گۆڕانکاری بەسەر ئەو گەشتە زانستیانەدا بێت.

د.سەعید سلیڤانەیی لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆ پێشنیارمان کردووە، گەشتی زانستی کەمبکرێنەوە و، یان تەنیا تایبەت بکرێ بۆ ئەو بەشانەی گەشتی زانستی لەپرۆگرامی خوێندنیاندا هەیە".

سەبارەت بەجێبەجێکردنی ئەو پێشنیارەش، سلیڤانەیی گوتی "ئەوە دەوەستێتە سەر وەزارەت، وەزارەت بڕیار دەدات ئەو پێشنیارە بکرێتە بڕیار یان نا".

بەڵام مامۆستا سامان حوسێن، سەرۆکی بەشی ئامار لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا نییە و دەڵێت "ئەگەر گەشتەکە دەکرێ با بۆ سەرجەم قوتابیانی زانکۆ بێت".



## 6 خوێندکاری کورد لەتورکیا سزا دەدرێن

رووداو- ئاژانسەکان

◆ شەش خوێندکاری کورد، کە لەساڵی 2001 داوای خوێندنی بەزمانی کوردییان لە تورکیا کردبوو، لەلایەن دادگایەکی ئەنقەرە بەتۆمەتی"ئەندامێتی و هاریکاری و حەواندنەوەی رێکخستنی نایاسایی"، سزای 6ساڵ و 3 مانگ زیندانی بۆ بڕینەوە بڕییەوە کە لە چەند زانکۆیەکی کوردستان دەکەن. هەروەها سزای 3 ساڵ و 9 مانگ زیندانیشی بۆ هەر یەک لەحوسێن بیلگین و حەیدەر کەرەجە بڕییەوە.

### مەسعود تەک سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی باکووری کوردستان:

# هەندێک قسەی بەرپرسانی باشوور دڵمان دێشێنێ



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK،سەبارەت بە رەوشی کورد لەباکووری کوردستان رایگەیاند چارەسەری دۆزی کورد لەو پارچەیەدا، هەندێک پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. بەتایبەت پاش تۆمارکردنی ئەو داوایەی بۆ داخستنی پارتی دادوگەشەپێدان AKPهاتووەتە گۆڕێ، چاوەڕوان دەکرێتAKP بگەڕێتەوە سەر هێڵی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپاو لەو پرۆسەیەشدا بەناچاری بەپێی پێوەرەکانی کۆپنهاگن دان بە هەندێک لە مافەکانی کورد بنێت.

PSK کە حیزبێکی باکووری کوردستانە،بە پشت بەستن بە مێژووی سیاسی تورکیا لەو بڕوایەدایە کە هیچ گۆڕانێک لەتورکیا لەرێگای میکانیزمی ناوخۆییەوە نایێتەدی، بەڵکو گۆڕان لە تورکیا " هەمیشە بە فاکتەری دەرەکی بووە".هەر لەو روانگەیەشەوە مەسعود تەک سەرۆکی PSK لەو بڕوایەدایە هەوڵی تورکیا بۆ بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، ببێتە هۆی ملدانی تورکیا بۆ مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپا لەو پرۆسەیەشدا لەوانەیە هەندێک لەمافەکانی کورد مسۆگەر ببن، بەڵام لە هەمانکاتدا لەوبڕوایەدانییە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپادا چارەسەر ببێ "کێشەی باکووری کوردستان بەو ئەندامبوونە چارەسەر نابێ، بەڵکو رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات لەرێگای ئاشتی و دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت".

هەر لە چوارچێوەی پەیوەست بە یەکێتی ئەورووپاوە، مەسعود تەک سەردانی سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا بارۆتۆ بۆ تورکیاو دانیشتنی لەگەڵ فراکسیۆنی پەرلەمانتارانی کوردی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP و ئاخافتنە راشکاوانەکەی لەپەرلەمانی تورکیا سەبارەت بە مافە کەلتورییەکانی کورد بە ئەرێنی لێکدەداتەوەو لەهەمانکاتدا ئەوەش بەبیردێنیتەوە کە "لەوانەیە ئەوقسەیەی بارۆسۆ لەلای ئێمەی کورد تۆزێک تازە بێت، بەڵام زۆر بەڵگەنامە و نووسراوی یەکێتی ئەوروپا هەنە دەستنیشان دەکەن پرسی کورد پرسی تیرۆر نییە، بەڵکو پرسی نەتەوەیەکەو دەبێ بەپێی یاسای نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێت".

بەپێی پێوەرەکانی کۆپنهاگن، دەبێ تورکیا وەک مەرجەکانی ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا جێبەجێیان بکات بریتین لە رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، چاکسازیی دەستوریی و رێزگرتن لەبنەماکانی بازاڕی ئازاد.

مەسعود تەک دەڵێ، کورد بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی یەکێتی ئەورووپا، لەوانەش پەیماننامەی ئاسایش و هاریکاری یەکێتی ئەورووپا و رێککەوتننامەی پاریس دەتوانێ داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات و ئەو بنەمایە بەکاربێنێ.

سەرۆکی PSKیش پێیوایە AKP و رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی ئەو حیزبە و حکومەت هیچیان پێ نییە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێشیوایە ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەدەنە خەڵکی باکووری کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکانیانە "ئەو بەڵێنانەیAKP ئەو واتایە ناگەیێنن کە AKP بڕوای بەدیموکراسی و چارەسەری کێشەی کورد هەیە" .AKP لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا زۆر دەنگی لەباکووری کوردستان بەدەستهێنان، مەسعود تەک ئەوە بەوە لێکدەداتەوە کە "خەڵک دەزانێت لەناو پارتەکانی تورکیادا لەو باشتر نییە، ئەگەرنا AKP هیچ پێشینەیەکی ئەوتۆی خەباتی لەپێناو دیموکراتیزەکردنی تورکیادا نەبووەو پرۆگرام و رێبازەکەی دیموکراتی نییە و نایەوێت تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی، AKP دیموکراسی تەنیا بۆ خۆی دەوێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی پێ بپارێزێت".

ئەو لەو پێوەندییەدا رەخنە لە پێناسەکردنی بەرپرسانی باشووری کوردستان بۆ AKP بەدیموکراسیخواز و خوازیاری کێشەی باکووری کوردستان دەگرێ و دەڵێ "هەندێک قسە هەیە دڵمان دێشێنێ". هەروەها ئەوەش

> **هیوادارین PKK لە لیستی تیرۆری ئەورووپا بێتە دەرەوە**

روونەکاتەوە هەرجۆرە پێداگیرییەکی لەسەر ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا بەهۆی دیموکراسیخوازی ئەوانەوە نییە بەڵکو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیانە لەبەرامبەر سوپا، چونکە یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامێتی لەیەکێتی ئەورووپادا ئەوەیە کە دەبێ دەسەڵاتی سوپا بەسەر حکومەتدا نەبێ و خاوەن دەسەڵاتێکی سیڤیل بێت.

مەسعود تەک، ئاماژە بەوە دەدات کە AKP بە هاوکاری جەماعەتی فەتحوڵڵا گیولەن دەیەوێ ئەو 53 شارەوانییەی بە دەست DTP وەون لە هەڵبژاردنەکانی 2009دا لە دەستیان دەربێنێ.

PSK دەرهێنانی PKKلە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەورووپا بە شتێکی ئەرێنی دادەنێ ئەگەر دەزگا باڵاکانی یەکێتی ئەورووپا رازیببێ دوای ئەوەی دادگایەکی ئەو بڕیارەی دا و سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورووپا جێبەجێی نەکرد. سەرۆکی PSK لەو بارەوە دەڵێ" بەبڕوای ئێمە PKK حیزبێکی تیرۆریستی نییە، ئەگەر باسی تیرۆریستبوون بکرێت کەس لەدەوڵەتی تورکیا تیرۆریستر نییە، توندوتیژی PKK بەرهەمی سیاسەتی رەگەزپەرستانەو دژە کوردی دەوڵەتی تورکیایە، ئەگەر مافی کوردان پێشێل نەکرابایە PKKش دروست نەدەبوو، بۆیە ئێمەش خوازیار و هیوادارین PKK لەلیستی تیرۆری یەکێتی ئەورووپا بێتەدەرێ"، بەڵام لەو پێناوەدا بانگەوازی PKKدەکات بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانی لە ئەورووپا و دەڵێ " بەڵام پێویستە PKK ئەوەش بزانێت کە تەنیا بەهۆی ئەو چالاکییانەی لەدژی تورکیا ئەنجامیانداوە نەخراونەتە لیستی تیرۆریستانەوە، بەڵکو ئەوکارو چالاکییانەش کە لایەنگرانیPKK لەئەورووپا دەیکەن بووە هاریکار تا بکەوێتە لیستی تیرۆرەوە".



مەسعود تەک (فۆتۆ:رووداو)

لەوماوەیەی دواییدا پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەرەو دروستبوونەوە دەچن، هەرچەندە تورکیا بە ناوی (دەسەڵاتداری باکووری عێراق) ناوی هەرێمی کوردستان دێنێ بە پێچەوانەی دەستووری عێراق و ئێستاش کەتووەتە کار بۆ کارکردن لە کێشەی کەرکووک کە چەندین جار رایگەیاندووە بە ئەنجامی ریفراندۆمێک رازینابێ کەرکووک بخاتە سەر هەرێمی کوردستان. ئەحمەد تورک سەرۆکی فراکسیۆنی DTP لە پەرلەمانی تورکیا، لەکاتی سەردانەکەی بۆ باشووری کوردستان گوتی خەڵکی باکوور خوازیاری ئەوەن پەیوەندیی لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بەڵام بەمەرجێک لەسەر حسابی تەڤگەری کورد لەباکوور نەبێت، مەسعود تەکیش هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ "هەموو پارت و رێکخراوەکانی پارچەکانی کوردستان مافی ئەوەیان هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا پەیوەندییان هەبێت، بەڵام دەبێ پەیوەندییەکە لەسەر حیسابی گەل و رێکخستنی ئەو پارچەیە نەبێت".هەروەها گوتیشی " " نابێ هەم مام جەلال و هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی وەها بنوێنن کە دڵی کوردی باکوور برەنجێنێ".

سەرۆکی PSK سەردانی شاندیDTP بۆ باشووری کوردستان بەگرنگ هەڵسەنگاند و گوتی خۆزگە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشیان بکردبایەو داوایان لێ بکردبایە رۆڵ لە زەمینە خۆشکردنی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە باکووردا رۆڵ بگێڕێت.لەبارەی نەبینینی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد تورک بە تەلەڤزیۆنی CNN- turk ی راگەیاند"پێشتر بەرێز مەسعود بارزانی بۆ 2008/4/27 کاتی دابووە ئێمە، بەڵام ئێمە نەمانتوانی ئەوکات بچین و کاتێک ئێمە دواتر چووین نەمانتوانی ببینین، لەگەڵ بەرپرسانی پارتی دانیشتین، بەڵام خۆزگە بمانتوانیبا مەسعود بارزانی ببینین".

لەکاتێکدا لەو مانگەدا شەڕو پێکدادانەکان لە باکووری کوردستان بە دژواری لەنێوان گەریلاکانیPKK و سوپای تورکیادا گەرمتربووە، مەسعود تەک دەڵێ لەقۆناغی ئێستادا شەڕی چەکداری پرسی کورد چارەسەر ناکات و "پێویستە PKKش بیر لە چەکدانان بکاتەوە". مەسعود تەک هەروەها گوتی دەوڵەتی تورکیا ئێستا بوونی چەکدارانەیPKK ی کردووەتە بیانوو و دەڵێ تا شەڕ بەردەوام بێت ناتوانین هەنگاوێکی دیموکراتیک بهاوێژین.

لەسەر بوونی بنکەو بارەگاکانیPKK لەهەرێمی کوردستان تەک دووپاتیکردەوە کە ئەوە بووەتە بیانوویەک بۆ دەوڵەتی تورکیاوPKKش دەبێ ئەوە لەبیرنەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆستەمی زاڵ نییە و ناتوانێت هەموو کارێک بکات.

# کورد دەبێ بڕیارێکی بوێرانە بدەن



جولیا دوین*

هەفتەی رابردوو کاتم لەگەڵ کورداندا بەسەربرد، یەکەمجارە لە واشنتن رۆژێکی تەواو تایبەت بکرێت بە کەرکووک، کە بەکێشەدارترین شاری بەنەوت دەوڵەمەندی عێراقی دەژمێردرێت و بە ئۆرشەلیم" قودسی"کورد ناسراوە.

ئینستتیوتی کوردی لەواشنتن ژمارەیەک قسەکەری کۆکردبووەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مادەی 140 لە دەستووری عێراق و رێگەدان بەدانیشتووانی کەرکووک بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان.

ئەمەریکاییەکان کە عێراقییان داگیرکردووە وەک پێویست هاوکاری کوردە هاوپەیمانە بەوەفاکانیان ناکەن، ئەمەریکاییەکان و تورکەکان" کە ئەوانیش هاوپەیمانی ئێمەن" نایانەوێت دانیشتووانی کەرکووک دەنگ لەسەر ئەوە بدەن شارەکە بخرێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان . شارەکە لە رووی مێژوویییەوەو هەتا هاتنەسەر دەسەڵاتی سەدام حوسێن بەشێک بووە لەکوردستان، لەساڵی 1986 سەدام دەستیکرد بە راگواستنی زۆرترین کوردی کەرکووک ونیشتەجێکردنی عەرەب لەشوێنی ئەوان ودابڕینی ناوچەکانی دەوروبەر لەشارەکە.

سەرنجڕاکێشترین شت کە لە گفتوگۆکاندا گوێم لێبوو ئەوەبوو کێشەی کەرکووک تا رادەیەک کێشەی نێوان موسڵمان وموسڵمانە،هەندێک لەموسڵمانە سوننییەکان دەیانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەسەر کەرکووکدا بگرێت چونکە کورد سوننین، بۆ ئەوان ئەوە باشترە لەوەی شارەکە بکەوێتە دەست شیعەکان کە کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدایان کردووە، ئەگەرچی تورکەکانیش سوننیین، بەڵام بەهۆی ناکۆکی ورقی لەمێژینەی نێوان کوردو تورک، تورکەکان نایانەوێت کەرکووک رادەستی کورد بکرێت.

کورد بەهۆی ئەو ستەم وزۆرداریەی لەلایەن شیعەو سوننییەکانەوە لێیانکراوە، خۆیان بە "جوولەکەی جیهانی عەرەبی" ناودەبەن، هەرشتێک بەسەرکورداندا بێت کاریگەری راستەوخۆی بەسەر رۆژهەڵاتی ناڤینەوە دەبێت، هەربۆیەش حوولەکە کڵاو "یارمولکە" لەسەرەکان و رێکخراوە زایۆنیستەکانیش لە ریزی دواوەی هۆڵەکە دانیشتبوون وبەهێمنی گوێیان دەگرت.

بۆ من دەرفەتێکی زۆر خۆشبوو کە لە مانگی حەوتی 2004 سێ هەفتەم لە کوردستانی عێراق " هەولێر، دهۆک، سلێمانی" وکوردستانی تورکیا" وان، ئورفە، ماردین، دیاربەکر، سلۆپی"بەسەربرد، ئەمە جگە لەوەی ساڵێکیش هەوڵمدا و خۆم فێری شێوەزاری سۆرانی کرد. شەوی شەممە من وکچەم بەشداریمان لەئاهەنگی بیست ساڵەی دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانی کورد KNC کرد و تا 11 ی شەو شایی وهەڵپەرکێمان کرد، شەوێکی زۆر خۆش بوو.

بەشدابوویەک پێیگوتم کورد زۆر بێ کەیف ونائاسوودەن. "هەموو کورد سەربەخۆییان دەوێ، هەتا سەربەخۆش نەبن هەرگیز خۆشی لەخۆیان نابینن وئاسوودە نابن" .بەسەرنجدان لە هەموو ئەو شتە سەیرانەی دووچاری کورد هاتووە، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی چاوەڕوانییەکی درێژی دەوێت، بەڵام ئەگەر سەرنج لە ئیسرائیل بدەین، دەبینین 60 ساڵ لەمەوبەر و لەمانگێکی وەکو ئێستا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، ئیسرائیلیش بە دوژمن چواردەوردراوە، ئەو دوژمنانەی لەساتی راگەیاندنی سەربەخۆییدا ویستیان داگیری بکەن.

لێرەدا ئەگەر وتەیەکی قەشە جیسی جاکسۆن بەکاربێنین کە دەڵێ ئەوان چاوەڕێی کاتی گونجاویان نەکرد، بەڵکو ئەوان کاتی گونجاویان دروستکرد، ئەمڕۆش شەستەمینساڵیادی دامەزراندنی ئیسرائیل دەگێڕن.

کوردیش پێویستە بڕیارێکی بەهێزو بوێرانە بۆخۆیان بدەن.

***** یاریدەدەری سەرنووسەرە بۆ کاروباری ناوخۆیی و ئایینی لە رۆژنامەی (واشنتن تایمز).**

لە رۆژنامەی (واشنتن تایمز)وە 2008/5/16

# جێژنی زمانی کوردی چووە ناو پەرلەمانی تورکیا

**رووداو – DIHA**

کوردانی باکووری کوردستان 14ی ئایاریان وەک رۆژی زمانی کوردی لەسەرانسەری باکوور و شارەگەورەکانی تورکیا پیرۆزکرد، پەرلەمانتارێکی DTP جێژنەکەی گەیاندە ناو پەرلەمانی تورکیاش.

عوسمان ئۆزچەلیک، لەو رۆژەدا بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی ئەو بۆنەیەی لەناو پەرلەماندا پیرۆز کرد .ئەو نوێنەرەی شاری سێرتی باکووری کوردستان بە پەرلەمانی تورکیای راگەیاند کە رۆژی دەرچوونی گۆڤاری (هاوار) لەلایەن میر جەلادەت بەدرخان لە سوریا، جێژنی زمانی کوردییە.

ئۆزچەلیک هەروەها گوتی "سەرەڕای هەموو قەدەخەکاری و ئاستەنگییەکان زمانی کوردی هێشتا هەر ماوەو ئەمڕۆ کوردی لە هەرێمی فیدراڵیی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت. زمانی ئێمە کە بە دەیان ساڵە قەدەخەیە و تەنیا لە مەنفا دەرفەتی پێشکەوتنی پێدراوە. ئێمە لە وڵاتەکەی خۆماندا لە بواری بەکاربردن و پێشخستنی ئازادانەی زمانی کوردیدا بەرەڕووی گەلێک کێشە دەبینەوە".

هەر ئێستا دەیان سەرۆک شارەوانی سەر بە DTP و بەرپرسانی ئەو پارتە و پارتە کوردییە یاساییەکانی دیکە لە باکووری کوردستان بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ پیتی کوردی کە لە زمانی تورکیدا نین و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا و نووسینی کارتی پیرۆزباییینامەی نەورۆز رووبەڕووی دادگا و زیندان کراونەتەوە.



ئەندامانی DTP بانگەوازی پاراستنی زمانی کوردیی بەسەر دوکاندار و چین و توێژەکانی خەڵکدا دابەشدەکەن (فۆتۆ:DIHA)

هەروەها نەجدەت ئەتالای سەرۆکی لقی ئامەدی DTP ئاماژەی بەوەدا کە لەساڵی1925 بەملاوە دەوڵەتی تورک سیاسەتی تواندنەوەی زمانی کوردی پێڕەو دەکات"بەڵام زمانی کوردی وەک کۆنترین زمانی میزۆپۆتامیا مایەوە". ئەکتاش قسەکانی ئەردوغانی کە لە سەردانەکەیدا بۆ ئامەد بەبیرهێنایەوە کە گوتبووی" دەوڵەتیش هەڵەی کردووە، بەڵام گرنگە ئەوەیە ئەو هەڵانە دووپات نەبنەوە". ئەکتاش گوتی پاش ئەو قسانەی ئەردوغان هیوایەک لەلای کورد پەیدا بوو، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵ ئەردوغان دژایەتی و بێڕێزی بەرامبەر داخوازکارانی بەکارهێنانی زمانی کوردی کرد. ئەکتاش داوای لە پەرلەمانتەرانی AKP و بە رەچەڵەک کوردیAKP و هەروەهاDTPییەکان کرد کە زمانی کوردی لەناو دەستووری هەمیشەیی تورکیادا جێگیر بکەن.

هەروەها کۆمەڵەی دایکانی ئاشتیش رایانگەیاند" بەقەدەخەکردنی زمان کەس ناتوانێت ئەم وڵاتەی خۆش بوێت". هاوکات لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان، لقەکانی DTP بانگەوازی پاراستنی زمانی کوردییان بەسەر دوکاندار و چین و توێژەکانی خەڵک دا دابەشکرد لەناو بازاڕەکاندا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی گۆڤاری زمان Le Français Dans Le Monde زمانی کوردی سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگیانەی خراوەتە بەردەمی لەریزی 31زمانی زیندووی جیهاندا پۆلێن کراوە. جێی ئاماژەیە کە بەپێی پۆلێنبەندی ئەو گۆڤارە زمانی کوردی لەسەرەوەی زمانی فارسی (ئێرانی) دێت و هەروەها چوار پلەش لەخوار زمانی تورکییەوە دێت.

## فرۆکێن تورکیا دنێڤ خاکا هەرێما کوردستانێدا دوو هاووڵاتیێن زاخۆ بریندار دکەن و جاشیش وان تەمام دکەن

# ئیدی 29 زارۆکێن زاخۆ نابێژنە کەس "بابۆ"

**سامان سندی**
**رووداو –زاخۆ**

هەردوو هاووڵاتیێن بـاژارێ زاخۆ (عادل خواستی، 49 ساڵ، سـەلیم مستەفا، 47 ساڵ)، نە د زانین کو گوندێ سناتێ سە رب دەڤەرا سندیا ل قەزا زاخۆ دێ بیتە دیماهیکا ژیانا وان و زارۆکێن وان دبنە هێتیم و ئێدی نا گازیکەنە کەسـێ "بابۆ"، ئەوژی پشتی ژبال لەشـکرێ تورکان ڤە دنێڤ سنوورێ هەرێما کوردستانێدا هاتینە کوشتن.

(رووداو) ل مـالا هـەردوو کوشـتیان ئامادەبوو و تراژیدیا کوشتنا عادل و سەلیم و ژیانـا ڤان دوو خێزانێن 14 کەسـی، بۆ خوێندەڤانان دێخیتە پێش چاڤان.

عادل خواسـتی و سـەلیم مستەفا د فرنەکێدا کاردکـرن و رۆژانە تنێ 10 هزار دینارێـن عێراقی وەکـی هەقێ کارێ خوە یـێ رۆژانە وەردگرتـن و،عادلی 14 زارۆک و سـەلیمی 15 زارۆک دستودا بوون و، د هەفتیێ دا 2 تـا 3 رۆژان وەک بهێنڤەدان ژ کارێ خـوە هەبوون. کتان محەممەد کو هەڤژینا عادل خواسـتییە ل مالا خوەدا کو تنێ ل دوو ژۆرێن ئاخکری پێکهاتییە، هۆسا بۆ (رووداو) ئاخڤی و گۆت" ل رۆژا بهێنڤەدانا خوە عادل و سەلیم بە ر ب گوندێن خوە ڤە د چۆن بۆ سەرەدانا زەڤی و ئاقارێن خوەو جارانـا ژی وەکی حەژێکرن دا هندەک جارا کـە وا و کیڤیا کوژن، وسـا ل رۆژا 3/5/ 2008 جارەکا دی چۆنە چیا و گۆتن دێ بۆ دوو رۆژا ڤەگرنەڤە دا بگەهنەڤە سەر کارێ خوە، بەلێ نە دزانین دێ دیتنا مە و وانا بیتە ئاخەرین جار هەتا رۆژا قیامەتێ" . کتانخان، دەمێ ئەڤ گوتنانە بۆ (رووداو) دکرن زۆر جاران فرمێسک دباراندن،جارازێ رەوشا وێ تێکدچۆ هۆسا هێدی هێدی چیرۆکا هەڤژینێ خوە ڤەدگوهاسـت و گـۆت "من گە لەک داخـاز ژێ کر کو ڤێ جـارێ نەچیت، لێ وی بیـا خوە کر و ئە ڤ موسـیبەتە ئینا سە رێ خوە وسـەرێ مە و، ل پاش خوە ژی 14 زارۆک د ستویێ من دا هێلان و چۆ مالئاڤایی ل جیهانێ کر" .

بڤان گۆتنا و وان فرمێسـکێن باراندین مە خانما کتان هەڤژینا عادل خواسـتی ب جیهێلا و سەرەدانا مالا سەلیم مستەفا کر و بابـێ وی و هە ڤژینا وی بناڤی سـانیە عەلی کو هێشتا دیمەنێن نەخوەش ب سەرو چاڤێـن وانڤە د دیار بوون. سـانیە عەلی بەحسێ چۆنا هەڤژینێ خوە دگەل سەلیمی کر و گۆت "سـەلیم و عادل وەکی دوو برایا بوون، رۆژانە دگە ل هە ڤدوو بوون و هە می جاران پێکڤـە دەردکە فتن چوول و چیا" . سـانیە کو ئەو 25 ساڵ بوو شوو ب عادلی کری 15 زارۆک ل ڤان چەند ساڵان بووینە وەک سانیە دبێژی " 9 کورِ و 5 کچن و قەت د تەخمینا مندا نەبوو کو رۆژەکا وەسـا یا رەش دێ ل سە ر ژیانا من دە رباس بیت، کو ئە وژی هە ڤژینێ من ب شێوەیەکی غەدر و ل سە ر دەستێ لەشکەرێ تورکیا بهێتە کوشتن" . سـانیا عەلی ل درێژاهیا گوتنێن خوە دا گۆت " پشتی دە نگوباسێن کوشتنا سەلیمی گەهشتینە مە، کورێ من یێ مە زن بناڤێ شامل و کچا من کو ژیێ وێ 10 ساڵە شێت بوون، ئە ڤە چەند رۆژە هندی دبەینە دکتورا ژی چ مفا نینە و وانا ئەقلێ خوە ژ هژمەت و حەسـرەتان ل دەستدایە" . دە ما هەڤژینا سەلیم مستەفای ئەڤ گۆتنێن هان کرین، بابێ سەلیمی ل دەف مە بوو و ئەوی خوە نەگرت د جهدا فرمێسـکێن وی هاتن خارێ و دە سـتێ خـوە بلند کرن و گۆت "یارەبی تو مافێ وان بەرزە نەکەی" .

شەش رۆژان ل بەر رۆژێ مان

پشتی کو ل رۆژا 2008/5/3 ێ هەردوو هاووڵاتـی بناڤێ عادل خواسـتی عومەر و سـەلیم مستەفا برجسـت، چوونە گوندی سـناتێ یێ سـە ر ب دە ڤەرا سندیا، ل قـە زا زاخۆ، بـۆ ئینانا حلیک و باهیڤا بۆ زارۆکێن خوەو نێچیرکرنێ، ل گوری گۆتنێن کەسـوکارێن وان، ل رۆژا 2008/5/5 پەیوەندییێن تەلەفۆنیا وان ب کە سوکارێن وان رە قوت بوون. محەممەد شێخۆ ئێک ژ خزمێن نزیکێن عادل خواستی بۆ (رووداو) گـۆت "دەمـا پەیوەندییێـن وان دگەل مە نەمـان دهەمان دەمدا ئـەم چوونە دەڤەرا سـندیا و مەچە ندین لێگەڕین ئە نجامدان چ پێزانینێن وان ب دەست مە نەکەفتن، ل رۆژا 2008/5/7 چە ند کەناڵێن تەلەڤزیۆنێن تورکی دەنگوباسەک بە لاڤ کرن کو وانا دوو چەکدارێن PKK ل گوندێ سناتێ کوشتینە، ژ ڤێ چەندێ شـک بۆمە چێبوو کو ئەو نە PKK نە، بەڵکو عادل و سـەلیمن، مە ژی ژبال خوە ڤە ئالیێـن هاڤلدار هایدارکرن و وان ژی برێیا تەنسیقێ دگەل ئالیێ سنووری یێ تورکیا پەیوەندی کـر کو ئەو هەردوو کە سێن هاتینە کوشتن هاووڵاتیێن باژارێ زاخۆنە و وانژی ژێـرا گۆتبوو ئەو هەردوو کەس ل نەخوەشـخانەیا شەرنەخێ نە، لێ وسا نەبوو، دەما تورکا ئەو ل گوندێ سناتێ کوشتبوون ئە و دجهدا هێلا بوون " .

محەممەد شـێخو ئەوەژی بۆ (رووداو) رۆنکـر و گـۆت ل رۆژا 2008/5/9 نزیکی 400 زە لاما ژ کەسوکارێن هەردوو کوشتیان کۆمبوون داکـو تەرمێ وان هـەردووکا ژ گوندێ سناتێ بیننەڤە زاخۆ، لێ لە شکەرێ تورک جهێ کوشتنا وان نیشانی وان نەدا، هەروەکی محەممەد دبێژی" گوندێ سناتێ و ئـەو دەڤەر هەمی چیا و دۆڵە و مرۆڤ زۆر ب زەحمەتی دکاری هاتن و چۆنێ لێ بکەت لەوما رۆژا 2008/5/10 دیسان خزمێن مە خرڤەبوون و ب ئالیکاریا لێژنا تە نسـیقا PDK و میتا تورکا ل زاخۆ مە شیا جهێ لێ هاتینە کوشتن دەست نیشان بکەین، کو 50 کم ژ باژارێ زاخۆ دیربوون" .

ل گۆرڤان زانیارییێن کو گەهشتینە (رووداو) عادل و سەلیم یێکەمجار ژلایێ فرۆکێن تورکی هاتینـە برینداركرن، پشـتی هنگی هنەک جاشێن سەر ب دەوڵەتا تورکان ل ناوچەیا شەرنەخێ کو سـەر ب عەشیرەتا گۆییانن هاتینە سەر وان و ئەو تەمام کرینە و شوونا گـولان ب دەسـتێن وان ڤەبوویە، وەختێ دەستێن خۆ بلندکرین دا وان نەکوژن.

محەممەد شـێخۆ ب (رووداو) راگەهاند کو"تەرمێ عادل خواستی و سەلیم مستەفا دە مێ شـە ش رۆژان مابـوون ل چیایێ گوندێ سناتێ، کو دکەڤیتە دنێڤ خاکا هە رێما کوردستانێ و تە رمێن وان ژ بەر گەرمێ و شـونوارێن گوللەیـان ژی هەموو دناڤ چاڤێن واندا بوون و ل شـونا وان گوللەیان ژی کرم و کێزا دابوونێ ".محەممەد شێخۆ گۆت "دەما کو مە تەرمـێ وان دئینانەڤە چەند جاش هاتبوونە بەراهیکا مە و گۆتن مە ئەو کوشتن، من ژی پرسین ماوە نەدزانی ئەڤ نە PKK ە بوون؟، گۆتن هەر کەسێ بهێتە ڤان جهان ئەمێ دێ کوژین" .

پاشـی ل زاخۆ رێورەسـمێن ئاینییێن ڤەشارتنا وان هاتن پێکئینان و، ل گۆڕستانا بازاڕێ زاخۆ هاتن ڤەشارتن.

محەممەد شـێخو گۆت ئـەم " رۆژناما رووداو دکەینـە میمبەرا خوە و تێدا بانگی حکومەتـا هەرێما کوردسـتانێ دکەین کو مافێ ڤان هەردوو هاولاتیا بەرزە نەبە" .

پشـتی سەرهلدانا 1991 تا نها سوپایێ تورکیا 80 هاووڵاتیێن سـڤیلێن باشوورێ کوردسـتانێ دنێڤ خاکا کوردسـتانێ دا کوشتینە، پێچەوانەی هەموو یاسایێن نێڤ دەوڵەتی تا نهـا داوا لێبوورینێ نەکرییە و قەرەبوو نەدایە کەسوکارێن ڤان هاووڵاتیێن کوشتی.

دکتۆر رزگار بەرپرسێ لقا زاخۆیا پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت ب قەرەبوو کرنا کەسـوکارێن وان دوو کوشـتیان ب (رووداو) راگەهاند کو دەوڵەتا تورکیا دبێژی مە ئەو دوو هاووڵاتی نەکوشـتینە و چەتە و جاشان ئەو کوشتینە، هەروەها گۆت"ئەم دێ ب رێکا پارێزگەها دهۆکێ دێ داوا مافێ وان کەیـن و دێ یارمەتیا ماڵباتێن هەردوو کوشتیا دەین" .


عادل خواستی


سەلیم مستەفا


دیمەنەک ل ئینانەڤا تەرمێن عادل و سەلیمی ل گوندێ سناتێ (فۆتۆ:رووداو)

# دەوڵەت و مافیا لە تورکیا

## دەرکەوتنێکی لەمێژ و کارکردنێکی خوێناوی

**مستەفا شەفیق**

وەکو بەشـێک لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتـی کۆمەلی تورکیـا ناوە بە ناوە سەیر دەکەین لە میدیای ئەم وڵاتە دەنگوباسی دەسـتگیر کردنی تۆریکی مافیـا بـڵاو دەکرێتەوە .ئەم راسـتیە بەشـێوەیەکی بەردەوام و ناوە بە ناوە لە تورکیا دێتە بەرچـاو بە جۆریک کە خەڵکی ئـەم وڵاتە بە لایـەوە بووەتە شتیکی ئاسایی و زۆر گرنگی پێ نادات و زۆریش ئەم هەواڵانە بۆ خەڵک جێی بڕوا نین، بەڵام ئەوەی راسـتی بیت مافیا تا قووڵایی لەناو دەوڵەت ریشەی داکوتاوەو کاریگەری زۆریشی لەسەر ژیانی سیاسی و پیشکەوتنی دیموکراسی لەم وڵاتەدا هەیە. لەمانگی رابردوودا لەو چوارچێوەیەدا باس لـە باندیکی تیرۆریسـتی بەرفراوان کرا بەناوی رێکخراوی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن "ERGENOKON" .کە تا ئێستا زیاتر لە 40 کەسیان لێ گیراون و لەناو گیراوەکان پلەداری بەرزی سەربازی و سەرنووسەری رۆژنامەکان و سـکرتێری پارتی سیاسی ناو دەوڵەت و زۆر تریشی تێدایە.

ئەم گرووپەی مافیا بە هەموو قورسایی خۆی لە رۆژهەڤی تورکیادا جێی گرتووەو تەواوی بابەتەکانی دیکەی رۆژی لە دوای خۆ هیشتن،بە مەسەلەی داخستنی پارتی دادو گەشە پێدانیشەوە .

هاوشیوەی ئەوە لە ساڵی 1996 ،بەناوی سوسـورلووک "SUSURLUK" مەسەلەیەکی دیکەی مافیا کە پەیوەندی دەوڵەت و مافیاو پۆلیسـی ئەم وڵاتەی ئاشکرا کرد وەکو بۆمبایەک کەوتە رۆژەڤی تورکیا و زۆر دەنگیدایەوە .بێگومان پێش ئەم رووداوانەش زۆر رووداوی بەم جۆرە لەم وڵاتەدا جێی باسـن، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم دوو رووداوەی سووسوورلووک و ئەرگەنەکـۆن لـە چەنـد رووێکەوە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و لووتکەی پەیوەندییەکانی مافیاو دەوڵەت و ئاستی تێکەڵاوبوونیان لەم وڵاتە نیشـاندەدات . هـەر لەبەر ئەمەش ئـەم بابەتە دوای ئەم دوو رووداوە،بەتایبەتی بوونە جێگای سەرنجی نووسەران و رۆژنامەوانان و زۆر سیاسەتمەدارانی ئەورووپی و تورکیش و چەندین نووسینی لەسەر کراوە.

ئەگەر کەمێک لەسەر ناوەڕۆکی ئەم دوو نموونەیەی سـەرەوە بوەستین، زۆر باش یارمەتی بینینی رادەی مەترسـی مافیامان لەناو دەزگای دەوڵەتی تورکیادا پێ نیشاندەدات.

### سووسـورلووک چییەو چۆن ئاشکرا بوو؟

لـە رۆژی 1996/11/3 لە ئەنجامی رووداوێکی هاتووچۆدا کە لە نزیک ناوچەی سوسـورلووکی سـەربە ویلایەتی بالق کەسـیری دەڤەری مەرمەرە روویدا،ئەم پەیوەندییەی مافیاو دەوڵەت ئاشکرابوو. لەم رووداوەدا ئۆتۆمۆبیلیکی مارسیدس کە چوار کەسی هەڵگرتبوو، لە قەلابەیەکیدا و لـە ئەنجامدا لە چوار کەسـەکەی ناو مارسیدسەکە سێیان مردن و یەکێکیان بە گرانی برینداربوو، بەڵام نەمرد و شوفێری قەلابەکەش بـە سـەلامەتی دەرچوو. گرنگییەکە لێرەدا ئەوەبوو چۆن ئەم چوار کەسەی ناو مارسیدسەکە گەییشتنە یەک ؟ئەوانە کێ بوون؟

1- حوسـێن قۆجەداخ، یاریدەدەری پیشـووی بەڕێوەبـەری پۆلیسـی ئیستەنبۆل،کە پاسەپۆرتیکی ساختەی هەڵگرتبوو بەناوی محەممەد ئۆزبای.

2- عەبدوڵلا چاتلی . ئەو تاوانبارەی لەمێژبـوو لە لایـەن دادگا داوا کرابوو و پۆلیسـی ئینتەرپۆلیش بە دوایەوە بوو، چونکە مافیاییەکی کۆن بوو.

3- دەزگیرانەکـەی عەبدوڵلا چاتلی بەناوی گۆنجا ئووس.

4- سـەدات ئەدیب بووجاک،ئەندام پەرلەمان لەسەر لیسـتی پارتی ریگای راسـتDYP و نوێنەری شـاری ئۆرفای باکووری کوردسـتان و سەرۆک خێل و سەرۆک جاش.

هەرسێ کەسەکەی یەکەم لەم رووداوەدا کوژران، بـەڵام چوارەمیان بە برینداری دەرچوو، دواتر دەسـتگیر کراو لە لایەن دادگای تورکیا،دوو ساڵ حوکمدرا لەگەڵ هەندێک سزای دارایی، دواتر حوکمەکەی ئاسان کراو ئازادکرا .

ئەوەی جێی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە، چ وای کردووە پۆلیس و مافیاو دەوڵەت کە پەرلەمان لێرەدا جێی مەبەستە، بەم جۆرە بەیەک بگـەن ؟ ئەندام پەرلەمان کە خاوەن حەسـانەی یاسـاییەو کەس بۆی نییە لێ پرسـینەوەی لەگەڵ بکات و ئۆتۆمبیلەکانیشـیان ناکرێت کۆنترۆل بکرێن چۆن دەکەونە خزمەت گواستنەوەی مافیاو کەسانی تۆمەتبار،یان داواکراو لە لایەن دادگا و پۆلیس؟چۆن بەرزترین بەر پرسانی پۆلیس لەگەڵ کەسانی تاوانباردا دەست لەناو دەست کاردەکەن و کەسانی تاوانبار دینن و دەبەن؟ئەم بەرپرسانەی دەوڵـەت تا چەنـد دەتوانن متمانە لای خەڵک دروست بکەن؟ لەگەڵ کۆمەلیک پرسـیاری دیکە بوونە جێـی باس.بە تایبەتی ئەم سـێ کوچکـەی دەوڵەت —پۆلیس–مافیا چۆن دروست بوو؟

### نموونـەی دووەم: گرووپـی مافیای ئەرگەنەکۆن"ERGENOKON"

لە رۆژی 12/6/ 2007 لە کەناریکی شاری ئیستەنبۆل،لە گەڕەکی عیمرانییە و لـە خانـووە هەژارەکاندا،برێـک نارنجۆکـی دەسـتی و،تەقەمەنـی لە جۆریTNT،دەسـتگیر دەکرێـت و لەسـەر ئەم رووداوە لیکۆلینەوە دەست پێدەکات. هەر لە هەنگاوەکانی یەکەمی لێکۆلینـەوە زیاتر لە شـەش کەس لە ئەفسەرو پلەداری خانەنشینی سەربازی کە تا پلەی رائیدیشیان هەبوو دەستگیر کران،لەگەل ئەمانە چەند کەسی دیکەی تێکەڵی دیکەیـان لە سیاسـەتمەدارو رۆشـنبیر کەوتنـە بـەر لیکۆلینەوەو زۆربەشیان دەستگیر کران و لە گرتووخانە لیکۆلینەوەیـان لەگـەڵ کـرا . هەر لە ئەنجامی لیکۆلینەوەکاندا ئاشکرا بوو کە ئەو تەقەمەنیەی دەسـتکەوتووە هەمان ئـەو تەقەمەنیەبێ کە لـە دوو رووداوی گرنگدا بەکار هێنراون، یەکێکیان رووداوی هێرشکردنە سـەر رۆژنامەی جمهوریەت و،ئەویتریان هێرشـکردنە سەر داواکاری گشـتی دەوڵەت بوو، لە هەمان سـاڵدا .لەبەر ئەمەش چوارچێوەی لێکۆلینەوەکە فراوانترکرا و زۆربەی ئەفسەرە خانەنشینە پلەدارەکان کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەفسەرە گیراوەکان هەبوو دەستگیر کران .31 کەسـی دیکە بە گومانی پەیوەندی لەگەل ئەم گرووپە دەستگیرکران گەنەرالی خانەنشینکراو (وەلی کوچوک ئۆغلو) بوو کە ناوکەی بە رووداوی سووسوورلۆکەوە پەیوەست بوو وەک گەورەترین گەنەرالی خانەنشـینی تورکیـا. هەروەهـا لـە مافیەروەران کەمال کەرینجسز کەسەرۆکی یەکێتی مافیەروەرانی تورکیایە. لە دووا قۆناخـی دەسـتگیرکردنی تاوانبارانی ئەرگەنەکۆن دۆغۆ پەرینچەک (سەرۆک حیزب) وچەندین پرۆفیسۆرو کەسایەتی ئەکادیمیش دەستگیرکران.باشـتر وایە چەند نموونەیەکی ئەم دەستگیر کراوانە بناسێنین:

1- جەنەرالی خانەنشینکراو وەلی کوچـوک ئۆغلو .بە پلـەی جەنەرال و پایـەی فەرماندەی فەیلەق خانەنشـین بووە،لـە رووداوی سوسـورلوکدا ناوی هەبـووەو پەیوەندی زۆر بـە هێزی لە گەڵ عەبدوڵـلا چاتلی هەبووە .هەروەها پەیوەندی زۆر بە هێزی لە گەڵ مەحمود یلدرم هەبووە کە بە ( یەشیل) دەناسرێت و دامەزرینـەری JITEM واتە تیمەکانی ئیستیخباراتی سـەربە ژاندارمەو، تاوانی سەدان کرداری (کوشتنی بکەر نادیار)ی باکووری کوردستان و رۆشنبیرانی تورک لە ئەستۆی ئەم یەشیلەیەو وەلی کوچوک ئۆغلـۆش نزیکترین کەس بـووە لێی و داواکراوی دادگایە.

2- دۆغـۆ پەرینچەک، سـەرۆکی پارتی کرێکارانـی تورکیا. کە پارتێکی رەسمییە لە تورکیاو لە هەڵبژاردنەکانی سـاڵی 2007 یش بەشـداربووە، بەڵام نەگەیشتەپەرلەمان .ئەم پیاوە لەلایەن کەسـانی دیموکراتخـوازی تورکیـاوە هەمیشـە بە گومان سـەیر کراوەو بە پیاوی دەزگای هەوالگیری تورکیا (میت) دادەنرێ .

3- کەمال کەرینجسز سەرۆکی یەکێتی گەورەی مافپارێزان،کە پێکهاتەیەکە لە مافپەروەرە رەگەز پەرستەکان و تا ئێستا هەرچی مرۆڤـی دیموکراتخوازی وەکو (ئۆرهـان پامۆک،هیرانت دینک،ئەلیف شـەفەق،پەریهان ماغدەن)لـە لایـەن ئەمانەوە دادگایان لەسـەر تۆمارکراوەو هەمیشـە کۆمەڵەیەکی چالاکبوونە بۆ پاراستنی کەسانی مافیاو بکوژ.

4 – پرۆفیسـۆر.د.کەمال عەلەمدار ئۆغلۆ.سـەرۆکی پیشـووی زانکـۆی ئیستەنبۆل .

5- ئیلهان سەلجووق.خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری رۆژنامەی جمهوریەت.

بـە خۆی ئـەم گرووپـە زیاتر لە باندێکی مافیـا وەکو رێکخراوێک خۆی رێکخستووەو داکۆکی لەراست و دروستی رژێمی دەسـەڵاتداری تورکیا دەکات و ئەوانەی داوای گۆڕان ودیموکراسی بوونی دەکەن بە دوژمن دادەنێ و پێیوایە دەبێ بە تیرۆربکرێن،بە تایبەتیش کەسـانی رۆشنبیرو دیموکراتخواز. کار بۆئەوەش دەکات کۆمپانیاو رێکخراوی مەدەنی بۆ پاڵپشتیکردنی کارەکەیان رێکبخەن، بەم جـۆرە ئەم باندە هەم باڵی سـەربازی نهێنی هەیە و هەم کۆمەڵێک رێکخراوی مەدەنیش بەکار دێنیت.

گرووپەکانی مافیا ریشـەیان لەگەڵ دامەزرانی کۆماری تورکیا تێکەڵبووەو تا ئێستاش هەن، لەگەل تێپەربوونی کات لە چەند گرووپێکی ئەشقیاو پیاو کوژەوە گۆڕان بۆ کەسانی شاراوەو نهێنی لەناو دەزگاکانی دەوڵەت و راستەوخۆ لە لایەن دەزگای میت و بەڕێوەبەرایەتی شـەڕی تایبەت بۆ تیرۆرکردنی کەسانی رۆشنبیرو دیموکراتخواز بەکارهێندراون، بەتایبەتی دوای گەرمبوونی خەباتی گەلی کورد لە باکووری کوردستان چالاکانەتر کەوتنە کارکردن و لە ئاکامدا بە سەدان کرداری بکەر نادیار لە تورکیادا دژی رۆشنبیرانی کورد ئەنجامدران، کەسانی ناسراوی وەکو موسـا عەنتەر، وەداد ئایدن، سـاڤاش بولدان، محەممەد سنجار تیرۆرکران.

هەرچەنـدە لـە نەوەتەکاندا ئەم گرووپە تیرۆریسـتانە خۆیـان بە دوو شـێوە رێکخست،بەشـیکیان لەنـاو حیزبوولـلای تورکیاو لەژێـر ناوی ئەم رێکخراوە کاری تیرۆریستیان ئەنجامداو راستەوخۆ لە لایەن دەزگای میت ئاراستە دەکران،بەشێکیشیان لەناو گرووپەکانی مافیای بەمجۆرە خۆیان رێکخسـت. کە دواتر لەکۆنترل دەرچوون و بوونە ئامراز بۆ تەسفیەکردنی حسابات لەنێوان لایەنە ناوخۆییەکانی تورکیشـدا. نموونەیەکی ئاشکرای ئەم راسـتییەش،تیرۆرکردنی رۆشنبیری تورک ئۆغر مۆمجی و ئەشرەف بەدلیسی ی گەنەرال و تۆرگۆت ئۆزالی سـەرۆک کۆمار بوو. ئەگـەر تەنها لەم نموونەیە ورد بینەوە باش دیارە کەچۆن ئەم گرووپانە بە پیلانـی داریژراو ئەم کارەیان ئەنجامداوە .لەکاتیکدا کە ئۆغر مۆمجی سەرقالی هەندێک کاری تایبەت بە لیکۆلینـەوە دەربارەی ئەم گرووپانە دەبێت و دەزانن کە راستەوخۆ سەر بە بە ئەشرەف بەدلیسـیە و بە فەرمانی ئۆزال ئەم کارە دەکات . لەبەر ئەمەش سـەرەتا ئۆغور مۆمجویان لە سـاڵی 1993 تیـرۆر کرد و دوای بیسـت رۆژ ئەشرەف بەدلیسیان بە رووداوی خستنە خوارەوەی هەلیکۆپتەر لەناوبرد و دوای ماوەیەکی کەم ئۆزالیش بە شیوەیەک کە تا ئیستاش جێی گومانە مرد،بەڵام ئیستا هەندێ بەڵگـە دەرکەوتوون کە ئاژە بە ژەهر خوارکردنی دەکەن .لەتورکیا ئەوەی دەست بۆ ئەو باندانەی مافیا درێژ خۆی دەخاتە بەر مەترسی لەنێوچوون.



مەلا بەختیار:

# باڵێک لەناو یەکێتی ناناسم بەناوی ریفۆرم



لە کۆنگرەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە ڕۆژی 2008/5/10 لەشاری سلێمانی دەستپێکرد، وێڕای سەرقاڵی مەلا بەختیاری کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەکۆنگرەکەوە. (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ئەنجامدا، ئەگەرچی پرسیارەکانمان لەچوارچێوەی کۆنگرە دەرچوون، بەڵام ئەو ئامادەبوو وەڵامیان بداتەوە:

**هەڤپەیڤین: ڕەحمان غەریب**

**ڕووداو: لە ماوەی 17 ساڵی ڕابردوو زۆر قسە لەسەر ریفۆرم لە ناو حیزب و دەرەوەی حیزب کراوە،پێتانوایە کۆنگرەی ریفۆرم وگەشەپێدان هیچ کاریگەرییەکی ببێت؟**

**مەلا بەختیار:** ریفۆرم پێویستییەکە لە پێویستییەکانی ژیان، بۆ سیاسەت و دەسەڵات. من وایدەبینم ئەگەر ریفۆرم وەک سیحر و کودەتایەک تەماشای بکەین ئەوە خۆی لە خۆیدا دژایەتیکردنی ریفۆرمە،بەڵکو دەبێت بە پێویستییەکی سروشتی ژیانی بزانین. مرۆڤ ڕۆژانە خۆی، ماڵەوەی، شوێنی کارەکەی پاکدەکاتەوە، ئەمانە نەکەیت تەماشا دەکەی ناشیرین بوویت.

من پێچەوانەی ئەوانە بیر دەکەمەوە کە دەیانەوێت ریفۆرم بکەن بە شتێکی عەجایب، وەک ئەوەی بە دەستپێکردنی ئیتر ڕەوتی ژیان بگۆڕێت، وانییە.

**ڕووداو: لە خەباتی شاخیشدا هەر وابوە داوای ریفۆرمی سیاسی و ڕێکخراوەیی کراوە؟**

**مەلا بەختیار:** لە شاخدا بە پێی واقعی شاخ هەبووە. لە شاخ کۆمەڵێک بارەگامان هەبوو، ئیدارەیەکی بچووک، ئەوکاتە نەدەوترا ریفۆرم دەوترا گۆڕانکاری ستراتیجی وتەکتیکی تازە، چارەسەرکردنی هەڵەکان،دەستەواژەکانی شاخ جۆرێکیتر بوون، ریفۆرم ئێستا زەقکراوەتەوە، ئەگینا خۆی لە ساڵی 1991 و لە ڕۆژنامەی کوردی باس لە ریفۆرم کراوە .هەر کەسێک نکۆڵی لە ریفۆرم بکات گەورەترین هەڵە دەکات، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کام ریفۆرم و بەکام شێوازو بەرنامە؟ من دەپرسم کام دەزگای لیکۆڵینەوە، کام حیزبی ئۆپۆزسیۆن، کام ڕێکخراو پرۆژەیەکی موتەکامیلی پێشکێشکردووە؟ نەمبیستوە!

هەموو حیزبێک قسەی لە ریفۆرم کردووە، جا کێ جێبەجێی کردووە ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

**ڕووداو: ئێستا قسە لەسەر ریفۆرمە لە ناو یەکێتی و لە دەرەوەی یەکێتیش، ئەوەی ئێوە گەیشتە کوێ، کامیانە کاریگەری دەبێت؟**

**مەلا بەختیار:** پێموایە زانستیترین ڕێبازی ریفۆرم ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی ئێستای ئەزمونەکەمان بێ. ریفۆرم لێکۆڵینەوەیەکی وردو بەئاماری نەبێت لەسەر ئابووری وخزمەتگوزاری بڕیارو یاساو ستراکچەری و بڕیارسازی لە حکومەت حیزبەکاندا، نازانیت ناتەواویەکان لە کوێدان.

**ڕووداو: ماوەیەکە لە هەموو شوێنێک داوای هەموو چین و توێژەکان ریفۆرمە بۆ هەموو کایەکان، ئەوەتا لەم کۆنگرەیەشدا بووەتە درشم، ئێوە بۆچی کردتانە دروشمی کۆنگرە؟**

**مەلا بەختیار:** چونکە باوەڕم بە ریفۆرمە. من لەساڵی 1992 نامیلکەم لەسەر ریفۆرم نووسیوە. کە لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتم شەرتم هەبوو کە دەبێت ریفۆرم بێتە ناو یەکێتی و دامەزراوەکانییەوەو، بە بەردەوامی لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی قسە لەسەر ریفۆرم دەکەم، یەک ڕۆژ بێ ئاگانەبووم کە ریفۆرم کارێکی گرنگە و ڕەخنەم هەبووە.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەی ریفۆرم بە گرنگ دەزانن، بەڵام ئەوەتا دەبینم کۆنگرەکەتان کە دروشمی سەرەکی ریفۆرمە، بە بێ ئامادەبوونی کەسانی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ریفۆرم ئەنجام دەدرێت، ئەمەیان بۆچی؟**

**مەلا بەختیار:** من هیچ بزووتنەوەیەک لە ناو یەکێتیدا بە ریفۆرم نابینم، هیچ باڵێکیش لە ناو یەکێتیدا بە ریفۆرم نابینم، لەناو ئەوانەی کە ئیدعای ریفۆرم دەکەن خراپترین کەس هەیە. وەرەقەکان زۆر تێکەڵن، وەزعی ئێستای یەکێتی لە مێژوو دانابڕم، مێژووی یەکێتی لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا چۆن هاتوە لە هەموو قۆناخێکدا کۆی پەروەردەو پێگەیاندنی کادیر و دامەزراوەکانی وپێشکەوتنی یەکێتی هەر ئەوانەن کە ئێستا حوکم دەکەن و دامەزراوەکانیان بە دەستەوەیە، نەهاتووین لە پاش ڕاپەرین بە کادیرەکانی شاخ بڵێین تەواو ئیتر خەڵکیتر حوکم دەکات، ئەوانە ئێستا وەزیرو بەرپرسی مەڵبەند و پێشمەرگەن و لە مەکتەبی سیاسی وفەرماندەیین، ئەمانە کێ پەروەردەی کردوون لە شاخ من؟ مام جەلال بەتەنها؟ مەکتەبی سیاسی؟ یان هەرهەموومان پەروەردەمان کردوون، هەر هەموو ئەوانەی لە شاخ پەروەردەمان کردوون هاتوین بەرپرسیارێتیمان پێداون، چاکیان کردووە یان خراپ کاریگەری پەروەردەی خۆمانن. بۆ تێڕوانینم بۆ ریفۆرم، ئێستاو داهاتوو لەیەکتر دانابڕم. بەهیچ شێوەیەک باڵێک لەناو یەکێتی ناناسم بەناوی ریفۆرم، دەتوانم

## لەناو ریفۆرمیستەکان کەسانی واهەن دەبێت سزا بدرێن

خەڵکی وابێنم لە ناو ریفۆرمیستەکان دەبێت یەکەمین کەس بن سزا بدرێن، بەر لەوەی خەڵکیتر سزا بدرێت، ئەگەر دادگایەک دابنرێت دەبێت یەکەمین کەس بن کە سزا بدرێن، لەملاشەوە هەن کە بەرگری لە یەکێتی ناو یەکێتی دەکات دەزانم کەم نین کە دەبێت سزا بدرێن.

**ڕووداو :بە نائامادەبوونی ریفۆرمیستە ناسراوەکان، کۆنگرە وا دەبینرێت کە لەسەر هەموو مەسەلەکان کۆکبێ؟**

**مەلا بەختیار :** ئەمە کۆنگرەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتیمانییە، ریکخراوەکان، ئەنجوومەن و ناوەندەکانی مەکتەب، هەڵسوڕاوانی ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نەک کۆنگرەی یەکێتی خۆی، تەنانەت خەڵکی بێلایەنمان هێناوە، لە حیزبەکان کەسانی بێلایەن لە نەتەوەکانەوە، ئەوەتانێ لە پارێزگای بەسرەوە میوانمان هێناوە ئەندامی یەکێتی نین هاتوون قسەی خۆیان دەکەن.

**ڕووداو: ڕاستە لە دوورترین شوێنەوە میوانتان هێناوە قسەی خۆیان دەکەن، بەڵام لە نزیکترین شوێنیشەوە کە نزیکە لە هۆڵەکەوە بانگ نەکراون تا قسەی خۆیان بکەن لەسەر ریفۆرم ئەمەیان بۆ؟**

**مەلا بەختیار :** وەکو کێ ؟ئەمە کۆنفرانسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە کۆنفرانسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن نییە.

**ڕووداو : تێڕوانین بۆ چەمکی ریفۆرم وەک چەمکەکانی دیکە ئیشکالییە، نەدەکرا لەم کۆنگرەیە هەست بەو جیاوازیانە بکرێت؟**

**مەلا بەختیار :** هەموو ئەو گفتوگۆیانەی دەکرێن جیاوازییەکان، جیاوازی چییە؟ شاخی هەیە یان کلک؟

**ڕووداو : دەڵێن ئەمانە تێڕوانینی مەلا بەختیارن بۆ ریفۆرم، تۆدەڵێی چی؟**

**مەلا بەحتیار:** من نە بڕیاردەرم، نە بەڕێوەبەری کۆڕەکانم، ئەوەتانێ دەیانبینی سێ ئافرەت ودوو پیاو بەڕێوەی دەبەن هەموو کەسێک قسەی خۆی دەکات و لە گرووپەکاندا قسەو ڕەخنەی خۆی دەگرێت ئەمانە جیاوازین، خۆ ناکرێت بچیت یاخی بیت تا پێت بڵێن جیاوازیت. دەتوانی لە ناو کۆڕیشدا بیت وجیاوازییەکانیش بە جوانیش بخەیەڕوو. ئێمە هەر فێری یاخیبوونین، وادەزانیین هەموو یاخیبووێک شۆڕشگێرترین کەسە، بەعەکسەوە جاری وا هەیە مولتەزمترین کەس شۆڕشگێرترین کەسە. ئەوەی بە خەڵکی مولتەزیم دەکرێت هەرگیز بە خەڵکی یاخی ناکرێت بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری.

**ڕووداو :هەستدەکرێت ماوەیەکە توندتر و جیاوازتر لە جاران لەسەر ڕەوتی ریفۆرم لێدوان دەدەی،دەکرێ بزانین چی گۆڕاوە؟**

**مەلا بەختیار:** تۆ لە بابەتی کۆنگرەکە دەرچوویت لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامت دەدەمەوە، من نەرمییەکەیشم لە خزمەتی یەکێتی بووە، وەڵامدانەوەکانی ئێستاشم لە خزمەتی یەکێتیدایە. کاتێک یەکێتی دەکەوێتە بەردەم هەر مەترسییەک، بە پێی لێکدانەوەی خۆم پێویستی بە هەر سیاسەتێک بێت من ئەوە دەکەم.

**ڕووداو: ریفۆرمێک هەیە بە ناوی مەترسی لەسەر یەکێتی؟**

**مەلا بەختیار :** هەموو شتێک کە لەرێگای ئسوڵی خۆی لابدات، ئەوە مەترسی خۆی پەیدا دەکات. من کاتێک نەشرەی داخیلی دەخوێنمەوە، کاتێک کە دەزانم لیژنە دروستکراوە بۆ ئەوەی لەناو یەکێتیدا ڕێکخستنێکی دیکە دروست بکەن، ئەمە لەکاری ریفۆرم دەچێتە دەرەوە.

**ڕووداو: یەکێتی هەر وا نەبووە؟**

**مەلا بەختیار:** نەخێر. یەکێتی هەمیشە ململانێی تێدا بووە، بەڵام یەکێتی هەرگیز ئەوەی قبوڵی نەکردووە ڕێکخستنی نهێنی لەناو ڕێکخستنەکەی دروست بکرێ.

من خۆم ئەزموونم هەیە لەناو یەکێتی، ئەوانەی ئێستا ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتیدا دروست دەکەن هەر ئەوانەن قبوڵیان نەدەکرد ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتیدا دروست بکرێ و، توندترین ئیجرائاتیشیان کردووە لەسەر ڕێکخستنی نهێنی.

ڕووداو: بۆچی خەڵک هەست ناکات ئەم دوو ڕەوتە لەدیالۆگدان؟

مەلا بەختیار: 17 ساڵە دیالۆگ هەیە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتییەوە تاوەکو ئێستا.

**ڕووداو: نە دەکرا ئەم کۆنگرەیە تایبەت بێت بەو دیالۆگەی نێوان هەردوو ڕەوتەکە؟**

**مەلا بەختیار:** ئەم کۆنگرەیە جیایە.

**ڕووداو: دەزانم جیایە و، ئامانجیشی جیایە؟**

**مەلا بەختیار:** من خۆم پێشنیارێکی وا دەکەم کە یەکێتی کۆنگرەیەکی تایبەت بۆ گفتووگۆکردن لەسەرکێشەکانی ببەستێت. من بۆ خۆم ئامادەم لەسەر تەلەڤزیۆن و لە ڕۆژنامەکاندا لەبەردەم 10 هەزار کەسدا گفتوگۆ بکەم بەرامبەر بە وانەی کە ئێستا بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکانی یەکێتییەوە بیر دەکەنەوە، ئامادەم حیواریان لەگەڵ بکەم،بەڵام ئەم کۆنگرەیە ستراتیج و چوارچێوەیەکی دیکەی هەیە و ناتوانین لەوە لابدەین. ناتوانین بیکەینە مینبەری کێشەکانی دیکە.

**ڕووداو: تۆ دیالۆگ دەکەی و هێرشیش دەکەیتە سەر برادەرەکانت وانییە؟**

**مەلا بەختیار:** جاری وا هەیە هێرش باشترین دیفاعە، من پیاوێکی پێشمەرگەم، جاری وا هەیە ئەگەر هێرش نەکەیت تیا دەچیت، جاری واش هەیە ئەگەر دیفاع نەکەی تیا دەچیت.

**ڕووداو: ببوورە لەم سەرقاڵییەت بە کۆنگرە کاتم لێگرتی؟**

**مەلا بختیار:** ( بەپێکەنینەوە ) بۆ پرسیارێک هاتی کردت بە چاوپێکەوتن.

 

## ئەوانەی ئێستا ڕێکخستنی نهێنی لەناو یەکێتیدا دروست دەکەن هەر ئەوان بوون بەتووندترین شێوە دژی ئەوە دەوەستانەوە

# ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی گەندەڵی دروستدەکات

## حوسێن شنگاری: کۆمەڵگای کوردی ئەساسی درۆیە

**ڕووداو – هەولێر**

سەرۆکی ڕێکخراوی تۆلێرانسی ئینتەرناشناڵ، پێیوایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە "ئەساسی درۆیە"،دامودەزگا حکومییەکانیشی کە لە قۆناخی دروستبووندان "وەکو دەبینم ئەوانیش بەرەو ئەوە دەچن کە هەڵە دەربچن"، پێشیوایە ئەو سیستەمەی ئێستای پارتی و یەکێتی بۆگەنی کردووە و دەبێ کۆتایی پێ بهێندرێ و هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ کە ئەو پێیوایە ئەنجامەکانی پارتی و یەکێتی وەک 1992 لێک نزیک نابن. شنگاری ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی نەک هەر بە چارەسەر دانانێ بەڵکو "ئەو ڕێککەوتنە گەندەڵی دروستدەکات"،ئەوەش توندوتیژی جەماوەریی لێدەکەوێتەوە. هەروەها دەڵێت "ئەگەر هەموو وەزیرەکان گەندەڵ بن، دزبن و حەرامی بن، هەموویان عەلی بابا بن، بەڵام سیستەمەکە پاک و خاوێن بێت، باشترە لەوەی سیستەمەکە گەندەڵ بێت و وەزیرەکان پاک بن".

حوسێن شنگاری، کە لە کابینەی سێیەمدا وەزیری شارەوانی بووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، ڕایگەیاند سیستەمی ئێستای دەسەڵاتداریتی کوردستان ئێکسپایەربووە و"دەبێت بەئیرادەیەکی سیاسیەوە بڵێین کاتی خۆی لە ساڵی هەڵبژاردن لەترسی شەڕی ناوخۆ ئەو سیستەمەمان دانا، ئێستا ئێکسپایەر بووەو گەندەڵی لێدروستبوو، تەواو بۆگەن بوو، دەبێت بیر لەشتێکی دیکە بکەینەوە". شنگاری پێیوایە چارەسەری سیستەمی ئێستای دەسەڵاتداری کوردستان دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و ئەنجادانی هەڵبژاردنێکی ئازادی دوور لە تەوافوقی پارتی و یەکێتی و دوور لە لیستی حیزبییە"سیستەم واتە دیموکراسیەتێک هەبێت، دەستاودەستی دەسەڵات هەبێت و ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت، ئێ بابە خۆ ببی بە ئۆپۆزسیۆن ناچی بۆ حەبس، ئێستا مەسەلەن یەکێتی دۆڕاندی لە هەڵبژاردن کاکە یەکێتی خۆ ناچیتە حەبسخانە، خۆ حەبس ناکرێی، موعەزەزموکەڕەم جێگایەکی موحتەرەمت هەیە لە پەرلەمان دادەنیشی وەک ئۆپۆزسیۆن قسەی خۆت دەکەی و گوێت لێدەگرن، هەروەها پارتیش".

لە باشووری کوردستان، هەڵبژاردنەکان بە لیستی حیزبی ئەنجامدراون، واتە ڕێژەیی نەک هەر پاڵێوراوێک بە تاکەکەسی خۆی هەڵبژێرێت واتە بە شێوەی بازنەیی نەبووە. بەڕای شنگاری ئەوەش وایکردووە" لق و مەڵبەند چارەنووسی میللەت دیاری بکەن". واتە بە شێوازی لیست لق و مەڵبەند دیاریی دەکەن کێ بخرێتە ناو لیستەکەیانەوەو کێ دانەنرێ. وەک چارەسەرێک بۆ ئەو سیستەمە جگە لە هەڵبژاردنێکی دوور لە تەوافوقی پارتی و یەکێتی داوا دەکات "هەڵبژاردن دەبێت لەسەر بنەمای تاکەکەس بێت، کە لەسەر ئەو ئەساسە بوو هەتا ئەگەر پاڵێوراوەکە حیزبیش بێت، حیزب ناتوانێ ئەمری لەسەر بکات و زوو زوو پێیبڵێ ئێمە تۆمان کردە ئەندامی پەرلەمان".

هەمیشەدەگوترێ، هەڵبژاردن مەترسی شەڕی ناوخۆ دێنێتە کایەوە لەبەرئەوە بەهۆی جێبەجێنەبوونی مادەی 140 و مانەوەی چەند کێشەی دیکەی کورد بە هەڵواسراوی لە بەغدا و خۆ دوورگرتن لە مەترسیی شەڕی ناوخۆ پێویستە پارتی و یەکێتی بە تەوافوق بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتووش بکەن تا چەند ساڵی دیکە .بەڵام شنگاری وانابینێت کە ئەو هەڵبژاردنە بگاتەوە ئەو ئەنجامە" شەڕی ناوخۆ نابێت بۆچی، خۆ من وتۆ شەڕی ناوخۆ ناکەین خۆیان دەیکەن بابڵێین نایکەینو برایەوە، دەچم دەبمە ئۆپۆزسیۆن".

هەروەها جگە لەوە لێک نزیکنەبوونی ئەنجامەکانی پارتی و یەکێتی لەو هەڵبژاردنەدا ئەگەر بکرێ بە هۆکارێکی دیکەی هەڵنەگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ دادەنێ و دەڵێ" ئێستا ئەنجامەکان لەیەکتر نزیک نابن، لەبەرئەوەی ئەوجارە کەس پێی ناکرێت بڵێت تەزویرکراوەو دەرنەچووەو ئێمە ففتی ففتین و وەکو یەکترین. ئەنجامەکان جیاواز دەبن و جیاوازییەکی زۆریش دەبێت، نەک وەک جاران کە گوترا 49 بە 51 ە ئەوە نابێت، ئەمجارە فەرقەکە زۆر دەبێت".بەڵام ئەوەی دیارینەکرد کە پێیوایە ئەنجامەکانیپارتی باشتردەبن یان یە کێتی "من نازانم، ڕەنگە خۆشم نەچم بۆ هەڵبژاردن، بەڵام دەزانم وەک جاران نابێت".

شنگاری ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی نەک هەر بە چارەسەر نازانێ، بەڵکو بە "خراپ" وەسفیدەکات و،پێیوایە " ئەو ڕێککەوتنە گەندەڵی دروستدەکات، دوایی دەبێتە هۆکاری ئەوەی توندوتیژی و تاڵان دروست ببێت و سیستەمەکە لەڕیشەوە نەمێنێ، بۆیە بەڕای من دەبێت پێش ئەوەی ئەو توندوتیژیە دروست ببێت، پێویستە ریفۆرمی ئەم سیستەمە بکرێت".

حوسێن شنگاری، سەرۆکی ڕێکخراوی تۆلێرانسی ئینتەرناشناڵ کە خۆی بە کەسێکی توندوتیژ و شۆڕشگێر دادانێ و خۆی وەک کەسێکی ریفۆرمخواز دادەنێ، پێشبینی کاردانەوەیەکی توندوتیژانە لەلایەن خەڵکەوە دەکات و دەڵێ " میللەتی کورد ئستیسنا نییە لەمێژووی مرۆڤایەتی، لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا کاتێ ئەو شتانە ئێمە هەمانە هەبووبن توندوتیژی دروست بووە، لەبەر ئەوە دەبێت مەترسیمان هەبێت".


سیستمی پارتی و یەکێتی بۆگەنی کردووە و دەبێ کۆتایی پێ بهێندرێ (فۆتۆ:ڕووداو)

شنگاری پێشبینی ئەوە دەکات کە زووئەو توندوتیژییە لەلای خەڵک دروستببێ"هەموو ئەوشتانەی کە ئێستا هەن ئەوە پیشاندەدەن کە ڕەنگە زوو ئەمە ڕووبدات، بۆیە دەبێت سەرکردایەتی جورئەتی ئەو موبادەرەیەی هەبێت کە سیستەمەکە بگۆڕێت".

شنگاری گۆڕینی سیستەمی بەلاوە گرنگە، نەک گۆڕینی بەرپرسەکان "تەفزیلدەکەم هەموو وەزیرەکان گەندەڵ بن، هەموویان دزبن و هەموویان حەرامی بن و هەموویان عەلی بابا بن، بەڵام سیستەمەکە پاک و خاوێن بێت. لەبەر ئەوەی کە سیستەم گەندەڵ بێت و هەموو وەزیرەکان پاک بن، ئەوە هیچ قیمەتی نییە، لەبەرئەوەی سیستەمی پاک دوایی دەتوانێ موحاسەبەی گەندەڵەکان بکات".

حوسێن شنگاری، هەر بەتەنیا ڕەخنەی لە دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانیی کوردستان نییە، بەڵکو ڕەخنەی لە کۆمەڵگای کوردیشە، ئەو لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ کۆمەڵگای کوردی پاکە، دەڵێ"نەخێر کۆمەڵگایەکە ئەساسی درۆیە، دەبێت خەڵکیش ئەم ڕاستییە بزانێ.ئینسان یەک ویژدانی هەیە، بەڵام ئینسانی کورد سێ چوار ویژدانی هەیە، ئاخر ئەوە نابێ، چونکە یەکێکیان ڕاستە ئەوانی دیکە هەموویان درۆن، کابرا باسی کوردو کوردستان دەکات کەچی دەبینی خەریکی دزییە، یان قورئان دەخوێنێ و لەولاشەوە شتی حەرام دەکات، ڕۆشنبیری کورد هەر باس باسی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنیەتی، بەڵام درۆش دەکات و خواخوایەتی مەسئولێک مەرحەبای بکات یان ئیمتیازێکی بداتێ".

## لێکۆڵەرێکی کوردیش بەشدارە لە دۆزینەوەکەدا

# چارەسەری نەخۆشییەکانی جومگە دۆزرایەوە



زریان عوسمان لەگەڵ هاوکارێکی لە تاقیگەیەگی هۆڵەندا

**رووداو- هۆڵەندا**

نەخۆشیی سوانی جومگەکان، کێشەیەکی گەورە بوو کە ساڵەهابوو لێکۆلینڤانە زانستییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، بەڵام هێشتا دەرەنجامێکی سەرکەوتوو بە دەست نەدەهات. هەفتەی رابردوو ئێمە لە (رووداو) هەواڵی ئەوەمان بیست کە گرووپێکی لێکۆڵینەوەی پزیشکی بە ناوی (سێلکۆ تێک) کە بارەگاکەی لە هۆڵەندایە، چارەسەری یەکجارەکیی ئەو نەخۆشییەیان دۆزیوەتەوە، ئەوەی زۆرتریش سەرنجراکێش بوو، ئەوەبوو کە لێکۆڵەرێکی کوردیش لە دۆزینەوەکەدا بەشدارە.

زریان عوسمان کە خەڵکی هەولێرە و، نزیکەی هەشت ساڵە لە هۆڵەندا دەژیت، خۆشحاڵە کە بە بەشداریکردنی لە دۆزینەوەیەکی ئاوادا رۆڵی دەبێت لە چارەسەرکردنی هەزاران نەخۆش لە جیهان بەو دەردەوە دەناڵێنن. زریان گوتی ئەو دۆزینەوەی ئەوان "کەسێکی پەککەوتە سەر لەنوێ دەکاتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی".

زریان، گرنگی ئەو دۆزینەوەیە لەوەدا دەبینێ کە زۆر کەسی وەرزشوان و کرێکار یان ئەوانەی بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە تووشی ئەو دەردە دەبوون ئەو دۆزینەوەیە هیوای چارەسەربوونیان زیندوو دەکاتەوە "چارەسەری نەخۆشییەک دەکات کە جاران چارەسەریی بە ئەستەم دەزاندرا، زۆر کەس هەبوون کە بەهۆی نەمانی کرکراگەی نێوان جومگەکانیان توانای رۆیشتنیان کەمدەبووەوە یان نەدەما، خۆشبەختانە ئەو کەسانە دەتوانن لەمڕۆوە ئومێدی چارەسەر بوونیان پەیدا بێتەوە".

هەروەک ئەو پسپۆرە کوردە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ئێستا لە قۆناخیی کۆتایی دۆزینەوەکەیاندان و دەڵێ" ئەو لێکۆڵینەوانەش کە لەسەر مشک کراون، دەریدەخەن دەرەنجامەکان مژدە بەخشن". هەروەها ئاشکرای کرد کە لە کۆتایی ئەمساڵدا یەکەمین نەخۆش لە نەخۆشخانەیەکی بەلجیکی بەپێی ئەو دۆزینەوەیان چارەسەر دەکەن " ئەو نەخۆشە یەکەمین کەس دەبێت کە بەو شێوەیە چارەسەری بکرێت".

### شێوازی چارەسەرکردنەکە

زریان عوسمان، چۆنیەتی چارەسەرییەکەی روونکردەوەو گوتی " بەشێک لە کرکڕاگەی نەخۆشەکە لە کاتی نەشتەرگەریدا دەردەهێندرێت و پاشان ئەو خانانەی کە بەرپرسیارن لە سەرلەنوێ سازکردنەوەی کرکڕاگەکان جیادەکرێنەوە، ئینجا لەگەڵ خانە بنچینەییەکانی ناو ئێسقان ( ستام سێڵ) ئاوێتە دەکرێن، خانەی کرکڕاگەکان وا لە خانە بنەڕەتییەکان دەکەن کە ئەوانیش خەسڵەتی کرکڕاگە وەربگرن و بەشداربن لە دروستکردنەوەی کرکڕاگەدا". زریان گوتی ئەوە پرۆسەیەکی زۆر وردە و کاری زۆری دەوێت.

بەهۆی باوەڕپێکراوی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەو گرووپە، لە زۆر لاوە پشتیوانیی داراییان کراوە، زریان گوتی "بۆ نموونە دەوڵەمەندێکی ئەمریکی کە بایەخ بەو مەسەلانە دەدات بەشی هەرە گەورەی خەرجییەکانی خستووەتە ئەستۆی خۆی، دەوڵەتی هۆڵەنداش هاوکارییەکی باشی سەرکەوتنی پرۆژەکە دەکات".

### زریان هاوکاری گەیاندنی چارەسەرییەکە بۆ کوردستان دەدات

خەڵکێکی یەکجار زۆر لە کوردستان، بەتایبەتیش پیرەکان بەدەست ئەو دەردەوە دەناڵێنن و هیچ چارەسەرێکیان دەستناکەوێت، زریان گەشبینە کە بتوانن چارەسەرییەکە بگەیێننە کوردستانیش "ئەگەر چارەسەرییەکە دوای بەلجیکا پەرەی پێدرا، ئەوە بە دڵنیاییەوە بردنەوەی بۆ کوردستان کارێکی گران نابێت، چونکە هەموو پرۆسەکە بە هۆی ئامێرێکەوە دەکرێت کە ئێستا لە قۆناخی دروستکردندایە".

زریان دەڵێ بە هۆی سەرقاڵی خۆی لە هۆڵەندا ناتوانێ ئامێرەکە بباتە کوردستان، بەڵام ئامادەیە لەو بوارەدا هاوکاری حکومەت و هەر دەزگایەک و کەسێکی کوردستان بکات، هەروەها گوتیشی "هەروەها ئامادەم هەم بۆ راهێنانی ئەکادیمی و هەمیش بۆ بردنەوەی ئامێرەکان هەموو هاوکارییەکیان بکەم، لەبەر ئەوەی پێویستە تیمێکی کارامە لەسەر ئامێرەکە رابهێندرێن بۆ ئەوەی بتوانن کار بە ئامێرەکە بکەن و لە بیرۆکەکەش تێبگەن".

ئەو گەنجە داهێنەرە کوردە دڵنیایە لەوەی یەکەمین تاقیکردنەوەی چارەسەرییەکەیان لە کۆتایی ئەمساڵدا لە بەلجیکا سەرکەوتووبێ "ئەوکاتیش بە دڵنیاییەوە هەواڵەکە دەگەیێنمە خوێنەرانی رووداو".

## هۆکاری سەرەکی جگەرە کێشان بووە

# لەساڵی رابردوو 1300 کەس لە کوردستاندا بەنەخۆشی جەڵتەی دڵ و مێشک مردوون



**عەلی حەمەساڵح**
ali@rudaw.net

**رووداو–هەولێر**

بەپێی ئامارێکی فەرمی وەزارەتی تەندروستی کە بە تایبەت دراوەتە (رووداو) تەنیا لە ماوەی ساڵی رابردوودا 1330 کەس بە نەخۆشی جەڵتە مردوون و، رێژەی هەرە زۆریشیان لە پارێزگای دهۆکە کە ژمارەیان 552 کەسە. وەزیری تەندروستیش هۆکارەکەی بۆ زۆربوونی ژمارەی جگەرەکێش دەگەڕێنێتەوە.

لەو ئامارەدا هاتووە: ساڵی رابردوو 214 کەس لەهەولێر، 344 کەس لەدهۆک و 252 کەسیش لەسلێمانی بە جەڵتەی دڵ مردوون. هەروەها: 163 کەس لەهەولێر، 208 کەس لە دهۆک و149 کەس لە سلێمانی بەجەڵتەی مێشک مردوون.

بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا ژمارەی مردووان بەهۆی جەڵتە لەکوردستاندا بە رێژەیەکی مەترسیدار دادەنرێ و زۆر بەرزە.

لەبارەی وردی و دروستی ئەو ئامارانەشەوە د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان وتی" ئێستا بەهۆی دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ دیاریکردنی نەخۆشییەکە ئامارەکان زۆر وردن و توانراوە ئەو دیاری بکرێت کە هۆکاری سەرەکی مردن لەکوردستاندا نەخۆشی جەڵتەی دڵ و مێشکە، رێژەی مردن بەنەخۆشییەکە لەکوردستاندا بەبەراورد بەناوچەکانی دیکەی جیهان رێژەیەکی مەترسیدار و بەرزەو زیاتر لە 40% هاووڵاتیانی کوردستان بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە دەمرن".

بەپێی زانیارییەکانی وەزیری تەندروستی، زۆری ژمارەی مردووان بەو نەخۆشییە لەکاتێکدایە، کە تەنیا لەساڵی رابردوو نزیکەی 6 هەزار قەستەرەو باڵۆن لەسلێمانی بۆ هاووڵاتیانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان کراوە، ئەگەر نا ژمارەی مردوان بەو نەخۆشییە زۆر زیاتر دەبوو، د. زریان دەڵێ "لە هەوڵداندایین کە نەشتەرگەری قەستەرەو

> **"زیاتر لە 40%ی هاووڵاتییانی کوردستان بە جەڵتە دەمرن"**
>
> **وەزیری تەندروستی**

باڵۆن لەدهۆک و هەولێریش بکەین".

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO کە دراوەتە وەزارەتی تەندروستی کوردستان 50% پیاوان و 11%ی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان جگەرەکێشن و ئەم رێژەیەش بەرێژەیەکی مەترسیدار دادەنرێت.

رۆژی 2008/5/31 پەرلەمانی کوردستان یاسای قەدەخەکردنی جگەرەکێشانی لە شوێنە گشتییەکان و ناو ئۆتۆمبێلدا دەرکرد، کە لەرۆژی جیهانی دژی جگەرەکێشانی ئەمساڵەوە دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێ. بەپێی ئەو یاسایە هەرکەسێک لەشوێنی گشتیدا جگەرە بکێشێ بە 10 هەزار دینار سزا دەدرێ.

د.ئاریان خالس، ئەندامی لیژنەی تەندروستی لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی ئەو یاسایە جگەرەکێشان لەشوێنە گشتییەکاندا سزای لەسەرەو ئومێدمان هەیە بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە رێژەی جگەرەکێشان و مەترسی جگەرەکێشان لەکوردستانداکەمتربێتەوە". بەڵام لەهەمانکاتدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە گوتی" پێویستە هەماهەنگی و هاوکارییەکی جیدی لە نێوان وەزارەتی تەندروستی و پلاندانان و ناوخۆو پەروەردەو ئەوقاف و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە هەیە".

وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان دەڵێ" 5/31 رۆژی جیهانی نەهێشتنی جگەرەکێشانە، ئەگەرئەویاسایەی لەپەرلەمان دەرچووە وەک خۆی جێبەجێبکرێت، بەڵێن دەدەم کە رێژەی مردن بەنەخۆشی جەڵتە 50% کەمدەبێتەوە".

تائێستا وەزارەتی تەندروستی چەندین جار داوای لەپەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران کردووە رێکلامی جگەرە قەدەخە بکەن، بەڵام تائێستا ئەم داواکارییە نەبووەتە بڕیار. لەوبارەوە وەزیری تەندروستی دەڵێت"چەندین جار بەنوسراو داوای قەدەخەکردنی ریکلامی جگەرەم کردووە، بەڵام تائێستا بەتەواوی قەدەخە نەکراوە".

د. ئاریان خاڵسیش ئەوە روونکردەکاتەوە کە تائێستا پەرلەمان هیچ بڕیارێکی دەرنەکردووە بۆ قەدەخەکردنی رێکلامی جگەرە"بەڵام ئەم یاسایە رێکلامی جگەرە بەتەواوەتی لەکوردستان قەدەخە دەکات".

ئەگەرچی وەزیری تەندروستی زۆر پێداگیری لەسەر ئەوەدەکات کە زۆربوونی جەڵتە لێدان لە کوردستان پەیوەستە بە زۆربوونی ژمارەی جگەرە کێشەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا قەڵەوی و زۆری کێشی لەشی هاووڵاتیانی کوردستان و وەرزش نەکردنیش هۆکارێکی دیکەیە. وەزیری تەندروستی دەڵێ" قەڵەوی دەبێتە هۆی تووشبوونی نەخۆشی شەکرە، لەشەکرەشەوە تووشی فشاری خوێن (زەخت) دەبن و پاشان جەڵتە لێیاندەدات".

وەزیری تەندروستی دەڵێ تاکی کوردستانی پێویستی بەهۆشیاریی تەندروستی هەیە" جگە لەوەی پیسی ژینگەو سەرچاوە ئاوییەکانیش رۆڵیان هەیە لەزۆربوونی جەڵتە لێدان".




رێکلامێکی گەورەی جگەرە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا

(فۆتۆ:رووداو)

# 1800 تووشبووی نەخۆشی تالاسیمیا لەکوردستاندا هەیە

## "زۆرجار بۆ پەیداکردنی خوێن هاوار بۆ مەلای مزگەوتەکان دەبەین"

**ساڵح قادر**
**رووداو – هەولێر**

بەدەیان تووشبووی نەخۆشی تالاسیمیا بەدەست نەبوونی چارەسەری دەناڵێنن و گلەییش لەوەزارەتی تەندروستی دەکەن کە دەنکۆڵەی (حەب)ی چارەسەری نەخۆشییەکەیان بۆ دابین ناکات.

ئەوانیش وەک سەرجەم چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان لەکۆمەڵەیەکدا خۆیان کۆ کردۆتەوە و سەرۆکی کۆمەڵەکەش بەو جۆرە ئامانجی کۆمەڵەکەیان بۆ (رووداو) باس دەکات "بەپلە یەک ئامانجی کۆمەڵەکەمان هۆشیار کردنەوەی تووشبووانی نەخۆشی تالاسیمیایە، کاتێک ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، منداڵیان نەبێ، بۆ ئەوەی رێژەی تووشبوون بەنەخۆشی تالاسیمیا لەکوردستان کەم بکەینەوە".

کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان لە 1995/8/1 دامەزراوە، بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆمەڵەکە ئەوانەی خۆیان بۆ دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێن دەبێ کەسانی تووشبوو بەنەخۆشی تالاسیمیا بن، یاخود باوک یان دایکی تووشبوانی نەخۆشییەکە بن، کۆمەڵەکەش وەک سەرجەم کۆمەڵەکانی دیکە بەهۆی باردودۆخی سیاسی نالەباری کوردستان بووەتە دوو بەش، کۆمەڵەکەی هەولێر ژمارەیان 510 ئەندامە.

نەخۆشی تالاسیمیا نەخۆشییەکی بۆ ماوەیی و درێژ خایەنە و، تا ئێستا چارەسەری بنبڕی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (رووداو) کەوتوون، زیاتر لە 1800 کەسی تووشبوو بەنەخۆشی تالاسیمیا لەکوردستان هەیە، کە 500 تووشبوو لەهەولێرن و 600 کەس لەدهۆک و 700 تووشبووش لەشاری سلێمانین

ئیبراهیم ئەحمەد مستەفا، سەرۆکی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، بەهۆی ئەوەی کچەکەی نەخۆشی تالاسیمیای هەیە، لەساڵی 1997ەوە بووەتە سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو.

وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە ئاماژەی پێدا یەکێک لەگرفتەکانی بەردەم کۆمەڵەکە دەستکەوتنی خوێنە بۆ تووشبووان، چونکە وەک ئیبراهیم دەڵێت "تەنیا لەشاری هەولێر مانگانە پێویستمان بە 600 بتڵ خوێنە"، سەبارەت بەچۆنیەتی دەستکەوتنی ئەو خوێنە ناوبراو گوتی "نەخۆشخانەکان هاوکاریمان دەکەن، هەموو رۆژانی شەممەو سێ شەممە سەردانیان دەکەین، ئەو خوێنەی لەکاتی نەشتەرگەرریدا دەمێنێتەوە دەیدەن بە ئێمە، هەروەها زۆرجاریش نووسراو بۆ دەزگا حکومییەکان، ئەوانیش هەڵمەتی خوێن بەخشینمان بۆ ئەنجامدەدەن، بۆ نموونە کاک کەریم سنجاری تا ئێستا 3 جار هەڵمەتی خوێن بەخشینی لەنێو وەزارەتەکەی بۆ ئێمە ئەنجامداوە".

ناوبراو گوتیشی " جگە لەوەی کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستانیش زۆر هاوکاریمان دەکەن، زۆرجاریش پەنا دەبەینە بەر مامۆستایانی مزگەوت، بۆ ئەوەی لەنوێژی هەینی بانگەوازمان بۆ بکەن بۆ خوێن بەخشین".

هەر چەندە وەزیری تەندروستی ئاماژە بەوە دەدا کە ئەو نەخۆشییە لەجیهاندا چارەسەری نییە، بەڵام وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە باسیکرد نەخۆشی ناویراو لەوڵاتی ئیتاڵیا چارەسەری هەیە و تا ئێستاش 12 کەس لەرێگەی رێکخراوێکی ئیتاڵی بەهاوکاری حکومەتی کوردستان رەوانەی ئیتاڵیا کراون.

سەبارەت بەچارەسەری ئەو کەسانەی رەوانەی ئیتاڵیا کراون، ئیبراهیم ئەحمەد گوتی " لەو 12 کەسە 6 کەس چارەسەریان بۆ کراوە، هەر چەندە چاک بوونەتەوە، بەڵام جارێک بەتەواوەتی دیار نییە، کە ئەو چارەسەرییە موزاعەفاتی هەیە یان نا".

بەپێی قسەی ناوبراو تێچووی چارەسەری هەر نەخۆشێک نزیکەی 200 هەزار دۆلارە "چونکە نەخۆشەکە بۆ ماوەی یەک ساڵ لەژێر چاودێری پزیشکیدا دەبێت، تەنیا نەشتەرگەری و چارەسەرییەکەی 150 هەزار دۆلاری تێدەچێ، ئەوی دیکەش خەرجی مانەوەیەتی".

ئیبراهیم ئەحمەد پێیوایە حکومەتی کوردستان لەتوانایدا نییە سەرجەم تووشبووانی نەخۆشی تالاسیمیا بۆ چارەسەری رەوانەی دەرەوەی وڵات بکات "چونکە 1800 تووشبووی تالاسیمیا لەکوردستان هەیە، هەر یەکەیان بۆ چارەسەری 200 هەزار دۆلاری پێویستە، ئەو بڕە پارەیەش لەتوانای حکومەتی کوردستاندا نییە".

هەر لەو بارەیەوە د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان گوتی "تالاسیمیا لەهیچ شوێنێکی دونیادا چارەسەری نییە، چارەسەرەکەی بەس تەنیا چاندنی مووخی ئێسکە، ئەویش 200 هەزار دۆلاری تێدەچێ، ئەو پارەیەش لەتوانای ئێمەدا نییە".

سەبارەت بەرێگە چارەیەک بۆ تووشبووانی ئەو نەخۆشییە وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان گوتی " جاری پێشو کە سەرۆک کۆمار هاتەوە لەرێگەی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیەوە داوامان کرد کە نەخۆشخانەیەکی چاندنی مۆخی ئێسکمان بۆ بکاتەوە، ئێستا تیمێکی ئیتاڵی لەگەڵ د.شێرکۆ عەبدوڵڵا قسەیان کردووە و رێکەوتنێکمان کردووە ئەو نەخۆشخانەیەمان بۆ بکەنەوە".

چارەنووسی سەتان تووشبووی نەخۆشی تالاسیمیا بەستراوەتەوە بە دوو چارەسەر ئەویش دەرزی دسفرار و حەبی ئێکس جیتە، وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە گوتی "بەهۆی بەکارهێنانی ئەو دەرزییە و چاودێری پزیشکی ئەگەر نەهێڵدرێت خوێنی تووشبوو لە 60% دابەزێت، ئەوا کەسی تووشبوو دەتوانێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژیت".

بەپێی قسەی سەرۆکی کۆمەڵەکە ئێستا جۆرە حەبێک کە بەحەبی "ئێکس جیت" ناودەبرێ شوێنی ئەو دەرزییەی گرتووەتەوە، بەڵام بەهۆی گرانی نرخەکەی کە هەر پارچەیەکی بە 550 دۆلارە دەستکەوتنی بۆ نەخۆش زەحمەتە.

سەرۆکی کۆمەڵەی تالاسیمیا گوتی "ئەو حەبە لەئوردون و ئیمارات هەیە، هەر پارچەیەک 27 دەنکی تێدایە کە بەشی دوو مانگی نەخۆش دەکات، بەڵام لەبەر گرانی نرخەکەی تووشبووان توانای کڕینیان نییە، چەند جارێکیش داوامان لەوەزارەتی تەندروستی کردووە، کە بۆمان دابین بکات، بەڵام وەزارەت دەڵێ لەتوانامانندا نییە".

ئەگەر چی بەدەیان کۆمەڵە و رێکخراوی خێرخوازی ناوخۆ و دەرەکی هەن، هاوکاری کەسانی کەمئەندام و نەخۆش دەکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسێک لایەکی لەو کۆمەڵە نەکردۆتەوە، جگە لەرێکخراوێکی ئیتاڵی نەبێت کە 12 تووشبووی بردۆتە ئیتاڵیا بۆ چارەسەرکردن، لەو بارەیەوە ئیبراهیم گوتی "جگە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کە مانگانە 3 ملیۆن دینارمان وەکو نەسرییە دەداتێ و 30 هەزار دیناریش دەداتە تووشبووان، هیچ کەس و لایەنێک هاوکاری نەکردووین".

ناوبراو گلەیی ئەوەشی هەبوو کە بەشی تالاسیمیا وەکو تاقیگەیەکی لێهاتووەو ئەو زیاتر ئەو مەسەلەی روونکردەوەو گوتی "بەشێکمان هەیە بەناوی تالاسیمیا، بەڵام ئەو بەشە وەکو تاقیگەیەکی لێهاتووە، دکتۆرە موقیمەکان دێن راهێنان لەسەر تووشبووان دەکەن، ماوەی مانگێک تا 2 مانگ لە بەشەکە دەمێننەوە دوای ئەوەی شارەزاییەکی تەواو لەبارەی نەخۆشییەکە پەیدا دەکەن بەشەکە جێدەهێڵنەوە، دەتوانم بڵێم نەخۆشەکانمان بوونەتە مشکی تاقیگە".

## داود باغستانی لەسەر بانگهێشتی شیمۆن پێرێز دەچێتە ئیسرائیل

# ئیسرائیل دەڵێ کورد نازانێ سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێ



**رووداو: چۆن بوو لەم کاتە گڕگرتووەی عێراقدا بیرت لەوە کردەوە بچیە ئیسرائیل؟**

**داود باغستانی:** من لە سەر داوەتی شیمۆن پێرز چووم،کە دۆستێکی لە مێژینەی منە و 34 ساڵە دۆستی یەکترین. پێشوازییەکی زۆر گەرمیشیان لێکردم.من لەساڵی 1970ش چوومە ئیسرائیل و، زۆر سەربەرزم بەو پەیوەندییەم لەگەڵ ئیسرائیل و شەرمی لێناکەم.

**رووداو: یەکەمجار کەی شیمۆن پێرزت ناسیوە؟**

**داود باغستانی:** ساڵی 1970، چونکە پێشتر لە ساڵی 1967 پەیوەندیم لە گەڵ موشێ دایان و گۆڵدا مائیر هەبوو، هەموویان هەڤاڵ و دۆستی من بوون.

**رووداو: دەگوترێ لە رێگەی پیانکای هاوسەرتەوە ئەو پەیوەندیەت دروستکردووە؟**

**داود باغستانی:** نا، پێش پیانکاش پەیوەندیم هەبوو، بەڵام ئێمەی کورد لە رووی پەیوەندی دیپلۆماسی کەموکوڕیمان هەن و پیانکا ئەو کەموکوڕیانەشی تەواو کرد.بەڵام وەکوتر من خۆم پەیوەندیم دروستکرد و پەیوەندیکردنەکەم لە رێگەی هیچ حیزب و هێزێکەوە نەبووە، هەمیشە خۆم پەیوەندییەکانی خۆم دروستکردوون.

**رووداو: ئەو کاتەی لە زیندانی ئەبوغرێب بووی، رژێمی بەعس نەیدەزانی پەیوەندیت لە گەڵ ئیسرائیل هەیە؟**

**داود باغستانی:** بەڵێ.پرسیاریان دەکرد، بەڵام من نەمدەگوت پەیوەندیم هەیە،پێمدەگوتن ئەگەر پەیوەندیم هەبێت من پێی مەمنوونم، چونکە ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئیسرائیل نییە.

**رووداو: واتە هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو؟**

**داود باغستانی:** نەخێر تەنیا قسەیان هەبوو. وەک چۆن ئەوە بیست ساڵە لێرە دەڵێن داود باغستانی پەیوەندی لە گەڵ ئیسرائیل هەیە، منیش شانازی پێوەدەکەم کە پەیوەندیم لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و ئەوروپا هەیە و پێی سەربەرزم.

**رووداو: داوەتکردنی ئەمجارەت بەهۆی چییەوە بوو؟**

**داود باغستانی:**بەبۆنەی بیرەوەری شەست ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. زۆر کەسایەتی جیهانی وەک جێمی کارتەر، کلینتن و کۆمەڵێک کەسایەتی ئەوروپی و جیهانیش داوەتکرابوون.کە داوەتکرام پێمگوتن بارودۆخم لەبار نییە، وتیان ئێمە بۆت رێکدەخەین.

**رووداو: لە کوێوە چووی؟**

**داود باغستانی:** لە ئوردنەوە، خۆش ئەوە بوو لەسەر سنووری ئوردن، ئوردنیەکان وتیان تۆ کوردیت، وتم بەڵێ، وتیان ئیسرائیلیتان لەلا هەن، وتم بەڵێ، وتیان چەندتان لایە، وتم وەڵڵاهی لەوە کەمترە کە لە باڵیۆزخانەکەیان لای ئێوە هەن.

**رووداو: واتە ڤیزای ئیسرائیلی بە پاسپۆرتەکەتەوە هەیە؟**

**داود باغستانی:** بێگومان.

**رووداو: ئێستا دەتوانیت نیشمانمان بدەی؟**

**داود باغستانی:** چما من غەشیمم؟ پەنجا ساڵە خزمەت دەکەم، تۆ هاتوویت من ئیستدراج بکەی.

**رووداو: چەند رۆژ لەوێ مایتەوە؟**

**داود باغستانی:** حەفت رۆژ. من لە کنێستی ئیسرائیل (پەرلەمان) وتەم پێشکێش کرد، شیمۆن پێرز وتی سوپاسی کاک داود دەکەین،کە 34 ساڵە دۆستی دەوڵەت و میللەتی ئیسرائیلە و سەرمان پێی بەرزە و منیش وتم میللەتی فەلەستین مافی خوراوە و پێمان خۆشە ئەوانیش بگەنە مافی خۆیان، بەڵام میللەتی ئیسرائیلیش بە سەتان ساڵ ستەمیان لێکراوە و من گەلەکەشم لەبیرناکەم وەک کورد کە هەزاران ساڵە ستەمی لێدەکرێت.

**رووداو:لە ئەهالی نووسراوە تۆ وەک سیاسەتمەداری عێراقیی سەریەخۆ سەردانەکەت کردووە، لە کەیەوە رەگەزنامەی عێراقیت وەرگرتووە؟**

**داود باغستانی:** وەڵڵا نازانم، ژنێکی خراپ بە پێنج ساڵ لەئەوروپا رەگەزنامە وەردەگرێ، ئەگەر من پەنجا ساڵ لێرە بێ رەگەزنامە بم ئەوە لە حکوومەتەکەی خۆتان بپرسە.

**رووداو: لە ئیسرائیل کێت بینی؟**

**داود باغستانی:** شیمۆن پێرز، ئیهود باراک، یوسی بێلین و ئەندامانی پەرلەمان.

## پەیامی قەرەیلانم گەیاندە ئیسرائیل

**رووداو: لای کورد تێڕوانینی جیاواز لە سەر ئیسرائیل هەیە، دوای رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەکینیا و باسکردن لە رۆڵی ئیسرائیل لەو رفاندنەدا،رەخنەیەکی توند لەباکووری کوردستان دژی ئیسرائیل پەیدابووە؟**

**داود باغستانی:** هیچ پەیوەندییەکی ئیسرائیل بە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە نییە.

**رووداو: لەو بارەوە قسەت لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیل کرد؟**

**داود باغستانی:** قسەمان کرد و پەیامێکی مراد قەرەیلانیشم بۆ

## ئیسرائیل رای وایە PKK پێویستە بمێنێ و ئاوی دیجلە و فورات کۆنترۆڵ بکات

ئیسرائیلییەکان برد، وتیان ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ PKK نییە و درۆیە ئێمە دەستمان لەوەدا نەبووە. ئەوان هیچ شتێکی شاراوەیان دژی کورد نییە.

**رووداو: لەم رۆژانەشدا مۆساد، رایگەیاند کە پەیوەندییان بە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە نییە؟**

**داود باغستانی:** دوای ئەوەی من هاتمەوە ئەو قسانە کران.

**رووداو: تۆ مۆسادت بینی؟**

**داود باغستانی:** من بۆ خۆم مۆسادم و پێویستم بەوە نییە مۆساد ببینم. ئەوان من دەبینن، ئەوان ناچارن، من یەکێکم لە مەرجەعەکانیان.

**رووداو: لە عێراق؟**

**داود باغستانی:** لە هەموو شوێنێک.

**رووداو: ئەوان بە گشتی تێڕوانینیان لەسەر باکوور و باشووری کوردستان چییە؟**

**داود باغستانی:**ئەوان بە کورتی دەڵێن پێویستە PKK بمێنێت، بەڵام پێویستە لە ناو باکوور بەهێز بێت، پێویستە کۆنترۆلی بەسەر ئاوەوە هەبێت، پێویستە PKK ئاوی دیجلە و فورات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. کە ئەوەیان کرد عەرەبیش دانی پێدادەنێن و هەموو کەس ناچارن قەبووڵی بکەن.

**رووداو: لەوێ باسی ئەوەتکرد کە ئیسرائیل بۆچی چەک دەداتە تورکیا؟**

**داود باغستانی:**باسی هەموو شتێکم کرد، ئەوان دەڵێن ئەوەی PKK دەڵێ راست نییە وئێمە دەستمان لە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا نەبووە، ئەگەر بمانویستبایە دەمانتوانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شام برفێنین،بەڵام شتی وامان نەکردووە و ناشیکەین.

**رووداو: خۆت باوەڕت بەوە هەیە دەستی ئیسرائیلی تێدا نەبێت؟**

**داود باغستانی:**بەڵێ،چونکە موساد یان هەر دەزگایەکی دیکەی ئیسرائیلی کە کار دەکەن بە گوێرەی دەستوور و بڕیاری پەرلەمان کار دەکەن، کارێکی پێچەوانەی ئەوە ناکەن.

**رووداو: هیچ پەیامێکیان نەبوو کە بڵێن با عەبدوڵڵا ئۆجەلان و PKK ئەوەندە نەڵێن ئیسرائیل دەستی لە رفاندنەکە و گرتنەکەدا هەبوو؟**

**داود باغستانی:** ئەوان وتیان کاتی خۆی وەڵاممان نەدانەوە، چونکە گوتمان لەوانەیە پێویستییان بەو قسانەبێت، بۆ ئێران و شوێنی دیکە، بەڵام هیچ دەستێکمان لەو مەسەلەیەدا نییە و لێوەی دوورین.

**رووداو: چۆن تەماشای دۆخی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

**داود باغستانی:** زۆر خراپ.

**رووداو: بۆچی؟**

**داود باغستانی:** زۆر گلەییان لە تاڵەبانی و زێباری هەبوو.ئەوان دەڵێن سەرۆکی عێراق کوردە، وەزیری دەرەوە کوردە،ئێمە ناڵێین با بێن سەردانمان بکەن، بەڵام دەیانتوانی بچنە لای مەحموود عەباس و بیانگوتایە داوای ئێوە رەوایە و دەچین لە گەڵ ئیسرائیلیش قسە دەکەین.بەڵام وتیان کورد نازانێ سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێ . ئەو گلەییەیان هەبوو.

**رووداو: ئەوان دواڕۆژی هەرێمی کوردستان وا دەبینن کە بەرەو سەقامگیری دەچێت؟**

**داود باغستانی:** بڕوایان بەوە هەیە، بەڵام دەڵێن کورد لە هەندێک جێ پەلە دەکەن کە پێویست نییە، لە هەندێ بواریشدا سستن کە پێویستە پەلە بکەن.

**رووداو: وەکو چی؟**

**داود باغستانی:** وەکو یاسای نەوت و هەندێ پرسی دیکەی گرنگ.

**رووداو: ئەوان پێیان خۆشە کە ئەو کۆنتراکتە نەوتییانەی کوردستان دروست بوون؟**

**داود باغستانی:** بێگومان.

**رووداو: وایدەبینن سەنترالیزم لە عێراق جارێکیتر بەهێز ببێتەوە و کوردستان تێدابچێت و سەدامێکی دیکە لە عێراق دروستببێ؟**

## مەحموود عوسمان یەک شتی دروستی پەیوەندی کورد و ئیسرائیلی ئاشکرا نەکردووە و ناشوێرێ ئاشکرای بکات

**داود باغستانی:** ئەوان دەڵێن موقتەدا سەدر کارێکی زۆر باشی کردووە، بەڵام هەموو عێراقی تێناگەن بە تایبەتی کورد.

**رووداو: کە شیعە و سوننەی لە یەک کردووە؟**

**داود باغستانی:**نا کە شیعەی تەحجیم کرد. موقتەدا شیعەی تەحجیم کرد و کارێکی گرینگ دەکات دەبێ بپارێزرێت، ئەوە بۆچوونی ئەوانە و بۆچوونی منیش وەک ئەوانە.

**رووداو:ئەو کاتەی میسال ئالووسی چووە ئیسرائیل، دوو کوڕی تیرۆرکران، تۆ لە خۆت ناترسی؟**

**داود باغستانی:** من تەنیا لە یەک شت دەترسم، ئەز ل باوەڕیا خۆ دەترسم کە درۆ لە گەڵ بیروباوەڕی خۆم بکەم، ئەگینا لە هیچ ناترسم.

**رووداو: ئێستاش لە دەستەی نەزاهەی؟**

**داود باغستانی:** من لە دەستەی نەزاهەم و لە نەتەوە یەکگرتووەکانیشم.

**رووداو: ئەی لەوە ناترسی حکوومەتی عێراق دوای ئەم سەردانەت بۆ ئیسرائیل دەرت بکات ؟**

**داود باغستانی:** حکوومەتی عێراقی هەموویان دزن و فایلی وان لە لای منە کێ من دەردەکات، من دەتوانم ئەوان دەر بکەم، ئەوان ناتوانن من دەربکەن.

**رووداو: واتە هیچ ترسێکت لە سەر ئەمنییەتی خۆت نییە؟**

**داود باغستانی:** تو خوا کەسێک ئیسرائیلی لە پشت بێ لە کێ دەترسێ.

**رووداو:دەگوترێ گفتووگۆیەکی نهێنی لەنێوان عێراق و ئیسرائیل هەیە، هەستت بەوە کردووە؟**

**داود باغستانی:** نا هەستم پێنەکردووە، بەڵام کردوومە.ئەوگفتوگۆیە من کردوومە، نەک بە ناوی حکوومەتی عێراقەوە، بە ناوی میللەتی عێراقەوە وەک یەکێک لە میللەتی عێراق .ئێمە وەک میللەتی کورد و میللەتی عێراق هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ ئیسرائیل نییە. ئیسرائیل خاکی ئێمەی داگیرنەکردووە، چەکی کیمیایی لە ئێمە نەداوە، بە پێچەوانەوە ئەو وڵاتانەی راستەوخۆ کێشەیان لە گەڵ ئیسرائیل هەیە، دەست و قاچی ئیسرائیل ماچ دەکەن بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، باشە ئێمە کە کێشەمان نەبێ بۆچی کێشە بۆخۆمان دروست بکەین. بە دانپێدانانی هەموو دونیا ئیسرائیل دەوڵەتێکی زۆر گرنگی جیهانە، کەواتە ئێمە وەک کورد یان وەکو عێراقی بۆ کێشە بۆخۆمان دروست بکەین.

**رووداو: هەندێک رۆشنبیری کورد دەڵێن کورد لە شوێنێکی جوگرافی وایە نابێ پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دروست بکات،رای تۆ چییە بەرامبەر ئەو بۆچوونە؟**

**داود باغستانی:** ئەوانە با بفەرموون بچنە حەوزەی قوم. کورد میللەتێکە سیاسەت دەکا، عیبادەت بۆ خوایە، سیاسەتیش بۆ ژیانە .ئاخر کەس ماڵی کوردی خراپ نەکردووە کوردی وا نەبێت، هەمیشە ئێمەیان ترساندووە لە پەیوەندی ئیسرائیل، بۆ بترسین. ئیسرائیل نە تارانە و نە دیمەشق و نە ئەنقەرەیە.

**رووداو:سەردانەکەت چ سوودێکی بۆ عێراق و کوردستان هەبوو؟**

**داود باغستانی:** بە بۆچوونی من زۆر گرینگە ئیسرائیل تێبگات کە ئێمە وەک عێراق و وەک کورد کێشەمان لە گەڵ ئیسرائیل نییە .گرنگییەکی ئەوسەردانەی من لەوەدابوو ئەوە جاری یەکەم بوو لە مێژووی کورددا شیمۆن پێرز کوردێک بەرەسمی داوەتی ئیسرائیل بکات .

**رووداو: پەیامی قەرەیلان بۆ ئیسرائیل چ بوو؟**

**داود باغستانی:**پەیامەکەی ئەوەبوو ئێمە دوژمنایەتیمان لە گەڵ ئیسرائیل نییە و پێمان خۆش نییە ئیسرائیل هاوکاری تورکیا بکات لە دژی ئێمە، فڕۆکەی سیخوڕیان هەڵبستن و مەشق بەسوپای تورکیا بکەن، منیش ئەو پەیامەم گەیاندە شیمۆن پێرز.

**رووداو: وەڵامی چ بوو؟**

## لە هەموو کوردستان 6 کەس پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبووە

**داود باغستانی:** وتی راست نییە و ئێمە هیچ دوژمنایەتییەکمان لە گەڵ PKK نییە، ئەوەی ئێمە لە گەڵ تورکیا دەیکەین شتی دیکەیە و پەیوەندی بە کوردەوە نییە، لەوانەیە بەرامبەر بە ئێران و هەندێ پرسی دیکە بێ، وتیان هەڵەیەکمان کردووە دووبارەی ناکەینەوە.

**رووداو: کێ هەڵەی کردووە؟**

**داود باغستانی:** ئیسرائیل.

**رووداو: چ هەڵەیەکی کردووە؟**

**داود باغستانی:** بێگومان هەڵەکە لە هەردوولا بووە. مەحموود عوسمان و حەبیب فەیلی کاتی خۆی وایان لە جەنابی سەرۆک بارزانی کرد، ئەگەرچی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، بەڵام ترساندیان و نەیانهێشت سوود لەوە وەرگرین، ئێ کاکە کە پەیوەندی هەیە با سوودی لێ ببینین. یان پەیوەندی نابەستم یان کە بەستم سوودی لێوەردەگرم.

**رووداو:مەحموود عوسمان هەموو ئەو پەیوەندیانەی لە گۆڤاری (الوسط) دا ئاشکراکردن؟**

**داود باغستانی:** مەحموود عوسمان یەک شتی دروستی ئاشکرا نەکردووە و ناشوێرێ ئاشکرای بکات. مەحموود عوسمان هەر لە خۆیەوە چەند ناوێکی داوە کە ئەمانە چوونەتە ئیسرائیل، ئەوە هەمووی درۆیە، یەک شتی بە راستی نەوتووە. مەحموود عوسمان با موناقەشەی من بکات.

**رووداو: ئەو لیستی ناوەی کە لە کتێبی (الأسطورة والحقیقة)دا هەیە، کە دەڵێ لەسەردەمی شۆرشی ئەیلول دا چوونەتە ئیسرائیل راستە؟**

**داود باغستانی:** درۆیە، لە هەموو کوردستان 6 کەس هەبووە کە پەیوەندی راستەوخۆ وناڕاستەوخۆی بە ئیسرائیلەوە هەبووە، ئەوانی دیکە هەمووی درۆیە.

**رووداو:هیچ پەیامێکیان بۆ سەرکردایەتی عێراق و سەرکردایەتی کوردستان دایە تۆ؟**

**داود باغستانی:**هەندێک.

**رووداو: جگە لە تۆ، چ کەسێکی دیکە لە عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانەوە**

## زۆر سەربەرزم کە 34 ساڵە پەیوەندیم لەگەڵ ئیسرائیل هەیە

**هاتبوو؟**

**داود باغستانی:**ئەوەی ئاشکرا من بووم، عەرەب زۆر بوون،مادام ئەوان ناوێرن چوونەکەیان ئاشکرا بکەن منیش ناویان ناڵێم، من لەوێ بووم و شانازی دەکەم کە لەوێ بووم و خوازیارم ئەگەر بشمرم لەوێ بمرم و لە بەر دیواری موقەدەس بمشارنەوە .چونکە ئیسرائیلی میللەتێکی عاقلن.

**رووداو:چ شتێک هێندە بە ئیسرائیلەوە دەتبەستێتەوە؟**

**داود باغستانی:** میللەتێکی عاقڵن. جووەک لە ئوستراليا، لە ئەفریقیا، لە مەغریب یاخود لە ئەوروپا ببینە هەموویان وەک یەک قسەدەکەن، وادەزانیت لە گەڵ یەک کەس قسە دەکەی.پێویستە ئێمەی کوردیش فێری ئەو هاوبیرییە ببین.

**رووداو: لەم ماوەیە زۆر شت بە باش و خراپ لە سەر ئیسرائیل لە رۆژنامەکانی کوردستاندا نووسران، ئەوان چاودێری رۆژنامەگەری کوردی دەکەن؟**

**داود باغستانی:** زۆر باش.

**رووداو: چ کاردانەوەیەکیان هەیە؟**

**داود باغستانی:** هیچ.خۆی گەورەیی ئیسرائیل لەوەدایە کە کاردانەوەی نییە .

**رووداو: ئاگات لەو منداڵە عێراقییانە هەیە کە بۆ چارەسەری دەبرێنە ئیسرائیل؟**

**داود باغستانی:** بەڵێ، ئەو مەسەلەیە ئەوەبوو هەندێک منداڵی عێراقی نەخۆشی دڵیان هەیە، پێویستیان بە چارەسەر هەبوو، هەندێک دەوڵەت هەیە بۆ ئەوەی ڤیزایەک وەربگریت پێویستە خانووەکەت بفرۆشیت، ئیسرائیل وتی با بێن و بەخێر بێن، منیش زۆر سوپاسی ئیسرائیل دەکەم بۆ ئەم کارە .

**رووداو: دەڵێن رێکخراوێک هەیە لە بەغدا ئەو کارەکەی رێکخستووە؟**

**داود باغستانی:** هیچ رێکخراوێک نییە، چوونە ئوردن و لەوێ کارەکە کراوە نەک لە بەغدا.

# هونەر



**ئەیوب عەلی**
**بەڵێن بەبادینان دەدات**

تایبەت بەرووداو

◆ لە پەیوەندییەکدا هونەرمەندی گەنج ئەیوب عەلی تایبەت بە(رووداو)ی ڕاگەیاند کە لە پرۆژەیدایە ئەلبوومێکی تەواو بەکرمانجی سەروو دەربکات. ئەم لێدوانەی ئەیوب ئەنجامی ئەو پڕفرۆشییەیە کە ئەلبوومەکانی ناوبراو لەناوچەی بادینان هەیانە، ئەیوب گوتی "ڕاستە لە دوا ئەلبوومدا بەرهەمی کرمانجیم نییە، بەڵام بە نیازم سیدییەک کە هەمووی بەکرمانجی بێت دروست بکەم".

### دەیەوێت درامایەک لەسەر جەلادەت بەدرخان دروست بکات

# حوسێن حەسەن: لە کوردستان بینەر هەیە بەڵام فیلم نییە

**هەڤپەیڤین : دڵپاک زرار**

حوسێن حەسەن خەڵکی شاری دهۆکە، لەدوای ڕاپەڕینی 1991 هاتووەتە نێو بواری هونەر، سەرەتا بە پێشکەشکردنی بەرنامەی منداڵان دەستی پێکردووەو دواتر وەک ئەکتەر چووەتە نێو بواری فیلم و ئینجا دەستی بەدەرهێنانی کلیپ و فیلم کردووە. تائێستا خاوەنی سێ کورتەفیلم و فیلمێکی درێژە بەناوی (هەرمان) کە لە قۆناخی مۆنتاژدایە، تائێستا لە چەند فیستیڤاڵێکدا خەلاتکراوە:

**رووداو : کاریگەری کام جۆری سینەمات بەسەرەوەیە؟**

**حوسێن حەسەن:** زیتر حەز لەکاری واقیعی دەکەم، بۆیە کاریگەری سینەمای ئیتالیم لەسەرە و، بەکارەکانی یەلماز گۆنای سەرسامم.

**رووداو : بۆچی کلیپ و فیلم بەرهەم دەهێنیت؟**

**حوسێن حەسەن:** دەمەوێ بەو ڕێگە هونەرییە شتە شاراوەکانی ناخی خۆم و هەموو دیاردە جوان و ناشیرینەکانی ژیان پێشانبدەم.

**رووداو : بەڵام لە فیلمەکان زیاتر بابەتی نیشتیمانی و مەسەلەی کوردستان زاڵە؟**

**حوسێن حەسەن:** لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستاش لەژێر دەسەڵاتی بێگانەین، لەبەشەکانی دیکەی کوردستان شۆڕشی چەکداری هەیەو ئێمەش بەجۆرێکی دیکە خەبات دەکەین، بۆیە زیاتر گرنگی بەو مەسەلەیە دەدەم.

**رووداو : ڕێژەی بینەری فیلمی کوردی لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

**حوسێن حەسەن:** بینەر هەیە، بەڵام فیلم نییە. بۆیە ناچارن سەیری فیلمی بیانی بکەن، هۆی نەبوونی فیلمیش لەئەستۆی حکومەتە کە دەبێت بەڕاستی گرنگی بەسینەما بدات.

**رووداو : کەی سیناریۆی فیلمەکانت دەنووسیت؟**

**حوسێن حەسەن:** سیناریۆی فیلمی (هەرمان)م پێش کارکردن نووسی، بەڵام فیلمی (دەمژمێرێک بەری نوکە) تەنیا بیرۆکەیەک بوو سیناریۆم بۆ نەنووسیبوو.

**رووداو : لەڕووی داراییەوە کێ یارمەتیت دەدات ؟**

**حوسێن حەسەن:** ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری یارمەتیت بدات دوای ماوەیەکی زۆر پارەیەکی کەمت بۆ دابین دەکات، بەڵام لەفیلمی (ئۆ نێرگز پشکفت)بەرپرسی لقی 18ی پارتی دیموکراتی کوردستان (محەممەد موحسین) لەسەر ئەرکی خۆی فیلمەکەی بەرهەمهێنا، زۆر جاریش ناچار بووم تەنیا بۆ پارە کلیپ دروست بکەم.

**رووداو : تۆش وەک دەرهێنەرەکانی دیکە گرفتی نەبوونی کچت هەیە بۆ بەرهەمەکانت؟**

**حوسێن حەسەن:** گرفتی نەبوونی هونەرمەندی کچ هی هەموو دەرهینەرانە، بەڵام من کار لەگەڵ کچە هونەرمەندانی باکووری کوردستان دەکەم، ئەوان بەڕێژەیەکی زۆرتر لە بواری هونەری کار دەکەن.

**رووداو : گلەیی ئەوە دەکرێت دەرهێنەران تەنها بۆ وەرگرتنی خەڵات لەدەرەوەی وڵات کاردەکەن؟**

**حوسێن حەسەن:** من کار بۆ خەڵک دەکەم و دەمەوێت دەنگی خەڵکی کوردستان بەدەرەوەی وڵات بگەیێنم، ئەگەر بۆ خەڵاتیش کار بکەم مافی خۆمە چونکە ئێمە بۆ ماوەی دوو ساڵ کە کار لە بەرهەمێک دەکەین دەمانەوێت بەرهەمەکەمان جێی خۆیی بگرێت.

**رووداو : بۆچی کارەکانت زیاتر لەناو سروشتی کوردستانە؟**

**حوسێن حەسەن:** لەبەرئەوەی ستۆدیۆمان نییە، جگە لەمەش سروشتی کوردستان زۆر جوانە دەتوانیت سوودی لێ وەربگریت.

**رووداو: بۆچی ئومێد باڵەبان بەکلیپەکەی رازی نەبوو و رەتیکردەوە؟**

**حوسێن حەسەن:** هونەرمەند مافی خۆیەتی بەو کلیپەی بۆی دەکرێت رازی نەبێت، ئومێدیش بەسیناریۆکە رازی نەبوو، گرفتێکی تەکنیکیش هەبوو کەبە مۆنتاژ چاکدەکرا.

**رووداو : چۆن دەزانی کارێکت سەرکەوتوو بووە؟**

**حوسێن حەسەن:** کاتێک دەبینم منداڵێک سەیری کارێکی من دەکات ئیدی ئەوکات دەزانم کارەکەم سەرکەوتوو بووە.

**رووداو : حەز ناکەیت زنجیرە دراما بەرهەمبێنیت؟**

**حوسێن حەسەن:** تەنها بیرۆکەیەکم هەیە کە زنجیرە درامایەک لەسەر جەلادەت بەدرخان دروست بکەم.



# هەفتانە 5000 فیلم لە هەولێر دەفرۆشرێت

### "10,000BC" پڕفرۆشترین فیلمی بیانی لەکوردستان و جیهان


حوسێن هیممەتی
himmati@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

فیلمە کۆمیدیە کوردییەکان بازاڕیان گەرمە، لەفیلمە بیانییەکانیش فیلمی (10,000BC) تائێستا پڕفرۆشترین فیلمی کوردستان و جیهانە، فیلمە هیندییەکانیش بازاڕیان داگیرکردووە، بەڵام فیلمی فارسی و عەرەبی بازاڕیان نەماوە.

کوڕێکی گەنج بەنێوی دەلە ناسراو بە "کوڕی ترسنۆکێک"، باوکی لەکاتی گەنجی گوندەکەی بەجێهێشتووەو جگە لەهاوڕێیەکەی (تیک تیک) کەس هۆیەکەی نازانێ. ساڵانێکی زۆر تێپەڕیوەو (دەلە) ئێستا بووەتە گەنجێکی ئازا و، لەپێشبڕکێیەکی ڕاوکردن ئازایی خۆی دەسەلمێنێ، بەوهۆیەشەوە سەرۆکی عەشیرەتی گوندەکەیان کچەکەی خۆی (ماموت)ی پێشکێش دەکات، بەڵام دوای ماوەیەک گرووپێک لەبازرگانەکانی مرۆڤ هێرش دەکەنە سەر گوندەکەو چەندین کەس دەکوژن و کچی سەرۆک عەشیرەتیش لەگەڵ خۆیان دەبەن، (دەلە) دوای ئەوەی پلینگێک ڕزگار دەکات و دەبێتە هاوڕێی، بەهۆی پلینگەکەوە عەشیرەتی ڕەش پێستەکان دەناسێ و بەهاوکاری ئەوان، فەرمانڕەوای گرووپە هێرشبەرەکەی گوندەکەیان کە خۆی بە (خودا) دەزانێ دەکوژێ و (ماموت)ی هاوسەری ڕزگار دەکات.

فیلمی دە هەزار ساڵ پێش زایین (10,000BC) کە تائێستا پڕفرۆشترین فیلمی بیانییە لەکوردستان و جیهان، بەرهەمی ساڵی 2008ی ئەمریکایە و فیلمێکی مێژووییە و تائێستا زیاتر لە 700 ملیۆن دۆلاری لەسینەماکان کۆکردووەتەوە، جگە لەوەی لە بازاڕەکانیش فرۆشی زۆرە.

### چاو هەولێر دەترسێنێ

سیدنی و یولنیستی دوو گەنجن کە لەمنداڵییەوەنابینان،بەهۆی‌نەشتەرگەرییەک کە بۆ چاویان دەکرێ دونیای دەوروبەریان دەگۆڕدرێ و جنۆکە و دێو دێتە نێو ژیانیان و ژیانیان لێ تاڵ دەکات، سیدنی بۆ ئەوەی ئەو جنۆکەو ترسە لەخۆی دوور بکاتەوە، بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێت کە چاوەکانیان بۆ ئەو داناوە، دواتر دەردەکەوێت چاوەکانی هی کچێکی جادووگەر بووە کە ترسی خستووەتە نێو ژیانی خەڵک و 340 کەسی تۆقاندووەو کوشتووە.

فیلمی چاو The eye، بەرهەمی ساڵی 2008ی ئەمریکایە و لەلایەن دەرهێنەران زاویر پالود و دەیڤید مورو دروستکراوە کە فیلمێکی ترسناکە، ئەو فیلمە دوای دوو هەفتە پێشاندانی لەسینەماکانی ئەمریکا گەیشتووەتە کوردستان و، یەکەمین جاریش کە لەسینەماکانی ئەمریکا نمایشکرا نزیکەی 12 ملیۆن دۆلاری بەدەستهێنا، ئێستا بەیەکێک لەفیلمە پڕفرۆشەکانی کوردستان دەژمێردرێ. وەکو مەناف، خاوەنی سەنتەری شەپۆل لەهەولێر کە زۆربەی فیلمەکانی DVD ین، بۆ (رووداو) دەڵێ "فیلمی چاو، فیلمێکی زۆر ترسناکە و زۆرترین فرۆشی بەبەراورد لەگەڵ فیلمە ترسناکەکانی دیکەدا هەبووە، خەڵکێکی زۆر داوای دەکات".




خاوەنی یەکێک لەو سەنتەرانەی فیلم لەهەولێر دەفرۆشێت باسی ئەوەیکرد کە زۆربەی ئەو کەسانەی فیلمی ترسناک دەکڕن منداڵانن کە تەمەنیان لەنێوان 10 تا 16 ساڵدایە "جارێک کچێک لەگەڵ دایکی هاتبوو ناوی فیلمی چاوی بیستبوو، کە فیلمێکی ترسناک و خۆشە، بەدایکی گوت ئەو فیلمەم بۆ بکڕە، دایکی یەکسەر گوتی جا بۆ بەو فیلمە نامانتۆقێنی".

کاروان خەریکی تەماشاکردنی فیلمەکانی یەکێک لە دوکانەکانی فیلم فرۆشتن بوو، داوای لەخاوەن دوکانەکە کرد فیلمی (چاو)ی بداتێ، ئەو چێژێکی تایبەتی لەو فیلمانە وەردەگرێ و وەکو خۆی دەڵێ تەنیا تەماشای فیلمی ترسناک دەکات "چێژێکی زۆریان لێ دەبینم، ئەو فیلمانە دەتبەنە دونیایەکی وا کە قەت لە مردوو، جنۆکە، شتی ترسناک نەترسێی و ورەت بەرز بێت".

### فیلمە دزراوەکان پێش ئەوەی بگەنە ئەوروپا لەکوردستانن

بەپێی ئامارێک کە لەلایەن سەنتەرەکانی فیلم فرۆشتن لەهەولێر دراوەتە (رووداو)، ریزبەندی پڕفرۆشترین فیلمەکان لە هەولێر لە هەفتەی رابردوودا بەمشێوەیە بوو:

1- دە هەزار ساڵ پێش زایین (10,000BC ئەمریکی)،2- مرۆڤی ئاسنین (Ironman – ئەمریکی)، 3- خەزێنەی نەتەوەیی (Natonal Treasure –ئەمریکی)،4- چاو (The Eye – ئەمریکی)،5- کلاورفیلد (Cloverfield –ئەمریکی)،6- بازدەر (Jumper – ئەمریکی)،7- بالاخانەی یەعقوبیان ( عمارە یعقوبیان–میسری)، 8- فیلم کارتۆنی هۆرتن (hortn)،

9-ئۆم شانتی ئۆم (om shanty om– هیندی). زۆربەی ئەو فیلمانەش فیلمی ئەکشن، مێژوویی، ترسناک و خۆشەویستین.

بەپێی خشتەیەک کە لەماڵپەڕێکی سینەمایی بڵاوکراوەتەوە، فیلمی 10,000BC تائێستا 177 ملیۆن دۆلار، فیلمی Ironman، 170 ملیۆن دۆلار، فیلمی The Eye 160 ملیۆن دۆلار، فیلمی Natonal Treasur، 100 ملیۆن دۆلار، فیلمی Cloverfield 80 ملیۆن دۆلار و، فیلمی Jumper 20 ملیۆن دۆلاری بەدەستهێناوە.

مەناف خاوەنی سەنتەری شەپۆل کە دوکانەکەی پڕە لەفیلمی بیانی دەڵێ "فیلمە نوێیەکان یەکەمجار کە نمایشدەکرێن لەلایەن کەسانێکی بیانییەوە لەسینەما دەدزرێن و بڵاودەکرێنەوە، بەشێوەیەک کە دوای دوو هەفتە فیلمەکە دەگەنە کوردستان و لێرە بەکۆپی دەفرۆشرێن".

خاوەنی سەنتەری شەپۆل گوتیشی ئەو فیلمانەی دەدزرێن پێش ئەوەی بگەنە ئەوروپا لەکوردستان هەن "زۆرجار خەڵک لەئەوروپا دێتەوە کوردستان، کە ئەو فیلمانە لێرە دەبینێ خەنی دەبێ و فەردەیەک فیلم دەبەنەوە، چونکە وەکو خۆیان دەڵێن هێشتا ئەو فیلمانە نەگەیشتوونەتە ئەوێ و تەنیا لەسینەماکانی ئەو وڵاتانە نمایشدەکرێن کە فیلمەکەی بەرهەم هێناوە".

وەکو خاوەن سەنتەرەکانی فرۆشتنی فیلم لە هەولێر باسیانکرد چەندین کەس لە هەولێر دەچنە وڵاتانی دەوروبەر و فیلم دەهێنن، بەتایبەتی سوریا کە زۆربەی فیلمەکان لەوێوە دێنە نێو عێراق و کوردستان، خاوەنی سەنتەری بڵاوکردنەوەی مەتین کە پێشتر هاتووچۆی سوریای کردووە بۆ هێنانی فیلمی بیانی و عەرەبی بۆ هەولێر، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی"هەفتانە 5000 فیلم لەهەولێر دەفرۆشرێت". هەرچەندە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە و زانکۆ وەک مەناف دەڵێ "بازاڕی فیلمی کەمێک کز بووە".

# ئەمەریکاییەک ژنە پۆلیسەکانی کوردستان دەکاتە فیلم


لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

ڕۆشینی، بەردەوام سەردانی ئەو وڵاتانە دەکات کە جەنگیان تێدایە، بەڵام ئەو لە نێو جەنگدا زوومی کامێراکەی دەخاتە سەر هێزو چالاکی شاراوەی ئەو ژنانەی بە ئارەزووێکی قوڵەوە خزمەتی وڵاتەکەیان دەکەن و هەوڵی بنیات نانەوەی کۆمەڵگەکەیان دەدەن.

ڕۆشینی تێنیکێرانی، ئافرەتێکی سریلانکیی تەمەن 30 ساڵە، وەکو دەرهێنەری فیلم، کارەکانی بەرەو عێراق، لایبیریا، ئەفغانستان، سودان دەبیات.ئەو لەبارەی ڕەچەڵەک و ژیانی خۆی دەڵێت"من خەڵکی ئەمریکام، بەڵام لەسریلانکا لەدایکبووم، دواتر لەویلایەتی مێریلاندی وڵاتە یەکگرتووەکان گەورەبووم و ئێستاش لەوێ دەژیم".

دوای تەواوکردنی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی جۆرج مێیسۆنی ئەمریکی، دەست دەکات بەلێکۆڵینەوەیەک بەناوی (ژنانی پێشڕەو) لەهەر یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەو سەردانی کردوە نموونەی یەکێک لەو ئافرەتانەی وەرگرتووەو بەشێوەی کورتە فیلمێک بڵاوی کردوونەتەوە.

ڕۆشینی دەڵێت " زیاتر سەردانی ئەو وڵاتانە دەکەم کە دووچاری شەڕو کاولکاری دەبنەوەو، گرنگیش بەو کێشانە دەدەم کە لەو وڵاتانە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە،بۆ ئەوەی ئافرەتانی ئەمریکا لە زەحمەتیەکانی ژیانی ئەوان تێبگەن".

ڕۆشینی، لە مانگی 12ی 2003 وەکو ڕاوێژکارێکی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی کاتیی ئەمریکییەکان دێتە عێراق و تاکۆتایی ساڵی 2005 دەمێنێتەوە و، لەو ماوەیەدا بەردەوام بەدوای ئەو ئافرەتانەدا گەڕاوە کە بابەتی کارەکانی ئەون. ڕۆشینی بۆ مەبەستی کارەکەی ئافرەتێکی بێوەژنی لەنزیک شاری بەغدا دۆزیەوە، کە بەتەنیا سەرپەرشتی خێزانەکەی دەکرد و ڕۆژانە لە سەنتەرێکی کۆمپیوتەر کاری پاککردنەوەی دەکرد بۆ دابینکردنی ژیانی منداڵەکانی "ژیانی ئەو ئافرەتە زۆر سەرنجی ڕاکێشام".

دوای دوو ساڵ مانەوە لەعێراق، یەکێک لەو بابەتانەی کە سەرنجی ڕۆشینی ڕادەکێشێت و دواتر بڕیار دەدات کاری بۆ بکات کارکردنی ئافرەتان بووە لەدامودەزگاکانی پۆلیس.

ڕۆشینی سەبارەت بەبیرۆکەی ئەو کارەی بۆ (رووداو) گوتی " لەمانگی 2ی 2007 دەستم کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ دروستکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لەسەر بەشداریی ئافرەت لەداو و دەزگاکانی پۆلیس لەعێراق، یەکەمجاریشمە کار لەئامادەکردنی فیلمێکی درێژدا دەکەم، چونکە کارەکانی پێشووم بەشێوەی کورتە فیلمی4 خولەکی بووە".

سەبارەت بەهۆی هەڵبژاردنی ڕۆڵی ژنە پۆلیسەکانیش لە عێراق بۆ ئەو فیلمە دیکۆمێنتیەی، ڕۆشینی بەپێکەنینەوە گوتی "تەنیا ئەو بابەتەم پێ خۆش بوو، چونکە تا ئێستا کەسێکی دیکە کاری لەسەر نەکردووە، لەبەرئەوەی میدیاکان تەنیا باس لەشەڕ دەکەن و کەس باس لەڕۆڵی ئافرەت ناکات".

ڕۆشینی ماوەی 5 مانگە ڕوویکردووەتە بەغدای پایتەختی عێراق و خەریکی کارکردنە بۆ ئامادەکردنی فیلمەکەی.بۆ ئەوەش تائێستا قسەی لەگەڵ چەند کەسێک کردووە.

فیلمەکەی ڕۆشینی، ژنە پۆلیسەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە. ڕۆشینی ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە لە کاتی کارکردنیدا بۆی دەرکەوتووە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ژنە پۆلیسەکانی کوردستان و عێراق هەیە "هەستم بەجیاوازیەک کرد لەنێوان ژنەپۆلیسەکانی بەغداو هەولێر، هەستدەکەم ئافرەتەکانی ئێرە زیاتر باوەڕیان بەخۆیان هەیە و چەکیش هەڵدەگرن، بەڵام لەبەغدا ئەوەم نەبینی".

بۆ دروستکردنی ئەو فیلمە هیچ دەزگایەکی حکومی هاوکاریان نەکردووە و تەنیا لەلایەن هەندێ کەسەوە هاوکاری کراوە "نەمویست هاوکاری لەحکومەت وەرگرم یان لەدەزگاکانیتر، چونکە ئەو کاتە نەمدەتوانی بەئازادی خۆم کار بکەم، بۆیە ئێستا من زۆر ئازادم لەئەنجامدانی کارەکەم".


ڕۆشینی (فۆتۆ: رووداو)



## هێنری بە 600 هەزار پاوەند یاری کردووە

ڕووداو -BBC

◆ بە پێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، تێری هێنری هێرشبەری فەرەنسی لەدوا وەرزی خۆیدا لەگەڵ یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی بڕی 15 ملیۆن پاوەندی وەرگرتووەو تەنیا بەشداری لە 17 یاریدا کردووە، بەوەش نرخی هەر یارییەکی 600 هەزار پاوەند بووە، کە زۆرترین نرخە لەمێژووی ئەو یانەیەدا.

# دوای ڕێکارد گاردیۆلا چی پێیە بۆ بەرشلۆنە؟

**بەدواداچوونی ڕووداو**



دوای شەش وەرز، سەردەمی فرانک ڕێکاردی هۆڵەندی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی کۆتایی هات. هەرچەندە ڕێکارد زۆری پێشکێش بەو یانەیە کرد، کە دوو نازناوی لالیگاو یەکێکی چامپیۆنسلیگ و دوو جامی سۆپەری بۆ بەدەستهێنا،بەڵام بەکۆتاییەکی پڕ شکست سەرەتای سەردەمی ڕاهێنەرێکی دیکەی گەنج لە بەرشلۆنە دەستپێکرد، کە جۆزێف گاردیۆلای کەتەلۆنییە.

گاردیۆلا ئەرکێکی قورسی لەئەستۆ دایە، چونکە گەورەیی یانەکەو شکستەکانی دوو ساڵی ڕابردووی یانەکە ئەرکی گاردیۆلا زەحمەتترو بەرپرسیارێتییەکەی گەورەتر دەکات.

لێرەدا دوو پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا گاردیۆلا دوای ڕێکارد چی پێیە بۆ بەرشلۆنە؟ دەتوانێت ئەو یانەیە بگەڕێنێتەوە لوتکە؟

چاودێرانی وەرزشی و ڕاهێنەرو یاریزانانیش دوو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر گاردیۆلا هەیە، بەشێکیان دەستنیشانکردنی بۆ ئەم ئەرکە بەڕاست و گونجاو دەزانن، بەشەکەی دیکەش بەهەڵەیەکی ئیدارەی بەرشلۆنەی دەزانن.

ڕێکارد

خودی ڕێکارد، گاردیۆلا بەگونجاوی دەزانێت بۆ جێگرتنەوەی، ڕاهێنەرێکی شارەزای وەک برند شوستەریش بڕوای تەواوی بەتواناکانی هەیە، یاریزانێکی بەنێوبانگی وەک لویس فیگۆی پورتوگالی ئەم دەستنیشانکردنەی بەرشلۆنە بەهەنگاوێکی 100% ڕاست دەزانێت، هەموو ئەو بڕواو متمانەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گاردیۆلا شارەزاییەکی تەواوی لەباری دەروونی یاریزانەکان و بارودۆخەکانیان هەیە، نەخاسمە چەند ساڵێک وەکو یاریزانی سەرکردە یاری بۆ بەرشلۆنە کردووەو پێش وەرگرتنی ئەو پۆستە سەرپەرشتیاری تیپی دووەمی بەرشلۆنە بوو، دەتوانێت سوود لەیاریزانە لاوەکانی وەربگرێت.

بەڵام لەهەمانکاتدا یەکێکی وەکو ڕیچارد دوتریەی گۆڵچی بەنێوبانگی پێشووی فەرەنسی، کە هاورێیەکی نزیکی گاردیۆلایە،لەو بڕوایەدانییە ئەم ڕاهێنەرە ببێتە فریادرەسی بەرشلۆنە، بەو پێیەی کەم ئەزموونە و ناتوانێت ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەیەکی گەورەی وەک بەرشلۆنە ڕاپەڕێنێت، ئەگەرچی پسپۆڕێکی وەکو یۆهان کرۆیفی هۆڵەندی لەبارەی ئەزموونەوە دژی ئەم بۆچوونەیە.

ڕەنگە زەحمەتترین بەربەستی بەردەم گاردیۆلا ئەوە بێت نەتوانێت هەمان پلانی ڕێکارد پەیڕەو بکات، کە ماوەی شەش ساڵە زۆربەی یاریزانەکانی بەرشلۆنە لەسەری ڕاهاتوون، کە بەپلانی هێرشبردنی هۆڵەندا (4، 3، 3 ) ناسرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گاردیۆلا سوود لەچەند یاریزانێکی لاوەربگرێت کە لەسەر دەستی ڕێکارد پێگەیشتوون، لەسەرووشیانەوە لیونێل میسی و بۆجان .

هەرچوونێک بێت جەماوەری بەرشلۆنە بەجۆرێک ترسەوە چاوەڕێی گاردیۆلایە، بۆ ئەوەی بتوانێت کۆتایی بەسەردەمی نسکۆی یانەکەیان بێنێت.



گاردیۆلا

## ئۆباڵ بە ملی ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا
# ڕۆنالدینیۆ بۆ میلان و کاکا بۆ بەرشلۆنە



**ڕووداو- ماڵپەڕی بەرشلۆنە**

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی لە چەند ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی گواستووەتەوە کە هەردوو یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و ئەی سی میلانی ئیتاڵی ئالوگۆڕ بەهەردوو ئەستێرەی بەرازیلی ڕۆنالدینیۆ و کاکا دەکەن.

بەپێی قسەی ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا بەر لە دوو ساڵ بیرۆکەیەکی لەم جۆرە لەنێوان سەرۆکەکانی ئەم دوو یانەیە، خوان لاپۆرتا و بێرلسکۆنیدا باسکراوە، ئەو کاتەی ڕۆنالدینیۆ لەلوتکەی ئاست بەرزیدا بووە، بۆیە لاپۆرتا ڕەتیکردووەتەوە، بەڵام ئێستا خۆی داوا دەکاتەوە، چونکە ڕۆیشتنی ڕۆنی لە بەرشلۆنە مسۆگەرە.

بەپێی ئەم هەواڵە نرخی ڕۆنی بە 35 ملیۆن یۆرۆ و نرخی کاکا بە 60 ملیۆن یۆرۆ دەخەملێندرێت، بۆیە پێویستە بەرشلۆنە دیکۆی پورتوگالی یان زامبرۆتای ئیتاڵی لەگەڵ ڕۆنالدینیۆ بداتە میلان.

## بۆ بردنەوەی نازناوی چامپیۆنسلیگ
# دوو سبەی شەیتانە سوورو شینەکانی ئینگلیز لەدوا جەنگی ئەوروپادا دەبن

**لێدوانی ڕووداو**

ئەمساڵ لەنێو سەرجەم یانە ئەورووپیەکاندا، یانە ئینگلیزییەکان و لەناویشیاندا هەردوو یانەی مانچستەر یونایتدو چێلسی دیارو ئاست بەرز بوون و، بوونە دوو ڕکابەری هەردوو نازناوی پریمەرلیگی ئینگلیزی و چامپیۆنسلیگی ئەورووپی.

دوای ئەوەی مانچستەر یونایتد لەهەفتەی ڕابردوودا توانی لەدوا خولەکەکانی دوا هەفتەی یارییەکانیدا نازناوی پریمەرلیگی ئینگلیزی لەسەر حسابی چێلسی بباتەوە، دوو سبەی بۆ یەکلاییکردنەوەی دووەم ڕکابەری و بردنەوەی نازناوی ئەورووپاش لە موسکۆی پایتەختی ڕووسیا ڕووبەڕووی چێلسی دەبێتەوە.

مانچستەر کە تەمەنەکەی 130 ساڵە خاوەن تۆمارێکی زۆر دەوڵەمەندە لەسەر هەردوو ئاستی نێوخۆو ئەوروپا و، 17 نازناوی پریمەرلیگ و 2 نازناوی چامپیۆنسلیگ و 11 جامی ئینگلتەراو جامێکی جامەکانی ئەورووپای بردووەتەوە،ئەمساڵ هەوڵدەدات هەمان سیناریۆی ساڵی 1999 دووبارە بکاتەوە، کە ئەوکات هەردوو نازناوی پریمەرلیگی ئینگلیزی و چامپیۆنسلیگی ئەورووپی کۆکردەوە.

ئەم یانەیە لەساڵی 1968یش گەیشتە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ و توانی یارییەکە بباتەوە، بۆیە خوازیارە ئەمساڵیش هەر هەمان هیوای بێتە دی.

یانەی چێلسی کە تەمەنەکەی 103 ساڵە، سەرەڕای ئەوەی هەردەم بە یانەیەکی گەورەی لەندەنی پایتەخت ناسراوە، تۆمارە مێژووییەکەی بەبەراورد لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتددا ئەوەندە دەوڵەمەند نییە و، تەنیا 3 نازناوی پریمەرلیگ و 3 جامی ئینگلتەراو جامێکی سۆپەری ئەورووپای لەهەگبە مێژووییەکەیدا هەیە، جاری یەکەمیشە لەمێژووی خۆیدا بگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، بۆیە ڕەنگە هیوایەکانی جەماوەرو ڕاهێنەرو یاریزانەکانی گەورەتر بن لەشەیتانە سوورەکان، چونکە بەبردنەوە دەبنە خاوەن گەورەترین دەستکەوت لەمێژووی خۆیاندا.

ئەم نازناوە بەلای چاودێرانەوە بەهێزترین پاڵەوانێتی تۆپی پێی جیهانە، بۆیە دوو سبەی شەو شەیتانە سوورو شینەکانی ئینگلیز دەکەونە شەڕێکی نەگریس بۆ بەدەستهێنانی نازناوی یەکەمی ئەورووپا، کە هەوادارانی تۆپی پێ لەسەرانسەری جیهاندا، بە کوردستانیشەوە بەپەرۆشەوە لە چاوەڕوانی ئەو یاریەدان.



# ڕۆژنامەنووسانی وەرزش هیوایان بە کۆنفرانسی نەخشەڕێی وەرزش نییە

## ڕۆژنامەنووسێک: ئەم کۆنفرانسەش وەک کۆنفرانسەکانی دیکە هیچ بەرهەمێکی نابێت

**ئیحسان تاهیر**
**ڕووداو -هەولێر**

ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی هیچ ئومێدێکیان بەوە نییە کۆنفرانسی نەخشە ڕێی وەرزشی وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەنجامی هەبێ.

سامان بریفکانی، سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی خەباتی وەرزش پێیوابوو وەزارەتی وەرزش و لاوان دەیەوێت بەم کۆنفرانسە بوونی خۆی بسەلمێنێ "وەزارەتەکەمان لەپەڵە قاژەی مەرگدایە، تاکو ئێستا نەیتوانیوە نەک یاریگایەکی تۆپی پێ بەڵکو یاریگایەکی تۆپی بالەش بۆ شارۆچکەیەکی کوردستان دروست بکات، بۆیە دەیەوێت بەم کارە ئەوە نیشان بدات کە شتێکی کردووە" .وەزارەتی وەرزش و لاوان بەپێچەوانەوە پێیوایە ئەگەر وەزارەتیش لە پێکهاتەی کابینیەی شەشەم دا نەمینێ، ئەوا ئەو نەخشە ڕێییە کارئاسانییە بۆ ئەوانەی دوای ئەوان کاری وەرزش و لاوانیان دەکەوێتە ئەستۆ.

سامان بریفکانی هەروەها گوتی"ساڵی پاریش ئەم وەزارەتە کۆنفرانسێکی کرد، چەندین ڕاسپاردەو پێشنیاری پەسەندکرد، چەندین لیژنە بۆ بەدواداچوون پێکهێنران، کەچی هیچ ئەنجامێکی نەبوو" .

ئەم کۆنفرانسە کە ڕۆژی 15 ئەم مانگە لەشاری هەولێر، لەژێر ناونیشانی (نەخشە ڕێی وەرزش) بەسترا، کۆمەڵێک ئامانجی ڕاگەیاند.

ئەرکان محەممەد، ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشیی کوردستان، پێیوابوو ئەنجامدانی کۆنفرانس بەهەر شێوەیەک بێت، کارێکی باشە، بەڵام بەو مەرجەی کار بەڕاسپاردەکانی بکرێت و پێشنیارەکانی لەبەرچاو بگیرێن "قسەی کۆنفرانس جیاوازە لەقسەی شەقام، کاتێک قسەیەک لەکۆنفرانسدا دەکرێت دەبێتە پرۆتۆکۆل و پێویستە کاری پێبکرێت، کە بەداخەوە متمانەمان نەماوە، چونکە زۆر دەگوترێت و هیچ ناکرێت" .

هەندێک لەڕۆژنامەنووسانیش لەو بڕوایەدان کە ئەو پرۆتۆکۆلە وەرزشییەی وەزارەتی وەرزش و لاوان دەیەوێت لەکوردستاندا پەیڕەوی بکات، ماوەیەکی درێژی دەوێت.

زاگرۆس نانەکەلی، پێشکەشکاری بەرنامەی وەرزشی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، گوتی"گرنگ ئەوە نییە کۆنفرانس چەند دەخایەنێت، گرنگ ئەوەیە چی پێیەو چەند کار بەڕاسپاردەکانی دەکرێت" .

زۆر لەڕۆژنامەنووسان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کۆنفرانسەکە بێ بەرهەم دەبێت .ڕەزا کاکەیی لەوبارەوە گوتی"هەموو کۆنفرانسەکانمان لەهەموو بوارەکاندا ئامانجێکی بێ ئەنجامن، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەم کۆنفرانسەش وەک کۆنفرانسەکەی پێشووتر هیچ بەرهەمێکی نابێ" .



هۆڵی کۆنفرانس (فۆتۆ:ڕووداو)

## پێشبڕکێ

– بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
– لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



کەنعان موسا لە پیرمام بە لێدوانی: (**تەنها سمێڵ سوورەکان هەمزاغا نین**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشووە.

## لێدوان



خوان لاپۆرتا
سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە

**ڕێکارد مێژوویەکی گەورەی بۆ بەرشلۆنە دروستکرد**



فرناندۆ ئەلونسۆ
شۆفێری ئیسپانی

**لە پێشبڕکێیەکانی ئوتۆمبێلدا هەموو شتێک گۆڕاوە**



ئەلیکس فێرگسۆن
ڕاهێنەری مانچستەر یونایتد

**ئیدارەی مانچستەر یونایتد هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانییەتی**

# ژنانی کوردستان لەژنانی میسر ئازادترن

## لەکۆی 444 ئەندامی پەرلەمان تەنیا 5 ژنی تێدایە کە پێنجیان بە دەستنیشانکردن دانراون

**ڕووداو- قاهیرە**

ئەگەرچی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی 2005ی میسردا لەکۆی پتر لە 32 ملیۆن دەنگدەر 11 ملیۆن و 600 هەزار ئافرەت بەشدارییان کرد، بەڵام ژمارەی نوێنەرانی ئافرەت لەنێو ئەنجومەنی گەلدا تەنیا 8 ئافرەتەو لەوانەش تەنیا 3 کەسیان لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجومەنەو ئەوانی دیکە سەرۆک کۆمار بەدەسەڵاتی خۆی دەستنیشانی کردوون.

جەمەلات میسری ئەندامی ئەنجوومەنی گەلی میسری لەسەر لیستی حیزبی نیشتمانیی دەسەڵاتدار لەو ڕێژە کەمەی نوێنەرانی ئافرەت لەنێو ئەو پەرلەمانەدا تەواو نیگەرانەو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەو بەشدارییە کەمە بە "پێشێلکاریی مافی ئافرەت و دەستووری میسر" لەقەڵەم دەدات کە جەختی لەسەر یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو کردووەتەوە. "دەستووری میسری ژن و پیاوی یەکسان کردووە لەمافی سیاسیدا، بەڵام ئەمە لە جێبەجێکردندا بەهیچ جۆرێک ڕەنگی نەداوەتەوە".

یەکێک لەکێشەکان لەبەردەم بەشداریکردنی چالاکانەی ئافرەت لەژیانی سیاسی و مافی خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوەیە کە حیزب و هێزە سیاسییەکانی میسر پابەند نەکراون بەوەی لەلیستی کاندیدکراوانی خۆیاندا ڕێژەیەک بۆ ئافرەت دەستنیشان بکەن، جەمەلات بەئومێدەوە دەڵێت "ئێستا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی میسر و خێزانی سەرۆک کۆمارەوە هەوڵ و تەقەلا هەیە بۆئەوەی ڕێژەیەک بۆ بەشداری و خۆکاندیدکردنی ئافرەت دیاری بکرێت".

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005دا بۆ پێکهێنانی هەشتەمین پەرلەمان لەسایەی دەستووری ساڵی 1971دا نزیکەی 7 هەزار پاڵێوراوی سەربەخۆو سەر بەلیستی حیزب و هێزە سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی 444 کورسی ئەنجومەنی گەل لە ململانێدابوون، بەڵام ئەوەی بووە مایەی نارەزایی ئافرەتانی چالاکگەر، ئەوەبوو کە لەنێو هەموو لیستەکاندا ژمارەی ئافرەتانی پاڵێوراو زۆر لە خوارەوە بوو، بۆنموونە حیزبی نیشتمانی لەلیستی خۆیدا تەنیا 6 ئافرەتی کاندید کردبوو، ئەوەش لەکاتێکدا کە حوسنی موبارەک تەنیا دوو مانگ پێش هەڵبژاردنەکان بەڵێنێکی زۆری دابوو کە نوێنەرایەتی ئافرەت لە پەرلەماندا بەرز دەکاتەوە. لەم ڕووەوە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەحاڵێکی باشتردا نەبوون، ئەوان کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000دا 33 کاندیدکراوی ئافرەتیان هەبوو، لەو هەڵبژاردنەدا پاڵێوراوانی ئافرەت تەنیا 14 کەس بوون، سەرئەنجام ئەوانەشی لەڕێی هەڵبژاردنەوە گەیشتنە ئەنجومەنی گەل تەنیا 3 ئافرەت بوون و ئەگەر ئەمەش بە پەرلەمانەکانی پێشووی میسر بەراورد بکرێ، ئینجا دەردەکەوێت کە ئەو وڵاتە لەڕووی بەشدارییپێکردنی ئافرەتەوە لەژیانی سیاسیدا چەندە لەپاشەکشەدایە.

مێژووی بەشداریی ئافرەت لە پەرلەمانی میسریدا بۆ قۆناغی پاش شۆڕشی 1954 دەگەڕێتەوە کە یەکەمین دەستوور لەپاش شۆڕش لەکانوونی دووەمی 1956دا بڕیاری لەسەر دراو ئەو دەستوورە مافی خۆکاندیدکردن و هەڵبژاردنی بۆ ئافرەت دەستەبەرکردو لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستوورەشدا مانگی ئایاری 1957 پێنج ئافرەت خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندیدکردو دوو لەوانە توانییان بگەنە پەرلەمان. لەنێوان ساڵانی 1964-1968دا پەرلەمانی میسر 8 ئافرەتی تێدابووە. ساڵی 1979 بۆ ئافرەتانی میسر بەساڵێکی مێژوویی دادەنرێ، چونکە بۆ یەکەمین جار بڕیاردرا کە سیستمی هەڵبژاردن لە تاکەکەسییەوە دەگۆڕێت بۆ سیستمی ڕێژەیی لیست و، بڕیاریش درا کە دەبێت لیستی هەر حیزبێک ژمارەیەک بۆ نوێنەرانی ئافرەت دیاری بکات و لەنێو هۆڵی پەرلەمانیشدا 33 کورسی بۆ نوێنەرانی ئافرەت تەرخان کرا. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1987دا ژمارەی نوێنەرانی ئافرەت بۆ 15 ئەندام دابەزی و ئەم ژمارەیە لەساڵی 1990دا بووە 7 ئەندام تا سەرئەنجام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1995دا ژمارەکە هێندە کەم بووەوە کە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەستی تێنەپەڕاند. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شوێن و پێگەی ئافرەت لەنێو ژیانی سیاسی میسری و لەنێو ئەو پەرلەماندا کە بەتەمەنترین پەرلەمانی ناوچەکەیەو مێژووی دروستبوونی بۆ سەردەمی دەسەڵاتی خدێوی ئیسماعیل دەگەڕێتەوە لەساڵی 1866دا، بەردەوام لە پاشەکشێدایەو ئەگەر بە پەرلەمانی کوردستانی بەراورد بکەین (26 ئافرەت لەکۆی 111 ئەندام) ئەوا جیاوازییەکە بەڕوونی دەبینین.

جەمەلات دەربارەی هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەم نوێنەرایەتییە کەمەیان لە پەرلەماندا، باس لەوە دەکات کە چ ئەنجومەنی نەتەوایەتی بۆ ئافرەت یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەوڵی بەردەوامدان بۆئەوەی ئەو ڕێژەیە بەرزبکرێتەوەو دەشڵێت "لەوەدا سەرکردایەتی سیاسی و خودی سەرۆک کۆمار پشتیوانیمان لێدەکەن".

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم بەشدارییە کەمە نەک هەر لە پەرلەمان، بەڵکو لەنێو کابینەی حکومەتیشدا تەواو هەستی پێدەکرێت. لەنێو ئەو کابینەیەدا تەنیا دوو وەزیری ئافرەت هەن، یەکێکیان وەزیری کارەو ئەوی دیکەشیان وەزیری هاریکاری نێودەوڵەتییە.

جەمەلات دەربارەی داواکاریی ڕێکخراوەکان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان گوتی "هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە ئەو ڕێژەیە بگاتە 20 یان 25%".



جەمەلات ئەندامی پەرلەمانی میسر (فۆتۆ:ڕووداو)

# "خۆشەویستی کچەکەم لەگەڵ کوڕێکی موسڵمان هیچ هەڵەیەکی تێدا نەبوو"

## باوکی دوعا: پێیانگوتم ئەگەر دوعا نەکوژی دەتکوژین

**تێری جود**

لە یەکەم سەرنج و نیگادا وادەردەکەوێت شەوبۆ عەلی ڕەئوف لەسەر گیا خەوتبێت، قژە زەرد و نیمچە قاوەییەکەی دەوری ڕووی داپۆشیوە، تەنوورە هاوینیەکەی لەدەوری بڵاوبووەتەوە. بەڵام دیمەنی بێزارکەری باسکەکانی و خوێنە ڕژاوەکەی ڕاستیی دیمەنە تۆقێنەرەکە ئاشکرا دەکەن.

ئەو کچە تەمەن 19 ساڵە عێراقیە، وەکو باوکی دەڵێت، بەپێی یاسا لەلایەن خەزووری خۆیەوە کوژراوە، کە لەگەڵ خۆی بۆ گەشتێک بردوویەتیە دۆکان و لەوێ حەوت گوللەی لێداوە. تاوانی ئەو کچە تەنها ئەوەبووە کە ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسراو لە مۆبایلەکەیدا هەبووە. کوشتنی شەوبۆ لەسەر شەرەف تەنها یەکێکە لەو زنجیرە کارە تۆقێنەرانەی کە لە عێراق دەبینرێن، چالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ ئەم شاڵاوی ژنکوشتنە بە"جینۆساید" کردنی ژنان بەناوی ئاینەوە دەزانن. لە دواهەمین ڕووداوی لەو جۆرەدا، ڕۆژی 27ی ئەپریل ڕاگەیەنرا کەوا کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی ڕەنا عەبدولقادر لەمانگی ڕابردوو لەلایەن باوکیەوە کوژراوە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ سەربازێکی بەریتانی لەباشووری عێراق کەوتۆتە خۆشەویستییەوە. تەنها لە بەسرە، پۆلیس ڕایگەیاندووە کە لە یەک مانگدا 15 ئافرەت کوژراون بەهۆی ئەوەی یاسا ئیسلامیەکانیان شکاندووە وجلوبەرگی ئیسلامییان لەبەرنەکردووە.

توندوتیژی دژی ئافرەتان کارێکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، ڕۆژانەو لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵاتی میلیشیاکان توندوتیژیەکانی دژ بە ژنانیش پەرەدەستێنێ. سەربڕین، دەستدرێژیکردنەسەر، لێدان، خۆسووتاندن، خەتەنەکردن، بازرگانیپێکردن و سووکایەتی پێکردن لەڕێگای بەمێرد دانیان لەتەمەنی 9 ساڵیدا هەموو ئەوانە ڕوو لەزیادبونن.

دوعا خەلیل ئەسوەدی تەمەن 17 ساڵ، کە خەڵکی بەعشیقەی سەر بە موسڵ بوو، لەبەردەم مۆبایلی 200 پیاودا تامردن بەرد باران کرا بەتاوانی ئەوەی لەگەڵ کوڕێکی دەرەوەی هۆزەکەی خۆی، هۆزی ئێزدی، کەوتۆتە خۆشەویستییەوە. بڵاوبوونەوەی وێنەکانی دوعا بەهۆی مۆبایلەوە کە لاشەی تێکشکاوی دوعایان پیشان دەدا، بووە هۆی دروستبوونی توندوتیژی تائیفەگەری و هەژاندنی نێودەوڵەتی و بەرزبوونەوەی داواکاری چاکسازی و ریفۆرم.

باوکی دوعا کە ناوی خەلیل ئەسوەدە دوای ساڵێک لە کوشتنی دوعا ئەوەی ئاشکراکرد کە هیچ یەکێک لە بەرپرسانی کوشتنی کچەکەی نەدراونەتە دادگا و خێزانەکەی ئەویش بە (نەفرەتلێکراو) ماونەتەوە لەنێو هۆزەکەیدا. ئەو دەڵێت "کچەکەم هیچ شتێکی هەڵەی نەکردبوو. ئەو کوڕێکی موسڵمانی خۆشدەویست کە ئەوەش هیچ هەڵەیەکی تێدانییە. من نەمتوانی بیپارێزم، چونکە لەلایەن براکەم و تەواوی هۆزەکەمانەوە هەڕەشەم لێکرا. ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەگەر دوعا نەکوژرێت نەک تەنها دوعا بەڵکو هەموومان دەکوژن، لاشەکەی دوعا شێوێندرا و، وەکو سەبەتەی زبڵ بەردبارانکرا". باوکی دوعا دەڵێت "من دەمەوێت ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجامدا سزا بدرێن، بەڵام تائێستا سزا نەدراون و بەئازادی دەگەڕێن. کوشتن لەسەر شەرەف تاوانە و کارێکی بەربەریانەیە".

سەرەڕای کاردانەوە توندەکان، داوایەکانی ئەمدواییەی نەرمین عوسمانی پەرلەمانتاری کورد بۆ قەدەخەکردنی کوشتن لەسەر شەرەف لەلایەن فەندەمێنتالیستەکانەوە بلۆککرا. هۆزان مەحمود دەڵێت "ڕاستییەکەی کوشتن لەسەر شەرەف لە ڕوانگەی حکومەتەوە تاوان نییە". هۆزان مەحمود بەهۆی واژۆکردنی ڕاگەیێنراوێک لەدژی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەکوردستان فتوای لەدژ دراوە. ئەو دەڵێت "ئەگەر پێشتر یەک دیکتاتۆر هەبوایە توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی بکردبایە، ئێستا نزیکەی هەموو کەسێک توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجامدەدات". هەروەها ئەو دەڵێت "لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بارودۆخەکە خراپتر بووە. زەحمەتە بتوانرێت بزانرێت بارودۆخەکە چەندە سەختە، چەندە بەخراپی بۆ دواوەو بەرەو سەردەمە تاریکەکان گەڕاوینەتەوە. ئافرەتان بەهۆی ئەوەی سەرپۆش لەسەر ناکەن سەردەبڕدرێن. خۆسووتاندن لەبەرزبوونەوەدایە، چونکە ئافرەتان ناچاردەکرێن ئەوکارە بکەن. هیچ دەزگایەک یان ئەنستیتۆیەکی حکومەت نییە بۆ دابینکردنی هیچ پاڵپشتییەک. یاسای شەریعە کە پێشتر لەسەر یاساکانی حکومەتیش جێبەجێدەکرا، نکۆڵی لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکات".

لەمانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، لاشەی سارا جەعفەر نیعمەتی تەمەن 11 ساڵ لە خانەقینی کوردستان دۆزرایەوە، دوای ئەوەی تا مردن بەردباران کرابوو و سووتێنرابوو. لەسەرەتای ئەو مانگەدا، دوو براو خوشکێک لە نزیک شاری کەرکووک لە نێوماڵەکەیان لەلایەن چەند چەکدارێکەوە بە جل و بەرگی پۆلیسەوە ڕفێنران. دوو برایەکە کوژران و ژنەکەش لەبارودۆخێکی سەختدا وازی لێهێنرا، دوای ئەوەی ئاگادارکرایەوە کە دەبێت گوێڕایەلی یاساکانی "دەوڵەتی ئیسلامی" بێت.

هەفتەی ڕابردوو، ژنە ڕۆژنامەنووسێک بەناوی (بێگەرد حوسێن) لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کوژرا. محەمەد مستەفای هاوسەری بێگەرد ژنەکەی خۆی لەبەر ئەوە کوشت گوایا لەگەڵ پیاوێکی دیکە پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە، هەروەک چۆن ڕاپۆرتی سەرچاوە ناوخۆییەکان باسیان کرد.

بەردبارانکردنی دوعا ئەسوەد بووە هۆی دامەزراندنی دەزگایەکی ناوخۆیی لە کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان. ساڵی ڕابردوو ئەو دەزگایە ڕایگەیاند کە لە سلێمانی، کە یەک ملیۆن کەسی لێدەژیت، 407 حاڵەتی سەربڕین و لێدان و مردن ڕوویداوە بەهۆی (کێشە خێزانیەکان)، هەروەها چەندین ژن ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن بوونەتەوە. لەو ئامارەدا حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردن هەژمارنەکراون، چونکە زۆربەی ئافرەتان زۆر دەترسن لەوەی ئەو حاڵەتە ڕابگەیەنن نەوەکو ناوبانگیان بزڕێت. سەرەڕای ئەوەش، لەم ماوەیەدا پۆلیسی کەربەلا 25 حاڵەتی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی ئاشکراکردووە. بەپێی قسەی هۆزان مەحمود، دەستووری تازەی عێراقی چەندین خاڵی دژ بەیەکی تێدایە. لەکاتێکدا ئەو دەستورە دەڵێت کە پیاوان و ئافرەتان یەکسانن لەبەردەم یاسا، کەچی بەپێی یاسای شەریعە، یەک شایەتحاڵی پیاو بەرامبەر بە دوو شایەتحاڵی ئافرەتە.

خاتوو هۆزان مەحمود دەڵێت "بارودۆخەکە بەڕاستی ترسێنەرە"، هەروەها دەڵێت "کوشتن لەسەر شەرەف و تاوان بەرێژەیەکی زۆر بڵاوبۆتەوە. هەزاران کەس بوونەتە قوربانی کوشتن و توندوتیژی و دەستدرێژیکردنە سەر، هەموو ئەوانەش لەلایەن یاسا و داب و نەریتە خێڵەکی و یاسا ئاینیەکانەوە پشتگیری دەکرێن. داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەت دەکەین ئەو کارە بەربەریانە شەرمەزاربکەن و یارمەتی ئافرەتانی عێراق بدەن".

سەرچاوە: Independent
2008/4/28




# ڕۆژانە 3 ژن لەموسڵ بێوەژن دەبن

**زەینەب موسڵاوی**
**ڕووداو-موسڵ**

دایکی عەبدوڵڵا، 54 ساڵ، لەو ڕۆژەوەی مێردەکەی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کوژراوە، هیچ دەستێکی هاوکاری شک نابات یارمەتی بدا، جگە لە یارمەتییە پچڕ پچڕەکەی ڕێکخراوە مرۆییەکان، بەڵام ئەو بڕە یارمەتییەش ناتوانێ بژێوی 5 منداڵەکەی بۆ دابین بکات.

دایکی عەبدوڵڵا، کە 3 ساڵە مێردەکەی کوژراوە، یەکێکە لەو چەندین ژنانەی بەهۆی شەڕو پێکدادانە بەردەوامەکانی نێو شاری موسڵ، مێردەکەی بووە قوربانی و ئەویش ئێستا ڕۆژانە چەندین جار دەبێتە قوربانی ئەو ڕەوشە، چونکە دوای گیان لەدەستدانی مێردەکەی هیچ داهاتێکی نییە، جگە لەکۆمەکی خێرخوازان. هەر بۆیە ناچارە لەبەر گرانی کرێی خانوو ناو بەناو ماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ ئەوەی هەرزانترین خانووی دەست بکەوێت.

بەهۆی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان گرووپە چەکدارەکان و هێزەکانی ئەمریکا و عێراق لەموسڵ، تا دێت ڕێژەی بێوەژنان لەو شارە بەرەو ژوور هەڵدەکشێ، جگە لەوەی ڕۆژانە بەهۆی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە بەدەیان پیاو کەمئەندام دەبن و بەمەش ئەرکی ژنەکانیان قورستر دەبێ.

تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبارەی ژمارەی بێوەژنانی موسڵ لەبەر دەستدا نییە، جگە لەئاماری سەنتەری کار نەبێ، بەپێی ئاماری سەنتەری ناوبراو لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوو، زیاتر لە 5 هەزار ژن بەهۆی شەڕو کاولکارییەکانی شاری موسڵ، پیاوەکانیان لەدەستداون.

سەیری هەر یەک لەو بێوەژنانەی شاری موسڵ دەکەیت، جگە لەخەم هیچی دیکەیان لێ ناخوێندرێتەوە، هەر یەکەیان کۆڵێک خەمی بەشان داداوە، خەمی لەدەستدانی مێرد، خەمی ئایندەی منداڵ.

تا دێت ژمارەی بێوەژنان بەرەو زیادبوون دەڕوات، هیچ بەرچاو ڕوونییەکیش لەلایەن حکومەتەوە بەدیناکرێت بۆ چاککردنی ڕەوشی ئێستا و ئایندەی ئەو بێوەژنانە.

ئیمان بەیاتی، کە توێژەری کۆمەڵایەتییە لەدادگای موسڵ، گلەیی لەکاربەدەستانی حکومەتی عێراقی هەبوو، بەوەی هیچ لایەک لەو هەموو بێوەژنەی شاری موسڵ ناکەنەوەو گوتی "حکومەتی عێراق هیچ ڕۆڵێکی بەرچاوی نییە بۆ یارمەتیدانی ئەو ئافرەتانە، جگە لەکەمێک پارە کە بەشی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان ناکات".

وەنەبێت تەنیا بێوەژنەکان قوربانی شەڕو پێکدادانەکانی شاری موسڵ بن، بەڵکو سەتان ژن بەدیار مێردە کەمئەندامەکانیان دانیشتوون، کە لەشەڕ و تەقینەوەکان ئەندامێکی لەشیان لەدەستداوە.

دایکی ئەحمەد، 33 ساڵ، کە خاوەنی 4 منداڵە، مێردەکەی بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بەئۆتۆمبێلەکەیدا هەردوو قاچی لەدەستداوە، دایکی ئەحمەد دەڵێت "دوای کەمئەندامبوونی مێردەکەم کەس نەبوو بژێوی ژیانمان دابین بکات، بۆیە ناچار بووم لەدوای هەلێکی کار بگەڕێم و لەجیاتی پیاوەکەم کار بکەم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەم بەتایبەت4 منداڵەکەم کە قوتابین و پێویستە خوێندنیان تەواو بکەن". دواجار دایکی ئەحمەد بەهەر جۆرێک بێ خوێندنی پەیمانگای مامۆستایانی ئێوارانی تەواو کرد و ئێستا مامۆستای سەرەتاییە.

هەرچەندە ئەو بێوەژنانە وەک خۆیان ئاماژەی پێدەدەن چەندین جار هانایان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بردووە، بەڵام تا ئێستا ئاوڕێکی جیددیان لێنەدراوەتەوە.

دایکی زەکەریا، 55 ساڵ، کە نیشتەجێی گەڕەکی نەبی یونسە، هیچ نێرینەیەک لەماڵەکەیدا نەماوە، مێردەکەی کۆچی دوایی کردووەو 2 لەکوڕەکانی لەکاتی دەستبەسەرداگرتنی موسڵ لە لایەن ڕێکخراوی قاعیدە لە 2004/11/11 کوژران و کوڕێکی دیکەشی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە کوژراوە. دایکی زەکەریا وەها باسی ژیانی خۆی دەکات "ئێستا تەنیا خۆم و بووکەکانم و منداڵەکانیان ماون و لەڕەوشێکی زۆر خراپدا دەژین، تا ئێستا ڕووم کردووەتە چەندین دەزگای کۆمەڵایەتی، بەڵام تەنانەت یەک دیناریش یارمەتی نەدراوم".

سەنتەری کار لەموسڵ هۆشداری دەداتە حکومەت کە بەهانای بێوەژنەکانی شاری موسڵ بێت، چونکە بەپێی ئاماری سەنتەری ناوبراو ڕۆژانە 3 ژن لەشاری موسڵ لەئەنجامی شەڕو پێکدادانی نێوان حکومەت و گرووپە چەکدارەکان بێوەژن دەبن.

سەنتەری کار لەموسڵ، لێژنەیەکی پێکهێناوە بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی شاری موسڵ بۆ ئەنجامدانی ئامارێک لەسەر ژمارەی بێوەژنانی موسڵ بۆ ئەوەی هەوڵبدەن یارمەتیدانیان بخەنە سەر وەزارەتی کاوباری کۆمەڵایەتی .چونکە هەروەک سەرچاوەیەک لەو سەنتەرە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دەبێ حکومەت هاوکاری بێوەژنان بکات، چونکە ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هاوکارییان بکەین".



## ئیسحاق 9 مانگ زیندانی دەکرێ

ڕووداو - نیوزیلەند

◆ ئیسحاق ئیسحاق ئاشوورییەکی عێراقی نیشتەجێی نیوزیلەندە، ڕۆژی 2008/5/14دادگەیەکی شاری ویلینگتن بڕیاری 9 مانگ بەندکردنی بۆ ئیسحاق بڕیەوە چونکە بەتوندی لەکچەکەی هەڵداوە و ئازاری زۆری پێگەیاندووە لەسەر پەیوەندییەستنی لەگەڵ کوڕێکی موسڵماندا،سو ئێرل پارێزەری ئیسحاقە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی دۆمنیەن پۆست گوتی "لەلای ئاشوورییەکان پەیوەندییەستنی کچێکی کریستیان لەگەڵ کوڕێکی موسڵماندا، شەرمەزارییەکی گەورەیە"

### ئەو ژنەی بە 4 گوللە بریندارکرا هاوار دەکات

# ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوێن فریای بکەون؟

**ڕووداو – چوارقوڕنە**

لەیەکێک لە ڕۆژە گەرمەکانی هاوینی 2006 لەناو بازاڕی چوارقوڕنە بەبەرچاوی خەڵکەوە، لەلایەن مێردەکەیەوە دەدرێتە بەر گوللە و 4 گوللە ئاراستەی سکی دەکرێ و ئێستاش یەکێک لە گوللەکان لەنێو بڕبڕەی پشتیدا ماوەتەوە و دکتۆرەکان ناتوانن دەریبێنن.

(چ.ح) ئەو بێوەژنە تەمەن 29 ساڵەیە، کە دوو ساڵ پێش ئێستا لە مێردەکەی جیا بووەتەوە و ئێستاش لەترسی هەڕەشەی مێردەکەی ناوێرێت لە ماڵی دایکی بێتە دەرەوە "مێردەکەم ئێستاش هەڕەشەم لێدەکات و دەڵێت ڕۆژێک دێ هەر دەتکوژم".

ئەو بێوەژنە، کە دایکی کوڕ و کچێکە، لە دایکبووی گوندێکی ناوچەی بیتوێنە و ئێستاش لەهەمان گوند لەماڵی باوکی لەگەڵ دوو منداڵەکەیدا دەژیت. ئەو یەکێکە لەو ژنانەی بووەتە قوربانی عەقڵی پیاو ساڵاری کۆمەڵگە و، دوو ساڵ لەمەوبەر لەکوشتنێکی مسۆگەر و بەموعجیزە رزگاری بوو.

(چ.ح) باسی لەڕووداوەکە کردو گوتی "ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو لەناو بازاڕی چوارقوڕنە لەسەر شتێکی بچووک لەگەڵ مێردەکەم بەکێشە چووین، ئەویش بەبەر چاوی خەڵکەوە 4 فیشەکی نا بەسکمەوە، دوو مانگ لەنەخۆشخانە مامەوە و 3 نەشتەرگەریم بۆ کرا، هەر بەموعجیزە لەمردن رزگار بووم".

(چ) بە حەسرەت هەڵکێشانەوە باس لە دوو ساڵ و نیوی خۆشترین ژیانی دەکات و دەڵێت "ساڵی 2000 شووم بەپیاوێک کرد، ماوەی دوو ساڵو نیو ژیانێکی زۆر بەختەوەرم لەگەڵیدا بردەسەر، بەڵام دواتر ئەو مێردەم لە ڕووداوێکی نادیاردا کوژرا، ئیدی لەو ڕۆژەوە دەرگای خۆشبەختی بەڕوومدا داخرا".

لەگەڵ کوژرانی مێردەکەی مەینەتییەکانی ئەو ژنەش دەستپێدەکەن وەک خۆی دەڵێت "هێشتا ساڵ و نیوێک بەسەر مردنی هاوسەرەکەمدا گوزەری نەکردبوو، ڕۆژێک ناسیاوێکمان بەناوی (س) کە خاوەنی ژن و منداڵیشە، هاتە سەر ڕێگام و پێیگوتم کە بەنیازە بمخوازێت، منیش داواکەم ڕەتکردەوە، بەڵام ئەو هەڕەشەی لێکردم ئەگەر شووی پێنەکەم دەمکوژێ، بۆیە ناچار بووم شووی پێ بکەم".

(چ) ئاماژەی بەوەدا هەر لەسەرەتای ئەو ژیانی هاوسەرییە تازەیەی،ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدان بووەتەوە "(س) هیچ کاتێک حیسابی مرۆڤی بۆ نەدەکردم،بەردەوام وەکو دڕندەیەک بەردەبووە گیانم، بەردەوام سووکایەتی پێدەکردم، تا دواجار بەبەرچاوی خەڵکەوە بە 4 گوللە برینداریشی کردم".

دوای بریندارکرانی لەلایەن مێردەکەیەوە، (چ) چارەسەری پزیشکی بۆ دەکرێ و باری تەندروستی بەرەو باشی دەچێ، بۆیە ئەو بریندار بوونە بەهەلێک دەزانێ بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوە لەمێردەکەی بکات، لەهەمانکاتدا لەسەر بریندار کردنەکەشی سکاڵای لەدژی تۆمار کردووە و تا ئێستاش دۆسیەی (س) و (چ) لەدادگایە.

گرفتەکە لەوە دایە دوای جیابوونەوەشی لە هاوسەرەکەی، هێشتا خەمەکانی (چ) کۆتاییان نەهاتووە و، ژیانی لەمەترسیدایە، چونکە هەر لەڕۆژی جیابوونەوەی، (س) هەڕەشەی لێدەکات "بەردەوام پێمدەڵێ، بەڵێن بێ ڕۆژێک هەر بتکوژم".

(چ) لە ترسی هەڕەشەی (س) ڕەشبینە بەرامبەر بەئایندەی خۆی و ئێستاش لەترسی مێردەکەی ناوێرێت بۆ ساتێکیش لەماڵی باوکی بچێتە دەرەوە "شەوانە دەرگا و پەنجەرەی ماڵەوە دادەخەم، مەترسی کوشتن بووەتە مۆتەکەیەک و تا بەیانی نایەڵێت خەو بچێتە چاوم".

تاکە داواکاری (چ) ئەوە بوو کە ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بەهانایەوە بچن و ژیانی لەکوشتن رزگار بکەن، (چ) دەڵێت "ڕێکخراوەکان لەکوێن رزگارم بکەن، با منیش وەکو ئەو هەزاران ئافرەتە بێ تاوانانە نەکوژرێم".



(چ.ح) لە کاتی چارەسەرکردنی لە نەخۆشخانەدا (فۆتۆ:ڕووداو)

# "دسالا 2008 دا کوشتن و خورتیا سێکسی ل دهوکێ نەبووینە"

### ڕێڤەبەرێ دیڤچوونا توندوتیژیێ

**ڕووداو – دهۆک**

تنێ ئێک کێسا خۆکوشتنێ د سالا 2008 دا ل ڕێڤەبەریا دیڤچۆنا توندوتیژیێ ل پارێزگەها دهوکێ هاتیە تومارکرن بەرامبەر بەردەوام خورتیلێکرن و دەنگ و باسێن کوشتنێ ل ناڤەندا دهۆک ودەڤەرێن سەر ب پارێزگەهێ ڤە دهێنە گوه لێبون .

دڤی بیاڤی دا، نەقیب سامی جەلال فەقی ڕێڤەبەرێ دیڤچۆنا توندوتیژیێ دژی ئافرەتان ل پارێزگەها دهوکێ، دداخویانییەکا تایبەت دا (ڕووداو) گۆت" ل ناڤەندا پارێزگەهێ دسالا 2008 ئێک کێسا کوشتن و خورتیا سێکسی ل ڕێڤەبەریا مە نەهاتیە تومارکرن کو ژ گرنگترین کارو کێشێن ڕێڤەبەریا مە نە"، لێ نەقیب سامی دیارکر کو وان ئاگەە ل دەڤەرێن سەرب پارێزگەهێ ڤە نینە " ژبەرکو مە نڤێسینگە لێ نینن، تنێ کارێ ڕێڤەبەریا مە ناڤەندا پارێزگەهێ یە لێ تنێ ئێک کێشا خۆکوشتنێ بوویە ل ناڤ دهۆکێ ئەوژی ژ ئەگەرا تێکجوونا دەرونێ کچەکێ بوویە".

دیسا ناڤبری دیار کر دسالا 2008 ێ دا تا ڤێ گاڤێ 50 کێشە هاتینە تۆمار کرن و زۆربەیا وان خورتی و گەف لێکرن بوونە، ئەوژی زۆربەیا وان دناڤ خێزاناندابوویە، دناڤبەر ژن و مێرادا یان کچ و بابا و گۆت" ئەڤ کێشە ب ڕێکا دادگەهێ و یاسایێ دهێنە ب دووماهی ئینان و پشتی کێشێ ژی بو ماوێ سێ هەیڤا دیڤچۆنا بابەتی دکەین ب ڕێکێن نهێنی ژ بۆ دووبارەنەبوونێ" .

ل گۆر زانیارییێن گەهشتینە (ڕووداو) ڕۆژا 2008/5/4 پۆلیسێن ڤێ ڕیڤەبەریێ پشتی کو ژ لایێ کەسەکی ب تەلەفۆنێ هاتنە ئاگەهدارکرن، شیان ئافرەتەکێ ب ناڤێ (ع) ژ دەستێ براییێن وێ رزگار بکەن، کو ل هەولا کوشتنا وێدابوون، نهۆ ل چاکسازیا ئافرەتانە ل دهۆکێ بۆ پاراستنا وێ.لێ ڤێ ڕیڤبەریێ و ڕێڤەبەرێ پۆلیسی ل دهۆکێ هیچ زانیاری ل سەر ڤێ بوویەرێ نەدان.

ل دۆر ئاخفتنێن ڕیڤەبەرێ دیڤچۆنا توندوتیژیێ ل دهۆکێ، ئەڤین هروری بەرپرسا جڤاتائەفرەتان ل پارێزگەها دهوکێ گۆت کارێ هەڤپشک دناڤبەرا مە ورێڤەبەریا ناڤبری نەهاتیە کرن و گۆت"هەرچەندە مە پەیوەندی دگەل ئێک هەیە لێ ئەم هاندەرین بۆ ئافرەتێ کو قەبوول نەکەت مافێن وێ بەرزەبن و قەبول نەکەت هەر خورتی لێ بهێتە کرن و پێدڤیە ب ڕێکا ڤێ ڕێڤەبەریا تایبەت کو بۆ خزمەتا وان هاتیە دامەزراندن بەرەڤانیێ ژ خۆ بکەن".

# ژنان دەبنە قوربانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل

## 350 ژن لە ساڵی 2007 لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل تووشی توندوتیژی بوونەتەوە

**ئامانج خەلیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

سەلما کچێکی تەمەن 23 ساڵانە و ماوەی دوو مانگە لەلایەن یەکێک لەڕێکخراوەکانی ژنانەوە لە سلێمانی داڵدە دراوە، دوای ئەوەی لەلایەن کەسوکارەکەیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت.

کێشەکەی سەلما ئەوکاتە سەر هەڵدەدات کە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا پەشیمان دەبێتەوە. سەلما، ناوی ڕاستەقینەی نییە، ئەوەندە متمانەی بە کوڕەکە دەبێت کە زۆر بە کراوەیی قسەی ڕۆمانسی لەگەڵ دەکات، تەنانەت باسی سێکسیش.

بەڵام کاتێ سەلما پەشیمان دەبێتەوە کوڕەکە وەک تۆڵەکردنەوەیەک چەند تراکێکی دەنگی کچەکە کە پێشتر تۆماری کردووە لە مۆبایلەکەیدا دەگەیەنێتە دەست کەسوکارەکەی.

سەلما دەستی چەپی بەهۆی شکاوییەکەیەوە گەچ نرابوو، سەرپۆشێکی ڕەشی لەسەر نابوو، ڕەنگێکی زەرد دەموچاوی گرتبوو، درێژەی بەقسەکانیدا، وتی"قسەو نامەکانی ناو مۆبایلەکەی خۆی تەسلیم بە براکەم کردبوو، بەڵام بەکەسێکی نهێنی خۆی ناساندبوو، لەوکاتەوە بەبێ ئەوەی مەجالی قسەکردنم بدەن کەوتنە لێدانم، چەندجارێک بەهۆی لێدانەوە بورامەوە."

لەسەر جەستەی سەلما ئاسەواری ئەشکەنجادانی توند دەرکەوتووە، جارێکیش دەستی شکێنراوە.

سەلما توانیویەتی بەیارمەتی خوشکێکی یەکێک لە ڕێکخراوەکان ئاگاداربکات و رزگاری بکەن. ئێستا هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە، بۆیە ناتوانێت لەو ڕێکخراوە بچێتە دەرەوە.

ژنان لە هەرێمی کوردستان قوربانی یەکەمن بۆ ئەوکەسانەی مۆبایل بەشێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنن. بەدەیان ژن ڕووبەڕووی کوشتن، ئەشکەنجەدان و هەڕەشەکردن بونەتەوە، ئەویش لەدوای ئەوەی لەلایەن پیاوانەوە وێنەیان دەگیرێت و بڵاودەکرێتەوە.

بەپێی وتەی ئەو سەرچاوانەی بۆ ڕووداو دوان پیاوان وێنەی ئەم کچانە دەگرن و بڵاوی دکەنەوە، هەندێکیان وەک تۆڵەکردنەوە بەکاری دەهێنن لەدوای ئەوەی کچەکە پەیوەندییەکە کۆتایی پێدەهێنێت یان ڕازی نابێت شووی پێبکات، هەندێکی تر لە کوڕان وەک کارێکی ئازایانە باسی لێوەدەکەن لەوەی کە لەگەڵ کچاندا ڕادەبوێرن.

بەرپرسان لە هەرێمی کوردستان کێشەکە بەدیاردە وەسفدەکەن و دیاردەکە بەڕادەیەک ڕووی لە زیادی کردوە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوە پرۆژە یاسایەکی بۆ دابنرێت.

بەپێی دوو ئامار کە لە شاری سلێمانی و شاری هەولێر دەست ئەنستیتوی ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی کەوتووە، تەنها لەساڵی 2007 نزیکەی 350 ئافرەت لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و، ژمارەیەکیش لەوانە بەدەستی کەسوکاریان کوژراون. ئەمە بەبەراورد بە ساڵی 2006 کە تەنها 170 کەس ڕووبوڕووی توندوتیژی بوونەتەوە.

هەڵسوڕاوانی بواری ژنان ژمارەکە بەزۆرتر دەزانن و دەڵێن ژمارەیەکی زۆرتر لە کچان و ژنان لەلایەن کەسوکاریانەوە دەکوژرێن یان ئازاردەدرێن ئاشکرایناکەن.

دیاردەکە زیاتر تەشەنەی کردووە بەهۆی خزمەتگوزاری بلوتوس، بەهۆی ئەوەی کە خێراتر و بەبەلاش وێنە ڤیدیۆیی و دەنگە نامەکانی کچان بڵاودەکرانەوەو دەکەوتنە دەست کەسوکاریان.

زۆربەی ئەو وێنە ڤیدیۆیی و دەنگیانەی کە بڵاوکراونەتەوە کچان لێی ئاگادار نین و بەنهێنی تۆمار دەکرێن، دواتر لەلایەن کوڕانەوە بڵاودەکرێنەوە کچانیش باجەکەی دەدەن.

باوەڕوایە یەکەم قوربانی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل کچێکی تەمەن 17 ساڵا بووبێت لە ساڵی 2004دا، کە لەشاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە، ئەویش لەدوای ئەوەی کوڕێک "لەژێر ناوی خۆشەویستیدا" سێکسی لەگەڵ دەکات و دواتر وێنەکەی بڵاودەکاتەوە.

دوو ڕۆژ دوای بڵاوبونەوەی وێنە ڤیدۆییەکە کچەکە لەلایەن خێزانەکەیەوە دەکوژێت، دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر ڕووداوەکەدا کەسوکاری کوڕەکەش کوڕەکەیان دەکوژن.

نەجیبە مەحمود، چالاک لەبواری مافەکانی ژن لە ڕێکخراوی پەرەپێدانی مەدەنییەت لەسلێمانی، وتی، "لە کوردستان ژنان و کچان لە بارودۆخێکی مەترسیداردا دەژین چونکە ڕۆژانە بەناوی پاراستنی شەرەفەوە هێرشدەکرێتەسەریان و کەسیش لەسەریان نایەتە جواب".

هەروەها وتی"ئەمە خەتەرترین دۆخە بۆژنان ئەگەر چارەسەر نەکرێت، چونکە هەموو تاوانەکان لەژێر ناوی شەرەفدا دەکرێت، پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان بە یاسا ڕێگری لەو دیاردەیە بکات."

ئارێز عەبدوڵڵا، یەکێکە لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە پرۆژەیاساکەی ئیمزاکردوە و بەشدارە تێیدا وتی "یاساکە بۆ ڕووبەڕوبونەی ئەو کەسانەیە کە هۆیەکانی پەیوەندیکردن خراپ بەکار دەهێنن".

وتیشی"خراپ بەکارهێنانی مۆبایل کێشەیەکی گەورەیە، زۆرجار ڕووداوی کوشتنی لێکەوتوەتەوە."

ئارێز عەبدوڵا درێژەی بەقسەکانیداو وتی "دەمانەوێت بەپێی یاسا سنورێک بۆ ئەو کەسانە دابنرێت کە خراپ هۆیەکانی پەیوەندیکردن بەکار دهەێنن." هەروەها "بەشێکی زۆر لە قوربانیان ژنانن."

ڕەشنوسی یاساکە ئاماژە بە سزادانی یاسایی ئەو کەسانە دەکات کە وێنەو دەنگی کچان بەشێوەیەکی خراپ و ئابڕووبەر بڵاودەکەنەوە. یاساکە بەپێی پلەی تاوانەکە غەرامەی 75 هەزار تا یەک ملیۆن دینار دەسەپێنێت، یان 6 مانگ زیندانی بۆ 15 ساڵ. بڕیارە بەم نزیکانە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر یاساکە بکات.

سۆزان شەهاب ئەندام پەرلەمانی کوردستان وتی "زۆربوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی وایکرد کە بیر لە یاسایەک بکرێتەوە تاوەکو گیانی ژنان بپارێزێت."

سەمیرە محەممەد، توێژەی کۆمەڵایەتی دیاردەکەی بە ترسناک وەسفکرد بەوەی کە تەشەنەی زیاتری کردوەو کچانیش قوربانی یەکەمن.

ئەو وتی "کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە، ئەوانە لە کچ قبولْ ناکات، بۆیە دەیکوژن تا خۆیان پاک بکەنەوە لە زڕاندنی سومعە."

هەروەها وتی "لەناو نەخوێندەوارەکاندا دیاردەکە زیاترە، هەرچەندە چینە ڕۆشنبیرەکانیش لەدیاردەکە بێبەش نین."

زۆربەی سەنتەرەکانی تایبەت بە پاراستنی ژنان چەندین کەیسیان لایە کە تایبەتە بەو ژنانەی لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل کە لەلایەن کەسوکاریانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لایە، بەڵام بەهۆی بیانووی پاراستنی گیانی ئەو ژنانە ڕێگە بەڕۆژنامەنسان نادرێت چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات.

بەناز حوسێن لەڕێکخراوی ئاسوودە، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییەو کاردەکات بۆ مافەکانی ژنان و پاراستنی ئەو ژنانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە، ترسی خۆی لە زۆرتربوونی دیاردەکە دەربڕی، "نەتوانراوە ڕێگری تەواوی لێبکرێت."

ئارێز عەبدوڵا وتی "ئەگەر یاسایەکی باش هەبێت دیاردەکە کەمدەبێتەوە چونکە ئێستا یاسایەکی تایبەت بەوکێشەیە نییە، کاتێک خەڵکی بزانن لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل زیندانی دەکرێن ئیتر ئەو کارە ناکەن."

بەڵام هێشتا ژنان ترسی ئەوەیان هەیە یاساکە توانای بنەبرکردنی دیاردەکەی نەبێت، لەوانە سۆزان شەهاب کە سەرەڕای ئەوەی پشتگیری پرۆژەکە ئاکات وتی ترسی ئەوەی هەیە کە کێشەکە چارەسەر نەکات.

توانا عەلی، لە سەنتەری ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سلێمانی، وتی بە دەرچوونی یاساکەی پەرلەمان ئەگەری ئەوە هەیە کێشەکان کەمببنەوە، "خەڵک دەبێت بەیاسا شتەکانی پێ جێبەجێ بکەیت نەک بەهۆشیارکردنەوەو قسەی خۆش."



چەند گەنجێک خەریکی مۆبایلن

# کێ لەپشت کێشەکانی کۆمەڵەوەیە؟

**ئاسۆ بەهمەنی**

لەگەڵ رووخانی رژێمی شا لەئێران، رێکخراوێکی سیاسی چەپ و مارکسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ حیزبی دیموکرات هاتەمەیدان لەژێر ناوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)دا کاری ئاشکرای خۆی دەستپێکرد و هەر زوو لەباشووری کوردستانی ئێران گەشەیەکی بەرچاوی کرد.

لایەنگرانی ئەم رێکخراوە خەڵکانی چەپ و مارکسی و ژنان و کرێکاران بوون. هەرچەندە زۆر لەژێر کاریگەری مارکسیزمدا بوون، بەڵام ئەوەشیان نەشاردەوە کە رێکخراوێکی کوردستانین.

جیا لەوەی زۆر ناخایانێ کۆمەڵە و دیموکرات دەکەونە شەڕێکی نەخوازراوەوە،کە دواتر کاریگەری خراپ بەجێدێڵێ، بەڵام دواتر کۆمەڵە ساڵی (1983) پەیوەست دەکرێ بە (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)ەوە.

پاش ئەوەی کۆمەڵە (عەبدوڵلا موهتەدی و ئیبراهیم عەلیزادە) لەگەڵ گرووپەکەی مەنسور حیکمت رێکدەکەون، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیزەحمەتکێشانیکوردستانیئێران دەگۆڕێت بۆ (سازمانی کوردستان — حزبی کۆمەنیستی ئێران — کۆمەڵە)و موهتەدی دەبێتە سکرتێری حیزب و عەلیزادەش وەکو دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە و حیکمەتیش بەخاوەنی فیکر و ئایدۆلۆژیای ئەورێکخراوە دەناسرێت. لەساتی دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستەوە جیاوازی تێژی ئایدیاو فکری قووڵ لەنێوان کۆمەڵە دێتەکایەوەو زۆر لەبەرپرسانی ناوئەم رێکخراوە دەڵێن "حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵەی تووشی پاشەکشێ کرد"، عەبدوڵڵای موهتەدی یەکێکە لەوانەی ئەو بۆچوونەی هەیە.

سەرئەنجام پاش ململانێیەکی زۆر لەنێوان باڵی مەنسوری حیکمەت و باڵی موهتەدی و عەلیزادە. ساڵی 1990 مەنسوور چوونە دەری خۆی لەکۆمەڵە و حیزبی کۆمەنیست رادەگەیێنێ و دواتر لەگەڵ حەمید تەقوایی، رەزا مقدم، ئیرەجی ئازرین، کۆرش مدرسی و عەبدوڵلا دارابی و شەهلا دانشفەر رێکخراوێکی نوێی مارکسی بەناوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و دواتر (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران) دروستدەکەن.

بەمشێوەیە یەکەم ئینشقابی نێو کۆمەڵە لەلایەن مەنسورەوە دەستپێدەکات و زۆرینەی زۆری سەرکردایەتی و کادرەکانی کۆمەڵە لەگەڵ خۆی دەبات.

بەڵام بەو پێیەی کۆمەڵە خاوەنی نفوزی جەماوەری بوو، ئەم دابەشبوونە هەرچەندە کاریگەری گەورەی نێگەتیڤی لەمێژووی خۆیدا لەسەر کۆمەڵە جێهێشت، بەڵام یەکێتی نیشتیمانیش رۆڵی لەومەسەلەیەدا هەبوو بەتایبەتی کە حیکمەت لای یەکێتی خۆشەویست نەبوو، بۆیە لە زرگوێز دوورخرایەوە.

سەرئەنجام دووکەسی ناکۆکی ناو کۆمەڵە،موهتەدی و عەلیزادە، بەرۆیشتنی حیکمەت سەرلەنوێ کەوتنەوە دروستکردنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵە.

بەڵام جارێکی دیکە پاش 10 ساڵ ئەم دوو بونیادگوزارەی کۆمەڵە، ئەم دوو هاوڕێ لەمێژینە کە کۆمەڵەیان دروستکرد، بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە، کێشەکانی نێوانیان قوڵدەبێتەوە.

هەرچی عەبدوڵلا موهتەدییە، پێیوابوو کەئیدی دەبێ کۆمەڵە دەست لەحیزبی کۆمۆنیست هەڵگرێت و بێتە دەرو بەناوی لەمێژینەی خۆی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) کاربکات، بەڵام ئەم داوایەی موهتەدی قبوڵ ناکرێت.

لەمبارەیەوە ئیبراهیم عەلیزادە دەڵێ" ئێمە رازیبوین بەو داوایەی موهتەدی، بەڵام کاتێک زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ بن".

عەلیزادە دەڵێ" ئەم مەسەلەیە لەکۆنگرەی 9 خرایە بەرباس، بەڵام تەنیا 20%ی ئەندامان پشتگیرییان لە داواکەی موهتەدی کرد، واتە زۆرینە پێیانوابوو کەحیزبی کۆمۆنیست بمێنێتەوە".

بەڵام عەبدوڵلا موهتەدی دەڵێ" ئێمە چەند ساڵە هەڵەبووین کە کۆمەڵەمان کردە قوربانی حیزبی کۆمۆنیست".

سەرئەنجام ساڵی 2000 کۆنفراسی ساخکردنەوەی کۆمەڵە لە رۆژانی 24-2002/9/25 جیابوونەوەی خۆی راگەیاند .بەمشێوەیە دووەم ئینشیقاق لەناو کۆمەڵە روودەدات عەبدوڵلا موهتەدی دواتر لەکۆنگرەی 9ی کۆمەڵەدا، کەدرێژە پێدەری کۆنگرەکانی (سازمانی کوردستان- حزبی کۆمۆنیستی کوردستان- کۆمەڵە)یە، دەبێتە سکرتێر. لەمبارەیەشەوە موهتەدی دەڵێ " 17 ساڵە حیزبی کۆمۆنیستمان پێکهێناوە، بەڵام دواتر هەستمان کرد ئەو نفوزەی کەکۆمەڵە هەیبوو لەکوردستان حیزبی کۆمۆنیست نەیبوو، بۆیە ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ بووژاندنەوەی کۆمەڵە".

گومان لەوەدانییە، دۆستایەتی کۆمەڵەو یەکێتی زۆر لەمێژە، چونکە جیا لەوەی کۆمەڵە، پێش رووخانی شا یەکەم پێشمەرگەی خۆیان ناردە ناو یەکێتی کەدواتر شەهید بوو، ئەو رۆژەش کرا بە رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، رۆژی شەهیدبوونی سەعیدی موعینی (خانە)یە، بۆیە یەکێتی لەم جیابوونەوەیەش ناراستەوخۆ پشتیوانی لە باڵی عەبدوڵلا موهتەدی کرد بەهۆی پەیوەندی نزیکی سەلاحی موهتەدی لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی، وەکو یەکێک لەبەرپرسانی عەلیزادە رایگەیاند" موهتەدی پێشتر کاری کردبوو، یەکێتیش پشتیوانی لێکرد لەکاتی جیابوونەوەدا، هەرچەندە یەکێتی ئەمە ناشارێتەوە کەدۆستی کۆمەڵەیەو پەیوەندی لەمێژینەش لەنێوانیان هەیە، بەڵام دەڵێ دەستی نەبووە لەئینشیقاقی ئەم حیزبەدا".

بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان کۆمەڵە پاشچەندساڵێک جارێکیترتووشی سێیەمین ئینشقاق دەبێت و ئەوەبوو لەدوایین پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا، لەکۆتایی مارسی 2007دا کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی کە عومەری ئیلخانیزادە، ئامۆزای عەبدوڵلا موهتەدی رێبەرایەتی دەکرد راگەیێندرا.

لەراگەیاندنێکدا ئەوکات ئەم کەمینەیە رایگەیاند" کۆمەڵە گروتینی پێویستی نەماوەو رێبەرانی نەیانتوانی کەڵک لەدەرفەتەکان وەرگرن و گەشەساندن نەهاتە دی".

جیا لەوەی بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لە خەباتی ئۆردووگانیشینی و چەکداری و داوای بەدامەزراوەیی دەزگاکانیان دەکرد و وتیان مەسەلە سیاسی و دیموکراتییەکان لەکۆمەڵەدا لەژێر پرسیاردان.

پاش چەند دیالۆگ و دانووستانی نێوان هەردوولا بەئاگاداری لایەنی سێیەم (ی.ن.ک) مەلا بەختیار، جوتیار نوری، دلێر سەید مەجید و مولازم عومەر، بۆ رێگرتن لەئینشیقاقی سێیەمی کۆمەڵە.

بەڵام سەرئەنجام (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ)ی موهتەدی کۆنگرەی 12ی خۆی دەبەستێت.

باڵی کەمینەی عومەری ئیلخانیزادەش بەشداری ئەو کۆنگرەیە ناکەن و 5 لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە 2007/14/14 کەبریتیبوون لە (عومەر ئیلخانیزادە، ناسری حیسامی، رەزا کەعبی، جەمیلە رەحیمی، نەویدی میهر ئاوەر)، بەرەسمی جیابوونەوەی خۆیان لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان کە موهتدی سکرتێریەتی رادەگەیێنن و (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران — رەوتی چاکسازی و گەشە) پێکدێنن و جیادەبنەوەو کۆمەڵە دەبێتە (سێ) حیزب.

عومەر ئیلخانیزادە کەرێبەرایەتی ئەم باڵە دەکات رایگەیاند " کۆمەڵە نەیتوانی رێبەرایەتی خەڵکانی خۆی بکات، ئێمە 20 ساڵە بووینەتە حیزبی ئۆردووگانشین و پەیوەندیمان پچڕاوە، جیا لەوەی سەنترالیزم زۆر بەهێزبوو لەکۆمەڵەدا".

ئیلخانیزادە ئەوەش دەڵێ" لەکاتێکدا باڵی موهتەدی کۆنگرەی 12 دەبەستێ جیا لەوەی 800 کەس دژبوون، تەنیا 30%ی بەشداربوون لەوکۆنگرەیە، بۆیە ئەوکۆنگرەیە لێدانی تەپڵی جیابوونەوەبوو".

هەرچەندە لەگەڵ جیابوونەوەی عومەر ئیلخانیزادە باس لەوە دەکرا کە پژاک یارمەتیان بدات. بەڵام کەسێکی ناوباڵی موهتەدی وتی" پێدەچێت کۆسرەت رەسوڵ و عومەری سەید عەلی هاوکاریان بکەن".

رەوتی چاکسازی و گەشە، ئێستا کە ساڵێک بەسەر جیابوونەوەیان تێدەپەڕێ بەنیازن بەمزوانە یەکەم کۆنگرەی خۆیان ببەستن، هەرچەندە هێشتا دەستتێوەردانی دەرەکی لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا رۆڵی گەورەی هەیە بەتایبەتی ئێران ناراستەوخۆ ئەوکارە دەکات.

ئەگەرچی عومەری ئیلخانیزادە دەڵێ" من ئەوە رەتدەکەمەوە کە یەکێتی دەستی هەبوبێت لەجیابوونەوەی ئێمە لەحزبی کۆمۆنیست، یان کۆمەڵە دروستکراوی یەکێتی بێت" هەروەها ئەوەش دەڵێ کە " کێشەکە کێشەی نێوخۆییمانە و موهتەدی خۆی هەوڵیداوە کەجەناح دروستبکات من رەخنەم لەوە هەیە".

بەڵام عەبدوڵلا موهتەدی دەڵێ" ئەوان کێشەی دەسەڵات و کورسیان هەبوو".

هەرچی ئیبراهیم عەلیزادەیە پێیوایە زۆربەی حیزبەکانی ئێران لەقەیراندا دەژین و سەرچاوەی قەیرانەکەش بەوە دەزانێ، شکستی ستراتیژ و سیاسەتەکانیانە. کە فاکتەری سەرەکیش دورکەوتنەوەیە لە خەڵک، بۆیە جیابوونەوەکان لەجیاتی ئەوەی سادەو ئاسایی بن، پرگرێ و کێشەیە.

هەرچەندە کاتێک کێشەکان و ئینشقاقی ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و بەتایبەتی کورد زیاتر دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا، تائێستا هیچ هەوڵێک نییە بۆ نزیکبوونەوەی لە بەرەیەکی چەپ، نیشتمانی یان ئێرانی و کوردستانیدا ئەوە بە تەنیا کۆمەڵە نییە تووشی ئینشقاق بووە، بەڵکو هەر ئێستا لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان دوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان کاردەکەن، دوو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕ کاردەکەن، یەکێتی شۆڕشگێڕان و پارتی ئازادی لەیەک کاتدا هەن، جگە لە پارتی یەکسانی و رەنجدەران.

لەسەر ئاستی ئێرانیش هەرێستا شەش باڵی جیاوازی چریکە فیدائییەکان، ئەکسەریەت و ئەقلیەت، سەربەداران و یەکێتی فیدائیان هەیە.

حیزبەکەی مەنسوری حیکمەت، جیا لەوەی پاش جیابوونەوەی لەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی حەمید تەقوایی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران (حیکمەتیست)

## کۆمەڵەمان کردە قوربانی حزبی کۆمۆنیست

عەبدوڵلا موهتەدی

یان دروستکردووەو کۆرشی مدرسی کرایە لیدەر.

بەڵام رەزا مقدم و ئیرەجی ئازەرین بۆخۆیان حیزبێکی نوێیان دروستکرد، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە ئەم ئینشقاقە تائێستا کاریگەری ماوە.

جیا لەوەی ناسری حیسامی وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رەوتی چاکسازی پێیوایە" بزووتنەوەی کورد پێویستی بەیەکریزی و یەکگرتویی و نوێبوونەوە هەیە"بەڵام جیا لەوەی لە لەسەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ جارێکیتر کێشەی ناو (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان) عەبدوڵلای

## زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی پێیانوابوو حزبی کۆمۆنیست بمێنێتەوە

ئیبراهیم عەلیزادە

موهتەدی پەرەی سەند و جارێکیتر لە ناو ئۆردووگای (زرگوێزلە)، عەبدوڵلا کۆنە پۆشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لەدووەمین پلینیۆمی دوای کۆنگرەی 12ی کۆمەڵە لەمانگی رابردوودا کێشە دەکەوێتە نێوان عەبدوڵلا کۆنەپۆشی و لایەنگرانی و باڵی موهتەدی پاش جیابوونەوەی عەبدوڵلا کۆنەپۆشی و لایەنگرانی ئاسایش دەچنە ئۆردوگاکان.

بەڵام عەبدوڵلا ئازەوبار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، ئەم رۆیشتنە پشت راستدەکاتەوە، بەڵام هاتنەکایەی هەرچی لێدان و شەڕو تەقەیە رەتدەکاتەوە.

## ئێمە ئامادەین بۆ یەکگرتنەوەی هەرسێ کۆمەڵە

عومەری ئیلخانیزادە

ئەگەرچی کۆنەپۆشی تائێستا حیزبێکی نوێ رانەگەیاندووە، بەڵام پێدەچێت دواجار لەگەڵ رەوتی چاکسازی و گەشەی ئیلخانیزادە یەکبگرن و حیزبێکی نوێ دروستبکەن کە لانی کەم ناوی (کۆمەڵە) دەبێت و پێدەچێت ئەوکێشانەی کۆنەپۆش دەستی دەرەکی لەپشت بێ و سیناریۆیەکی دروستکراوبێ.

ئەگەرچی ئێستا لەسنووری 10کم خۆرئاوای قەرەداخی شاری سلێمانی لەناو ئەو شاخ و دۆڵەدا 3 کۆمەڵە (لەزرگوێز، زرگوێزڵە و گوندی عەلی) بنکەو بارەگایان هەیە و ژیانی ئۆردووگانشینی بەرێدەکەن.

بەهۆی فشارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە سنوورەکانی یەکێتی،کە هەموو ئۆردووگاو بنکەکانیان



لەسنووری یەکێتی دایە لە سلێمانی ناتوانن خەباتی چەکداری بکەن و لەماوەی 17 ساڵی رابردوودا هیچ چالاکییەکی چەکداریان نەماوە.

رەزا کەعبی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵەی پێشووی، کەسی دووەمی ئێستای کۆمەڵەی رەوتی چاکسازی و گەشە پێوایە



ئەم جیابوونەوانە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر خەباتی کوردو کۆمەڵە" بەڵام هەستمانکرد کە رەوتی کۆمەڵە دژی رەخنەگرتن بوو، داراییەکانی کۆمەڵەی هەمووشار دبووەوە، سیاسەتی چاوەڕوانی ئەمەریکای گرتبووە بەر، ئێستاش خەباتی خۆمان درێژە پێدەدەین".

بەڵام ئەبووبەکری مدرسی ئەندامی



دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی سەر بە عەبدوڵلای موهتەدی دەڵێ" باڵی ئیلخانیزادە دەیانەوێت بە زۆر شتمان بخەنەپاڵ و ئەوان تەنیا دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتون و رمبازێن دەکەن"، جیا لەوانە هەندێک پێیانوایە حیزبی دیموکراتیش ئەگەر لەپشت ئەم ئینشقاقانەوە نەبێ، بەڵام زۆر خۆشحاڵە کۆمەڵە بێ هێزبێ.

عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەڵێ" ئێمە خوازیاری دژایەتی و دوژمنایەتی کەس نین، بەڵام ئێمە لەو بڕوایە دابووین حیزبی کۆمۆنیست ئەزموونێکی شکستخواردووە و جگە لەناو هیچی دیکە نییە"، سەبارەت بە ئەگەری یەکگرتنەوەشیان، موهتدی دەڵێ" ئێمە ئامادەین بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام کە ئەوان وەکو حیزبی کۆمۆنیست کارنەکەن"، ئیلخانیزادەش دەڵێ" ئێمە ئامادەین بۆ یەکگرتنەوەی هەرسێ کۆمەڵە، یان دروستکردنی بەرەیەکی سێ کۆمەڵەیی، یان چەپ و سوسیالیست". لەهەمانکاتدا ئیبراهیمی عەلیزادەش دەڵێ" ئەمانە کۆمەڵێک قەیرانن و دواجار دەبێ چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە".

لەبارەی دوایین و تازەترین ئەگەری ئینشیقاقێکی دیکە لەکۆمەڵە چەند کەس لەناو (سازمانی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی ئێران — کۆمەڵە) خوازیاری گۆڕینی ناوی (حزبی کۆمۆنیست)ن پێیانوایە دەبێ بەناوی کۆمەڵەوە کاربکەن.

ئەو کەسانەی لایەنگری دروستکردنی کۆمەڵەی چوارەمن سێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئێستای کۆمەڵەن، کە پێکهاتبوون لە (ساعیدی وەتەندۆست، حەمەمین حیسامی و جەعفەری ئەمین زادە).

ساعدی وەتەندۆست لەبارەی کارکردن داهاتوویان دەڵێ" ئێمە لەمەودوا رەخنەکان خۆمان بەروونتر باس دەکەین،کە سەرەتاکانی کۆنگرەی 12یە".

لەبارەی ئەگەری دروستبوونی کۆمەڵەی چوارەمیش دەڵێ" ئەگەر باروودۆخ بەرەو ئەوە بچێ. کۆمەڵەیەکی دیکە دروستبێت لەدەست ئێمە دا نییە"، ساعدی وەتەندۆست کە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیە لە 37 ساڵ پێش ئێستا بە یەکێک لەدۆستە نزیکەکانی تاڵەبانی دادەنرێت.

ساعدی وەتەندۆست، پێیوایە" ئەوەی بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستەوە ناو دەبرێت، ئەویش هەر کۆمەڵەیە".

جەعفەر ئەمین زادە کەسی سێیەمی ناو ئەم رەوتە تازە پێیوایە "لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا خەت و چوارچێوەیەک هەیە فشار بۆ ئێمە دێنێ".

بەڵام ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە سەبارەت بەم کۆمەڵە کادرە نارازییە کە دەیانەوێت کۆمەڵەی چوارەم دروستبکەن دەڵێ" ئەوان ئێستا توانای ئەوەیان نییە قەیرانی گەورە بۆئێمە دروستبکەن و رەوتی سیاسی ئێمە بگۆڕن".

کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە کە لەهاوینی ئەمساڵدا دەبەسترێت، رەنگە سەرەتای ئەو مەترسییە بێ کە کۆمەڵەی چوارەم و ئینشقاقێکی نوێ لێ بکەوێتەوە،کە ساعیدی وەتەندۆست رێکخراوێکی نوێ بەناوی (کۆمەڵە)ی کوردستانی دروستبکات.

بۆیە لەهاوینی ئەمساڵدا، هەم ساعدی وەتەندۆست و لایەنگرانی ساخ دەبنەوە، هەم باڵی چاکسازی ئیلخانیزادە چاوەڕوانی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ناو حیزبی کۆمۆنیستەو رەنگە کۆنگرە بۆ ئەوکات دوابخات، ئەوکات هەم کۆنەپۆشی دەچێتە گەڵ باڵی ئیلخانیزادە و هەم عەبدوڵلا موهتەدی خۆی بۆ کۆنگرەی 13 ئامادە دەکات و هەم باڵی عەلیزادەش بەیەکجاری لەو ئۆپۆزسیۆنانە نەجات دەبێ کەدەڵێن کۆمەڵە، کۆمەڵە.

---

### لەوەڵامی ئەو 400 مەلایەی نامەی کراوەیان نووسیوە

# وەزیری ئەوقاف: نازانم مەبەستیان لە لێپرسینەوەی شەرعی چییە

**رووداو – هەولێر**

لەوەڵامی ئەو نامە کراوەیەدا کە پتر لە 400 مەلاو مامۆستاو قوتابیی کۆلیژی شەریعە رۆژی 2008/5/9 ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف و دادو داواکاری گشتییان کردووەو داوای لێپرسینەوەی شەرعی و یاسایی لەگەڵ ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە دەکەن کە وەک لە نامەکەدا هاتووە "بێ رێزی بە پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام دەکەن". شێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاییینی لەوبارەوە رایگەیاند " لە کوردستان دادگا هەیەو پێویستیشە یاسا سەروەر بێت".

محەممەد شاکەلی لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە ئەوان وێنەیەکی بەیاننامەکەیان پێگەیشتووەو ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، گوتیشی" مەسەلەی شەرعی و مەسەلەی یاسایی پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی هەیەو لێکیش جیاوازن، خەڵکی پسپۆڕ دەبێت ئەوە جیا بکاتەوە". هەروەها گوتی "ئێمە وەک وەزارەتی ئەوقاف پێمانوایە کە پێویستە لە کوردستاندا یاسا سەروەر بێت، یاساش بۆ هەموو بوارێک و بۆ هەموو کێشەیەک ماددەی خۆی هەیەو سوودی لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام وەرگرتووە".

وەزیری ئەوقاف ئەوەشی راگەیاند کە ئەو هێشتا تێنەگەیشتووە مەبەستی نووسەرانی نامەکە لە "لێپرسینەوەی شەرعی" چییەو، گوتی "ئەوە دەبێت لایەنە پەیوەندیدارو پسپۆڕەکان یەکلایی بکەنەوەو لێیان بپرسن مەبەستتان چییە لە شەرعی، لە کوردستاندا دادگا هەیەو هەرکەسێک سکاڵای هەبێت دەتوانێ لە دادگا تۆماری بکات".

ئەو نامە کراوەیە کە دەقەکەی لەچەند رۆژنامەیەکی سەر بە رەوتە ئیسلامییەکاندا بڵاوکرایەوە، داوادەکات "لیژنەیەکی پسپۆڕ لە مامۆستایانی ئاییینی و نووسەرو رۆشنبیرە ساخ و راستە دڵسۆزەکان و یاساناسان پێکبهێندرێ بۆ پێداچوونەوەو دیاریکردنی ئەو بابەتانەی مۆڵەتی چاپیان پێدەدرێ". وێڕای ئەستەمیی دیاریکردنی ئەوەی کە کێ رۆشنبیری ساخ و راست و دڵسۆزەو کێ پێچەوانەکەیەتی، ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران ئەمە وەک هەوڵێک بۆ دانانی سانسۆرێکی توند لەسەر ئازادیی بڵاوکردنەوەو نووسین لێکدەدەنەوە.

وەزیری ئەوقاف لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لیژنەیەکی لەوجۆرە شتێک نابێت وەک لیژنەی (الامر بالمعروف والنهی عن المنکر) کە لە ئەفغانستان هەبوو؟ گوتی "بۆ ئێمە هێشتا زووە قەزاوەت بکەین و بڕیار بدەین کە ئەوە وایە یان نا، ئوسوڵی باو لە کوردستاندا ئێستا ئەوەیە کە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتی بڵاوکردنەوە دەدات، ئەو سانسۆرە بەو شێوەیە نییە کە رێگەی بڵاوکردنەوە لەخەڵک بگرێ، بەڵام نووسەرانی نامەکە گلەیی لەوە دەکەن کە بێ رێزی بە سیمبوڵ و شتە پیرۆزەکانی ئیسلام کراوە، لەوانەیە حەقی خۆیان بێت ئەو گلەییە بکەن و حەقە نووسەرانیش خۆیان لە وروژاندنی هەندێ شت بەدوور بگرن بەتایبەتی لەم کاتەدا".

وەزیری ئەوقاف هەروەها گوتیشی "من بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ سانسۆر نیم و خەڵک کە رای خۆی دەردەبڕێ ئەوە وەزارەتێکی پەیوەندیدار هەیە بەمەسەلەی چاپ، بەڵام پێویستە هانی ئەوەش نەدرێ کۆمەڵگای کوردی تێکبچێ بەهۆی هەندێ نووسینەوە کە توێژێکی گەورەی کۆمەڵگا نارەحەت دەکات".

نامەی ئەومەلایانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە کوردستان دادگا هەیەو لەکاتێکدا کە تائێستا هیچ داوایەکی یاسایی لەلایەن ئەوانەوە لەسەر ئەو نووسەرانە تۆمار نەکراوە کە وەک خۆیان دەڵێن "بێ رێزییان بە ئاییینی ئیسلام کردووە"، لەلایەن هەندێک خەڵکەوە وا لێکدەدرێتەوە کە هەوڵێک بێت بۆ دامەزراندنی دادگایەکی شەرعی، وەزیری ئەوقاف لەوبارەوە گوتی "لە کوردستان دادگای دیاریکراو هەیە کە وەزارەتی دادو ئەوقاف و لیژنەی باڵای دادوەری بەڕێوەی دەبەن، ئەو دادگایە پەیڕەوی دەقەکانی قورئانی پیرۆزو شەریعەتی ئیسلام دەکەن، ئەگەر دادگای شەرعی هەبێت ئەوە تەنیا بۆ مەسەلە شەرعییەکانی وەک نیکاح و زەواج و تەڵاق دەبێت، ئەگەرنا دادگای شەرعی بە مەفهومی دادگا شەرعییەکانی کە بیستوومانە لە کوردستان نییە".



محەمەد شاکەلی

(فۆتۆ: رووداو)

## تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوانی کوردستان:

# هەستدەکەم دووسێ وەزیری وەرزش و دووسێ وەزیری لاوان هەیە

تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوانی کوردستان، لەو بەشەی هەڤپەیڤینی (ڕووداو)دا، وەڵامی ئەو ڕەخنانە دەداتەوە کە ئاراستەی وەزارەتەکەیان دەکرێن و باسی فرەکوێخایی لە ناو کاروباری وەرزش و لاوان دا دەکات، ئەوەش کاری لە کارنامە و پلانی ئەوان کردووە: (2-2)

**ڕووداو: دوای دامەزراندنی وەزارەت چەند یاریگا و شوێنی یاریکردن و کات بەسەربردنتان بۆ لاوان دروستکردوون؟**

**تەها بەرواری:** ساڵی 2007 بودجەمان نەبوو، لەبەرئەوەی هەتا 2007/4/11 یاسای وەزارەتمان نەبوو. لە 2006 وە ڕووپێوێکی باشی مەیدانیمان کردو پێویستییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوانمان تۆمار کرد، کاری پیادەکردنی پرۆژەکان زیاتر لە ڕێگەی پارێزگاکانەوە دەکرێت، وەزارەتی ئێمە پلان و بەرنامە دادەنێت، تائێستا هیچ یاریگایەکمان نەکردووەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە یان پارێزگاکان دەیکەن یان کەرتی تایبەت دەیکات، ئەمە باری وەزارەت کەمدەکاتەوە، ئێمە کەرتی تایبەتمان هانداوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت و ئەو خەڵکەی کە لەسەر بنەمای کەرتی تایبەت هاتووە داوامان لە وەزارەتی شارەوانی کردووە هاوکاری بکرێت بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەتی کوردستان، بەڵام وەک وەزارەت بڵێین شتێکی تایبەتمان کردووە نەمانکردووەو یەک یاریگاشمان دروست نەکردووە.

**ڕووداو: زۆر گەنج هەیە دەڵێت پارەی خۆمان دەبەینە سوریا و لوبنان یان بۆ تورکیا، بۆ چوونە سەماخانە و مەلەوانگەیەکی باش، ئێوە پرۆژەی کردنەوەی سەماخانەی شەوانەتان پێشکێش نەکرد؟**

**تەها بەرواری:** ئەگەر کەلتووری دیموکراتی گەشەبکات و ئازادی تاک هەبێت و قوتابخانەکان تێکەڵبکرێت بواری سەفەرکردن بدرێت بۆ کچ و کوڕ، کە بەپێی یاسای عێراقی کچ بۆی نییە پاسپۆرتی هەبێت و دەبێت وەلی ئەمری لەگەڵدا بێت، پێموایە کۆمەڵگای ئێمە لەو ئاستەدا نییە بەشێوەیەکی گشتی بتوانێت هەندێک شت بکات کە ڕەنگە من زۆر بەدڵیشم بێت.

**ڕووداو: حەز دەکەی شتی وا دروست بکرێ؟**

**تەها بەرواری:** من حەزدەکەم ئازادییەکی باش هەبێت کە کچ و کوڕ بتوانن تێکەڵاوی یەکتر ببن و ئەو تێکەڵاوییەش دەبێتە هۆی ڕێگر لە زۆر دیاردە کە ئێستا لە ژێرەوە هەن.

**ڕووداو: بۆچوونێک هەیە کە تۆ بیرۆکەی باشت هەن، بەڵام جێبەجێکردنەکانتان دروست نین و دەگوترێت لەوەدا سەرکەوتووە نەبوویت کە دەستەیەکی جێبەجێکار بۆ ئەو بیرۆکانە دابنێی، لەوبارەوە چی دەڵێی؟**

**تەها بەرواری:** دەبێت بۆ ئەوە بگەڕێینەوە تاچ ڕادەیەک وەزیر ئازادە لە هەڵبژاردنی دەستەیەک، لەمانگی 2006/10 کە وەزارەت تەواوبوو هەموو دامەزراندنێک ڕاگیرا، تاوەکو یاسا نەبێت ناتوانی ستاف و بەڕێوەبەرایەتییەکی باشت هەبێت، کە یاسای وەزارەت تەواو بوو ئیدی دەنگۆی یەکخستنەوەی وەزارەتەکان هاتەوە، واتە مەودای دووساڵ زۆر کورتە بۆ ئەوەی بتوانیت هەندێک سیاسەت پەیڕەو بکەی، ئەمە بەشێکە، بەشی دووەمیان فرە کوێخایی و فرەمەرجەعی لەناو وەرزش و لاواندا هەیە. هەندێک جار هەستدەکەم دووسێ وەزیری وەرزش هەیە، دووسێ وەزیری لاوان هەیە.

**ڕووداو: واتە تۆ بڕیارێک لێرە دەدەیت لە شوێنێکی دیکە جێبەجێ ناکرێت؟**

**تەها بەرواری:** زۆرشوێن هەیە لەلایەن لایەنی سیاسییەوە بەکاردێت، لەکاتێکدا بەپێی یاسا دەبێت سەر بە وەزارەتی وەرزش و لاوان بێت. ئەوکاتە دەتوانم وەزیرێکی سەرکەوتووبم کە بە تەواوی مانا پلانی من جێبەجێ بکرێت. دەرهاوێشتەی سیاسی ئێستا کە پاشماوەی ڕەوشێکی تایبەتە دەبێت کارێکی جدی مەیدانی لەسەر بکرێت و ڕۆژ بەڕۆژ چارەسەر بکرێت، بەڵام دەبێت لەکۆتاییدا ئەوە دیار بێت موڵکییەتی شوێنی وەرزشی بۆ وەزارەت دەگەڕێتەوە.

**ڕووداو: بەرامبەر کاری میدیا لە کوردستان زۆر بێ ئومێدیت پێوەدیارە، جارێکیان لە دانیشتنێکی تایبەتدا گوتت: بەداخەوە بۆم دەرکەوت لە کوردستاندا ئەگەر بمەوێت دەتوانم بەزەبری پارە کام ڕۆژنامەنووس ناوی زۆر دیارە وتارەکانی ئاراستەدار بکەم، وایە بەڕاستی؟**

**تەها بەرواری:** کولتووری وەرگرتنی (دیاری) لەناو ڕۆژنامەنووساندا زۆرە، پار مانگی حەوت لە جێگایەک بووم کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس لەوێبوون پێداگرییەکی زۆر کراو گوتیان دیاری بدەنە ئەمانە، گوتم من دژی ئەوەم، گوتیان تۆ لێرە نازانیت، گوتم: بیدەن، دوای ئەوە هەندێکی دیکە هاتن گوتیان بە ئێمە نەدراوە گوتم بیاندەنێ، ئەمە نموونەیەکی زەقە. من ناڵێم هەموو کەس وایە خەڵک هەیە کەرامەتی ڕۆژنامەنووسی خۆی پاراستووە، بەڵام ڕەنگە ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئاسان تەعامولیان لەگەڵ دەکرێت زۆر زیاتر بێت لەوانەی ئاسان تەعامولیان لەگەڵ ناکرێت.

**ڕووداو: بۆچوونێک هەیە کە وەزارەتی وەرزش و لاوان شتێکی زیادەیە، ئەم بۆچوونە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**تەها بەرواری:** ئەوە ڕای ئەوانەیە کە نایانەوێت وەرزش و لاوان بخرێنە ناو سیستەمێکەوە، یان کەمتر شارەزای کاری وەزارەتن. چەند لەوانە سیاسەتی وەزارەتی وەرزش و لاوانیان بەسەر کردووەتەوەو هاتوونەتە ئێرەو پرسیاریان کردووە بۆ ئەوەی ڕاستییەکی باشیان لەلا گەڵاڵە بووبێت؟

### بەداخەوە کاک ئاریز زانیاری لاوازە

**ڕووداو: تۆ دەڵێیت ئامانجمان خزمەتکردنە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان دەڵێت ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆرن وەزارەت بۆ کۆنترۆڵکردنی وەرزش و لاوان دادەنێن و کۆیان دەکەنەوە؟**

**تەها بەرواری:** جارێ وەزیری وەرزش و لاوان ئەم وەزارەتەی دانەناوە، کاک ئاریز خۆی یەکێک بووە لەوانەی کە دەنگی پێداوە، ئەگەر دیکتاتۆرییەت دروست بووبێت ئەوە پەرلەمان لێی بەرپرسیارە. بەداخەوە کاک ئاریز زانیاری لاوازە، چونکە بەریتانیا وەزیری وەرزشی هەیە، لە هیندستان وەزارەتی وەرزش و لاوان هەیە. پێموایە کاک ئاریز بەو قسانە غەدری لە زانیاری کردووە.

**ڕووداو: ئاریز عەبدوڵڵا دەڵێت وەزارەتەکەتان هیچی بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی وەرزشی نەکردووە، وایە؟**

**تەها بەرواری:** ساڵی ڕابردوو هیچ بودجەیەک بۆ ئێمە دانەنرا کە ژێرخانی پێدروست بکەین تەنها ئەو هاوکارییە نەبێت کە سەرۆکی حکومەت 2 ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد و فەرهەنگخانەکانمان پێ بنیات نان.

**ڕووداو: ئێوە زۆر جەخت لە بەشداریپێکردنی گەنج دەکەنەوە، بەڵام ئەوانەی لە ناوەندەکانی بڕیارن لە وەزارەت وەکو باس دەکرێ گەنج نین؟**

**تەها بەرواری:** کێشەکە ئەوەیە دەبێ پێناسەی بەشداریکردن بزانیت بە گوێرەی یاسا یان بە گوێرەی زانست، ئێستا ئەو تەمەنی ئەوانەی لێرە ئیش دەکەن گەورەیە بیروبووچوونەکانی کە ئێمە دامانڕشتوون دژی بیرکردنەوەی لاوینییە؟.

**ڕووداو: ئەوان لەوانەیە مەبەستیان پۆستەکان بێت بۆ نموونە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان؟**

**تەها بەرواری:** بەنووسراوێکی فەرمیی داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە تەمەنی ئەندامێتی پەرلەمان کەم بکرێتەوە، بە لایەنی کەمەوە بۆ 25 ساڵ، کە دەڵێم بەلایەنی کەمەوە چونکە پێموایە گەنج هەیە لە 18 ساڵییەوە دەتوانێت زیرەک بێت و بەوە بگات بۆیە باوەڕم بە بیست و پێنجەکەش نییە.

### داوامان کردووە تەمەنی ئەندامێتی پەرلەمان بۆ 25 ساڵ کەمبکرێتەوە

**ڕووداو: یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئێوە دەکرێ لەبارەی ئاسۆس شەفیقە کە لە سویدەوە هێنراوەتەوە و مووچەکەی 4500 دۆلارە و زۆر ئیمتیازی دیکەی دراوەتێ و دەسەڵاتەکانی وەک بریکاری وەزیرە، لە کاتێکدا ئەو بە گرێبەست کاردەکات، ئەوە نایاسایی نییە؟**

**تەها بەرواری:** یەک شتتان پێدەڵێم کە لای من زۆر گرینگە، کاک ئاسۆس کە لە سویدەوە هێناومە لە حیزبەکەی خۆم نییە، لایەنی کەمەوە سەد کەسی وەک کاک ئاسۆس دەهێنمەوە ئێرە، بۆ ئەوەی توانای ناوەوەش لە گەڵ ئەوەی دەرەوە بەهێز ببێت و کولتوورێکی نوێی کارکردن دروست ببێت. زۆر مەمنوونی ئێوە دەبم ئەگەر بۆ ماوەی یەک هەفتە ڕۆژنامەنووسێک لە گەڵ کاک ئاسۆس بێت، لە ماڵی بخەوێت، لە کار لەگەڵیدا بێت ئەوجا ئەو قسانە بکەن. من لە سەر بڕێکی دیاریکراو لەگەڵی ڕێککەوتووم کە لەوەی ئێوەی دەیڵێن کەمترە. لە ڕاستیدا کاک ئاسۆس بە کاری خۆی دەسەڵاتی لە من سەندووە .لە بچووکترین شتەوە تا گەورەترین شت پێی بڵێن توانای هەیە بیکات، ئومێدی من ئەوەیە هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان بە هاوشێوەی کاک ئاسۆس بە دڵسۆزی و تواناوە کار بکەن کوردستان دەبێتە شتێکی دیکە.

**ڕووداو: دەڵێن زۆر کەسی دیکەتان لە دەرەوە هێناوە کە پتری سەت هەزار دۆلاری تێچووە، بەڵام لەبەر ئەو ڕەخنانەی لە سەر کاک ئاسۆس هەیانبووە ڕۆیشتوونەتەوەو ئیشەکان هەرەسیان هێنا، پێتوانییە ئەو پارەیە بەهەدەر چووبێت؟**

**تەها بەرواری:** سەت هەزار نییە نا. ئێمە دۆکیومێنتەی ئێمە ئاشکرای دەکەین، هەموو گەنجێک دەتوانێت لە داڕشتنی سیاسەتێکی لاویدا بەشدار بێت، ئایا ئەمە بەشداریکردن نییە لە دەسەڵاتدا، ئەمە یەک، خاڵێکی دیکە ئایا ئەو لاوانەی گلەیی دەکەن کە کەسێکی تێکنۆکراتە و بێ ئیش نەبووە، لە ئیشێکەوە هێناومە کە مووچەکەی زۆر زۆر باش بووە. کە یەکێک لەوێ دەهێنمەوە بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی، سەرۆکایەتی حکومەت بانگەشەی ئەوە دەکات کوردی دەرەوە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بەشدار بن، جێگری سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستاندا بەر لە ساڵێک وتی چی بکەین کە پرۆفیسۆر و دکتۆرەکانی ئێمە زانیارییەکانیان بە ئێمە دەدەن سەرکەوتوونین. پێموایە ئەم کەشەی کە زۆر جار دروست دەکرێت لە قازانجی ڕاکێشانی توانای کوردی دەرەوە نییە بۆ ناو کوردستان، پێشموایە لێرە کولتوورێکی دیکەش هەیە، ئەگەر کاک ئاسۆس چاوشینێکی ئەمریکی یان ئەورووپایی بووایە کەس پرسیاری نەدەکرد، ئەگەر من پارەم هەبێت ئێستا بە خەڵکێکمان بە کۆنتراکت لە دەرەوە هێناوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە کاری تەواو بووە ڕۆیشتووەتەوە. هەیە خانم بووە و زۆر ئەستەم بووە لە کولتوورێکی کراوەی وەک سوید و بەریتانیاوە بێتەوە ئێرە و لە هەولێردا پتری ساڵێک بەرگە بگرێت، هەیە لێرە بووە کاری کردووە چووە بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ئاستێکی بەرزتر، هەشە بە ویستی خۆی کاری جێهێشتووە. من ئێستاش دەڵێم ئامادەم سێ بەرابەری ئەوە بدەم بە خەڵکی بەتوانا کە بتوانێت پلانی وەزارەت جێبەجێ بکات.

**ڕووداو: لە سەرەتادا پەیوەندیتان لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا زۆر باش بوو، بەڵام ئێستا ئەم پەیوەندییە سست بووە بۆچی؟**

**تەها بەرواری:** ئێستاش پەیوەندیمان لە گەڵ ڕێکخراوەکان باشە، بەڵام ئیتر پسپۆڕی و تایبەتمەندییەکان وردە وردە ڕێگای خۆیان دەگرن، دواتر وەزارەت خۆیشی سەرقاڵی کاری خۆیەتی و سێیەم دەنگۆی نوێبوونەوەی حکوومەت تێکەڵبوونەوەی وەزارەت ڕەنگە ئەو ئومێدەی بڕیبێت لای هەندێ لەوانەی چاویان لە وەزارەتی وەرزش و لاوانە وەکو سەرچاوەیەک کە دەتوانن بەردەوام پشتی پێ ببەستن.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردوو بەڵێنتان دا کە بۆ ئەمساڵیش خەڵاتی لاوی ساڵ بکەن و ڕۆژنامەنووسانیش خەڵات بکرێن بە شێوەیەکی فراوانتر، دەگوترێ لە بەر هەندێ فشار نەتانکرد بۆ؟**

**تەها بەرواری:** بە پلەی یەکەم ئێمە تەسلیمی فشار نابین، لە 22ی نیسان حەزم دەکرد چوار وتار لە دژی وەزارەتی وەرزش و لاوان هەبوایە، نەتاننووسی، کەسیش نەینووسی چونکە نەمانکرد، بەڵام ئەگەر بمانکردایە دیسان دەگوترا بۆ فلانە کەس و بۆ فیسارە کەس بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تەمەنی وەزارەتی وەرزش و لاوان بمێنێت بە نیازین هەفتەیەکی چالاکیمان لە مانگی هەشتدا هەبێت کە بودجە بۆ کۆمەڵێک لەو پرۆژانەی بەڵێنمان دابوو دابین بکەین و جێبەجێیان بکەین، ئەو بەڵێنانەی داومن ئەگەر تەمەن یار بێت و بودجە یار بێت جێبەجێیان دەکەین.

**ڕووداو: ئاماژەت بۆ ئەوە کرد کە فەرهەنگخانەکان زۆربەیان خۆبەخشن، بەڵام دوو ملیۆن دۆلاریش بودجەیان هەیە، ئەمە زۆر نییە؟**

**تەها بەرواری:** تۆ بە هەڵە تێگەیشتوویت، من لە فەرهەنگخانەی هەڵەبجە کرێ دەدەم، پارەی ئینتەرنێت دەدەم، شتیان بۆ دەکڕم، ئەمە شتێکە و نەدانی مووچە شتێکی ترە، کە دەڵێم خۆبەخشن یانی مووچەیان نییە، 32 دانە فەرهەنگخانە بە 2 ملیۆن دۆلار پارەیکی زۆرە بەلای ئێوە؟



### کولتووری دیاری وەرگرتن لەناو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زۆرە

# "هەندێ وەزارەت هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن"

## سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو – هەولێر**

بودجەی تەرخانکراوی ئەمساڵی وەزارەتی وەرزش و لاوان 21 ملیار و 210 ملیۆن دینارە، 35 ملیۆن دیناری ئەو پارەیە بۆ چاککردنەوەی ئۆتومبێلی بارهەڵگر، 19 ملیۆن دینار پارەی پەیوەندی تەلەفۆنی، 9 ملیۆن دینار پارەی بەشداریکردن لە ڕۆژنامەکانەو 12 ملیۆن دیناریش بۆ زێراب داواکراوە، سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانیش ئەمە بە "بەهەدەردانی پارە" ناو دەبات و، دەڵێ ئەمە ڕێگە خۆشکردنە بۆ گەندەڵی.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە هەندێک لەوەزارەتەکان بەهۆی بودجەی تەخمینکراووە پارە لە حکومەت دەکێشنەوە "بەشێک لە وەزارەتەکان تەنها مەبەستیان کێشانەوەی پارەیە لەحکومەت".

ناوبراو قسەی خۆی بەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە "بەشێکی وەزارەتەکان چەند خانەیەکیان لەفۆرمی بودجەدا پڕ کردووەتەوە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییەو تەنها بۆ ڕاکێشانی پارەیە، بۆنموونە وەزارەتی وەرزش و لاوان داوای 25 ملیۆن دینار کردووە بۆ (مخبرین و متعاونین) ئەم خانەیەی فۆرمی بودجە تەنیا بۆ دەزگای ئاسایش و پۆلیسە، ئایا وەزارەتی وەرزش و لاوان مەبەستیان ئەوەیە سیخوڕی بەسەر خەڵکەوە بکەن یان لەنەزانینەوە ئەوەیان پڕ کردووەتەوە، ناشزانم چۆن وەزارەتی دارایی ئەمەی بەسەردا تێپەڕ دەبێت".

ئاریز، ڕەخنەی ئەوە لە زۆربەی وەزارەتەکان کە هیچ پلانێکی ستراتیژییان نییەو پارە لەحکومەت ڕادەکێشن "ئەوەی تێبینیم کردووە زۆربەی وەزارەتەکان ئەوەندەی مەبەستیان هاوسەنگکردن و ساخکردنەوەی پارە بووە، ئەوەندە ئامانجێکی ئابووری و ستراتیژییان لەپێش نەبووە، چونکە حکومەت سیاسەتێکی ستراتیژی و ئابووری ڕوونی نییە و وەزارەتەکانیش لە پڕکردنەوەی فۆرمی ئامادەکاری بودجەدا، بێ ئەزموون و نەشارەزان و هەندێک وەزارەت هەست بەبەرپرسیارێتی ناکەن".

لەزۆربەی ئەو فۆرمانەی وەزارەتەکان بۆ پرۆژە یاسای بودجە پڕیان کردووەتەوە خانەیەک هەیە بەناوی (خەرجی دیکە)ەوە. ئاریز عەبدوڵڵا، دەڵێ "ڕێگەگرتن لەو جۆرە خەرجیانە ڕێگە گرتنە لەگەندەڵی".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەفۆرمەکانی ئامادەکردنی بودجەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، خانەی خەرجییەکانی دیکە لەوەزارەتی وەرزش و لاواندا 11 ملیارو 650 ملیۆن دینارە، نزیکەی هەموو خانە جێگیرەکانی دیکەی بۆ تەرخانکراوە، سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانیش دەڵێت" خانە ناجێگیرە سەرپێییەکان هێندەی هەموو خانە جێگیرەکانەو تەنها تۆزێکی کەمترە، لەکاتێکدا بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو خەرجیانەی کە خانەی جێگیریان نییەو وەک خەرجی دیکە دانراون تەنیا یەک ملیارو 250 ملیۆن دینارە".

ئەو بڕە پارانەی لەفۆرمەکانی ئامادەکردنی بودجەدا بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان تەرخانکراوەو بەشێک لەزانیارییەکانی دراوە بە (ڕووداو) ئەوە دەردەخات کە بڕێکی زۆری پارە بۆ میوانداری و نانخواردن و دەرماڵەو چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل تەرخانکراوە، لەناو زانیارییەکاندا هاتووە"وەزارەتی وەرزش و لاوان 502 ملیۆن دیناری بۆ میوانداری داوا کردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر 240 ملیۆن دینار داوە، بۆ کاروباری زیادە (ئیزافی) داوای 280 ملیۆن دیناری کردووە وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر 113 ملیۆن دینار داوە، داوای 290 ملیۆن دیناریان بۆ دەرماڵەی لابەلا کردووە و وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر 125 ملیۆن دینار داوە".

بەپێی لیستێک کە وەزارەتی دارایی و پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندییان لەسەرداوەو وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، وەزارەتی وەرزش و لاوان بەمجۆرە پارەی پێداویستییەکانی خۆی خەملاندووە: 10 ملیۆن دینار بۆ کتێب، 23 ملیۆن بۆ گۆڤارەکان، 22 ملیۆن دیناریش بۆ چاپەمەنی، جگە لە 21 ملیۆن دیناری دیکە بۆ چاککردنەوەی کتێب و فایل و بەڵگەنامە، 24 ملیۆن دینار بۆ خواردەمەنی، 20 ملیۆن دینار بۆ پێداویستییەکانی تاقیگە، 7 ملیۆن بۆ پێداویستی کشتوکاڵی و 6 ملیۆن دینار بۆ پێداویستی پیشەسازی و ئینجا پێداویستی دیکە (لوازم اخری) بڕی 21 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، دەرماڵەی شەوانە بڕی 80 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، ئاهەنگگێڕان 150 ملیۆن و تەرفیهی 242 ملیۆن دینار. چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان، بارهەڵگر 35 ملیۆن، ئۆتومبێلی کار 40 ملیۆن دینار، ئۆتومبێلی ساڵۆن 46 ملیۆن و هۆیەکانی دیکەی گواستنەوە 42 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، چاککردنەوەی ئامێرو ئامرازەکانیش 80 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو داوای 500 ملیۆن بۆ باربوو و هاوکاری کراوە، وەزارەتی داراییش 490 ملیۆن دیناری بۆدابین کردوون.

ئاریز عەبدوڵڵا، کە سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانەو، وەزارەتی وەرزش و لاوانیش پەیوەندی بەم لیژنەیەوە هەیە، لەبارەی ئەوەی ئایا لیژنەی ڕۆشنبیری وردبوونەوەی لەدانانی ئەم پارانە کردووە، گوتی "ئەوەی دەگوترێت خەرجییەکانی دیکە لەزۆربەی زۆری وەزارەتەکان و بەتایبەت وەزارەتی وەرزش و لاوان هەیە، ئەگەر ئەو خەرجیانە بۆ پرۆژەی ستراتیژی بێت و بۆ دروستکردنی ژێرخانی وەرزشی بێت باشترە".

ئاریز، لەبارەی پڕ کردنەوەی فۆرمی ئامادەکردنی بودجەی وەزارەتی وەرزش و لاوان زیاتر دواو گوتی"نووسراوە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، ئۆتۆمبێلی کارکردن، هۆیەکانی دیکەی گواستنەوە، ئایا ئێمە فڕۆکەمان هەیە، هۆیەکانی دیکەی گواستنەوە چییە؟ ئایا کەشتی و عارەبانەی دەستی چاک دەکەنەوە، باسی هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبیلی گواستنەوە کراوە ئایا هۆیەکانی دیکەی گواستنەوە چییە، چۆن ئەوە لەوەزارەتی دارایی پەسەند کراوە".

سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان، دەڵێت "کە سەیری فۆرمەکانی ئامادەکردنی بودجە بکەین، وەزارەتی وەرزش و لاوان هەندێک خانەیان پڕکردووەتەوە هی ئەوان نییەو هی وەزارەتێکی دیکەیە، هەندێک خانە هەیە تایبەتە بەوەزارەتی تەندروستی هەندێک خانە تایبەتە بەوەزارەتی ناوخۆ، میوانداری، ئیفاد، ئیفادی شەوانە، خواردن، پەیوەندییە گشتییەکان، پڕکراونەتەوە لەکاتێکدا بەشێکیان هی وەزارەتەکانی دیکەیە".

ناوبراو، نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە "لەماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا 4 ملیۆن دینار بۆ هەموو کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگای دهۆک تەرخانکراوە، کام بەڕێوەبەرو وەزیر هەیە نەتوانێ خۆی ڕۆژنامە بکرێت، چەند شوورەییە هەست بەهەندێک شتی بچووک نەکەین، ئایا ئەو بڕە پارەیەی لەوەزارەتی وەرزش و لاوان و وەزارەتەکانی دیکەش بۆ کڕینی کتێب و ڕۆژنامە تەرخانکراوە زۆر نییە؟"



ئاریز عەبدوڵڵا (فۆتۆ:ڕووداو)

ئەگەرچی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری دەڵێت"من وەزارەتی وەرزش و لاوان تاوانبار ناکەم"، بەڵام ئەوەش دەخاتەڕوو کە"ئەو جۆرە پارەیە دەکرێت خراپ بەکار بهێنرێ و دەستکاری تێدا بکرێت".

ناوبراو بەگومانەوە لەو قسەیەی حکومەت دەڕوانێت کە دەڵێت بودجەی ساڵی ڕابردوو کورتی هێناوە و دەڵێت " گومانم هەیە بودجەی ساڵی ڕابردوو کورتی هێنابێت، بۆ حکومەت وادەکات، ئەگەر من گومانم هەبێت هاووڵاتی ئاسایی چۆن گومانی نییە، حکومەت سیاسەتێکی ستراتیژی ئابووری نییە، دەکرێ ئەوەی ئەمساڵ لەپەرلەمان بینرا بکرێتە هەنگاوێک، بەڵام ناشکرێت ئیتر هەندێک شت پەردەپۆش بکەین و چاوی لێبپۆشین ئەگەر خۆشمان لێی خۆشبین مێژوو لێمان خۆشنابێت".

ئەو پەرلەمانتارە داوایەک ئاراستەی سەرۆکی حکومەت دەکات و دەڵێت"خەرجی لابەلاو ئیفادو سەفەرو گرێبەست ئەوەندە زۆرە پێویستە شەخسی سەرۆکی حکومەت بەدیقەتتر سەیری بکات".

جێگای سەرنجە، بەپێی ئەو فۆرمە وەزارەتی وەرزش و لاوان داوای پارەی بۆ هەندێ شت کردووە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییەو وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر هەندێکیان نەداوە، لەوانە: 6 ملیۆن دینار بۆ جلوبەرگی فەرمانبەر، 5 ملیۆن دینار بۆ کتێبی قوتابخانە، 3 ملیۆن دینار جلوبەرگی سەربازی.

## ئابووری



### ئوسترالیا لە شاکەل خەریکی نەوت دەرهێنانە

ڕووداو-ئوسترالیەن نیوز

◆ کۆمپانیایەکی ئوسترالی بەنێوی Australia's Oil Search Limited دەستی بە پرۆژەیەکی دەرهێنانی نەوت کردووە لە نزیک گوندی شاکەلی پارێزگای سلێمانی، بەرپرسێکی حکومەتی کوردستان کە نەیوەیست ناو ی ئاشکرا بکات بە ئاژانسی دەنگوباسی ئوسترالی ڕاگەیاند کۆمپانیا ئوسترالیەکە بە هاوکاری کۆمپانیایەکی تورکی و ئەمەریکایی پرۆژەکە ئەنجام دەدات.

# "شاری غاز شۆڕشێکی گەورەی ئابوورییە لە کوردستان"

ئامانج خەلیل
ڕوودا و–سلێمانی

بەڕێوەبەری لقی سلێمانی کۆمپانیای دانا غاز، ڕایگەیاند لە مانگی 7 ئەمساڵدا غاز بۆ وێستگەیەکی 500 مێگاواتی لەناوچەی پیرداود لەشاری هەولێر دابین دەکات و بەمەش کێشەی کارەبای کوردستان چارەسەر دەکرێت و ئەوەشی ڕاگەیاند کە "بەنیازی دروستکردنی شاری غازن لەنزیک چەمچەماڵ".

شاکر محەممەد، بەڕێوەبەری لقی سلێمانی کۆمپانیای دانا غاز ئەوەی بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو) ئاشکراکرد کە دوو گرێبەستی گەورەیان لەگەڵ حکومەتی کوردستان مۆرکردووە بۆ دابینکردنی غاز بۆ دوو وێستگەی کارەبا لەشاری هەولێر و شارۆچکەی چەمچەماڵ.

کۆمپانیای دانا غاز کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییەو لەبواری دەرهێنانی غازی شلدا و بەرهەمهێنانی غازی وشک دا کاردەکات،کە بنکەی سەرەکی لەئیماراتە و نزیکەی 325 هەزار پشکی لە 100 وڵاتی جیاجیا تێدایە. بەپێی قسەی شاکر محەممەد پشکی کوردیشی تێدایە "بەڵام نازانم چەند کەسن و کێن".

کۆمپانیای ناوبراو لەمانگی نیسانی 2004 گرێبەستی کارکردنی لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا واژۆ کردووە بۆ دەرهێنانی غاز لەناوچەی (کۆرمۆر)ی قادر کەرەم، کە 8 بیری غاز دەگرێتەوە و بیرەکانیش لەسەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق لێدراون.

شاکر محەممەد زانیاری زیاتری لەبارەی ئەو گرێبەستە دایە (ڕووداو) و گوتی "گرێبەستەکەی ئێمە خزمەتگوزارییە، ئێمە لەم بیرانەوە غاز بۆ هەردوو وێستگەی کارەبای پیرداود لەشاری هەولێر و وێستگەی بازیان لەچەمچەماڵ دەگوازینەوە، کە بەهەردوو وێستگەکە 1250 مێگاوات کارەبا بەرهەمدێنن، بەمەش کێشەی کارەبا لەکوردستان چارەسەر دەبێ".

هەروەها شاکرباسی لەوادەی تەواوبوونی پرۆژەکە و میکانیزمی گواستنەوەی غازەکە کرد بۆ هەردوو وێستگەکەو گوتی "زۆربەی کارەکانی پرۆژەکە تەواو بوونە، غازەکەش لەڕێگەی بۆرییەکی 24 ئینجی دەگەیێنینە وێستگەکان، وێستگەی پیرداود 180 کیلۆمەتر دوورە، ئێستا سەرقاڵی لەحیمکردنی بۆرییەکانین، لەمانگی 7 ئەمساڵدا غاز دەگەیێنینە ئەو وێستگەیە، ساڵی داهاتووش دەگاتە وێستگەی بازیان".

بەپێی قسەی شاکر پرۆژەکە 650 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە و دوای تەواوبوونی پرۆژەکەش ڕۆژانە 300 ملیۆن پێ (قدم مکعب) غازی وشک بۆ ئەو دوو وێستگەیە ڕەوانە دەکرێ.

سەبارەت بەچۆنیەتی فرۆشتنی ئەو غازە وشکە بەحکومەت، بەڕێوەبەری لقی سلێمانی کۆمپانیاکە گوتی "لەبەرامبەر دابینکردنی ئەو غازە هیچ پارەیەک وەرناگرین، چونکە گرێبەستەکەمان خزمەتگوزارییە، بەڵام دەتوانین غازی شل بەرهەم بێنین و بیفرۆشین"، گوتیشی "بڕی ئەو بودجەیەی بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخانمان کردووە 650 ملیۆن دۆلارە، تاوەکو ئەو بڕە پارەیەمان دەستدەکەوێتەوە دەتوانین غازی شل بفرۆشین، دواتر لەگەڵ بڕی قازانجی دیاری کراودا، لەدوای ئەوەی پرۆژەکە دەگەڕێتەوە دەستی حکومەتی کوردستان".

> ئێمە غاز بۆ هەردوو وێستگەی پیرداود و بازیان دابین دەکەین بەمەش کێشەی کارەبای کوردستان چارەسەر دەبێ

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو)کەوتوون کۆمپانیاکە لەکاتی ڕاکێشانی بۆری غاز بۆ وێستگەکان لەگەڵ جوتیاران و خاوەن موڵکەکان ڕووبەرووی گرفت بووەتەوە، بەڕێوەبەری لقی سلێمانی لەو بارەیەوە گوتی "لەکاتی تێپەڕینی بۆرییەکان بەناو زەوییەکاندا، خاوەن موڵکەکان داوای قەرەبوویان دەکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لیژنەیەکی بۆ مەزەندەکردنی قەرەبووەکان دانا، بەدڵنیاییەوە هەموویان قەرەبوو دەکرێنەوە".



شاکر محەممەد، بەڕێوەبەری لقی سلێمانی کۆمپانیای دانا غاز (فۆتۆ:ڕووداو)

جگە لەدابینکردنی غاز بۆ هەردوو وێستگەکەی پیرداود و بازیان، کۆمپانیای دانا غاز بەنیازی دروستکردنی شارێکە بەناوی (شاری غاز). شاکر محەممەد وردەکارییەکانی ئەو شارەی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی "شاری غاز گەورەترین سەنتەری پیشەسازی غاز دەبێت لەناوچەکەدا، کە لەسەر ڕووبەری 32 کیلۆمەتر چوار گۆشە لەنزیک چەمچەماڵ بەبڕی 20 ملیار دۆلار جێبەجێدەکرێ، حکومەتی هەرێم شوێنەکەی بۆ دیاری کردووین و ئێمەش دەستمان کردووە بەرووپێوکردنی ناوچەکە".

ناوبراو وردەکاری زیاتری لەبارەی شارەکە ئاشکرا کردن و گوتی "پرۆژەکە بریتی دەبێت لەپرۆژەکانی نیشتەجێبوون، پرۆژەی چیمەنتۆ و دەرمان، شارەکە هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت و هەموو ئەو پرۆژانەی کە پێویستیان بەدابینکردنی غازە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی بەردەوام غازیان بۆ دابین بکەین".

سەبارەت بەکاتی تەواوبوونی شارەکەش گوتی "شارەکە بەقۆناغ تەواو دەکرێ، ئێستا تەرکیزی زیاترمان لەسەر دابینکردنی غازە بۆ ئەو دوو وێستگەیە".

شاکر محەممەد لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیدا ئەو پرۆژەیەی کۆمپانیاکەی بە"شۆڕشێکی گەروە" وەسفکردبوو، ئەوەی بۆ (ڕووداو)یش دووپاتکردەوە، کە پرۆژەکە شۆڕشێکی گەورەیە و گوتی "ئەو پرۆژەیە شۆڕشێکی گەورەی ئابوورییە چونکە بۆ یەکەمجارە شارێکی وا گەورە دروستبکرێت و هەموو پێداویستییەکانی وزەی بۆ دابینبکرێت، چونکە ئێستا هەزاران پرۆژە لەبەر نەبوونی وزە پەکیان کەوتوە، بەڵام شاری غاز ئەو کێشەیە ناهێڵێت".

ئەو پرۆژەیە جگە لەوەی سووتەمەنی بۆ هەردوو وێستگەی پیرداود و بازیان دابیندەکات لەهەمانکاتیشدا دەبێتە وێستگەیەک بۆ دابینکردنی هەزاران هەلی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە،کە زۆربەیان کەسوکاری ئەنفالن.

شاکر محەممەد گوتی ئەو پرۆژەیە دەرفەتی کار بۆ 2000 کەس دابین دەکات و گوتیشی "بەدڵنیاییەوە ئەولەویەتی کارکردن لەو پرۆژەیەدا دەدەینە خەڵکی ناوچەکە".

# بێ بارانی و برنجی ئێکسپایەر شکۆی ساوەر دێنێتەوە بازاڕ



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

ڕووداو – شارەزوور

"ئەو برنجەی وەرمگرتبوو، پێچامەوە و بڕیارمدا بیکەمە ئالیکی مانگاکان"، عەلی یەکەمین کەس نییە، بێکەڵکی ماددەکانی بەشە خۆراکی مانگانە تووڕەی کردبێت. لەوەش زیاتر، تووڕەبوونەکەی دەگاتە پچڕ پچڕی گەیشتنی و دابەشکردنی "بەشێوەیەک دابەشی دەکەن، خەڵک تاقەتی نەماوە وەریشی بگرێت".

ئەو شەوەی کە بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراک لەیەکێک لەرادیۆکانەوە گەیشتە خەڵک، عەبدولکەریم محەممەدی 59ساڵ، هەرچی فیشەکی شک دەبرد لەخۆشییدا تەقاندیو کردییە جەژن، ئەو پیاوە پێیوابوو چیتر ناچێتە بازاڕ و گیرفانی لەکڕینی شەکرو چاو ڕۆن و برنجدا خاڵی بکاتەوە "حکومەت گوێی لەهیچ نییەو هەرچی بێت هەر دابەشی دەکات، شەکرەکەی نەبێت، هیچ کەلوپەلێکی دیکەی بایەعییەکە بەکەڵک نایێت و هەمووی دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی".

عەبدولکەریم زیاتر دەڵێت "باوەڕناکەم لەماڵی ئێمە لەماوەی ئەم ساڵەدا پێنج ژەم برنجی جوان لێنرابێت، هەمووی دەبێت بەهەویر مانای وایە خراپە".

لەسەرەتای نەوەتەکان، دوای ئەوەی گەمارۆی ئابووری تەنگی بە ژیانی خەڵکی هەڵچنی، ساوەرو هەندێک لەگژوگیا بەهارییەکان زۆرترین ژەمە خواردنی هاووڵاتیانی کوردستان بوون. بەڕادەیەک خەڵک ناچاری ساوەر خواردن بوون، هەمووماڵێک لەسەرەتای پاییزەوە مەنجەڵە گەورەکانی ساوەر کوڵاندنی ئاگر تێبەردەدا و زۆرکەسیش وەک زێڕی زەرد ناویان دەبرد، ئەگەر وتە بەناوبانگەکەی سیاسییەکانیش لەبیرنەکەین، کە چیاکانیان بەتاکە پشت و پەنای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنا، ئەوا ساوەریش تاکە پشت و پەنای کورد بووە لەساڵانی گرانیدا.

خانم فەرەج، پێیوایە بەهۆی بێ بارانییەوە، ئەمساڵ تا کاتی ساوەر کوڵاندن دێتە پێشەوە نرخی گەنمی ساوەر بەشێوەیەک بەرز دەبێتەوە، کەنرخی ساوەر دووقاتی نرخی برنج لەبازاڕدا بەرزدەکاتەوە، خانم گوتی "گەنمی موسڵ ساوەرێکی هەیە تامی فرە خۆشە، بەڵام ئەو بێ بارانییە تازە ناهێڵێت ئەمساڵ بەدڵی خۆمان ساوەر بخۆین و ئەو بایەعییەی وەریشی دەگرین، جارێک خاس و سێ جار خراپە و بەکەڵک نایێت".

هێشتا جوتیاران بەروبوومی کێڵگەکانی گەنمیان نەدوریوەتەوە، نرخی گەنم بەردەوام هەڵدەکشێت و هەنووکەش لەبازاڕەکانی کوردستاندا، لەبەرامبەر هەرکیلۆیەک ساوەر بڕی هەزارو دووسەدو پەنجا دینارت لێوەردەگیرێت، لەکاتێکدا نرخی یەک کیلۆ برنج 750 دینار تا 1000 دینارە.

مامۆستا ئەیوب، کە دوکاندارێکی ساوەر فرۆشی دەڤەری شارەزوورە، ئاماژەی بەوەدا بەهۆی خراپی برنج و هەندێک ماددەی دیکەی بەشەخۆراکی مانگانەوە، خەڵک ناچار بوون روو بکەنەوە کڕینی برنج و سابوون و شەکرو چای بازاڕ "زۆرکەس متمانەیان بەبایەعی نەماوە بۆ خواردن بشێت و بەسەرچاوەی نەخۆشی دەزانن، هەر بۆیە ڕوودەکەنە کڕینی برنجی تایلەندی و باوەڕناکەم 40%ی خەڵکیش سابوون و چاییەکەی بەکاربێنێت".

سەبارەت بەبازاڕی ساواریش مامۆستا ئەیوب گوتی "ئەگەر لەکاتی گرانییەکەدا خەڵک ناچار بوو دوو ژەمە ساوەر بخاتە سەر سفرەکەی، ئەوا ئێستا خواردنێکی تایبەتییەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بەرز دەبێتەوە".

لەهەموو تەمەنی جوتیاری خۆیدا محەممەد کەریم، ئەوە یەکەمین ساڵیەتی لەکاتی دروێنەدا، لەجیاتی ئەوەی وەک ساڵانی پێشوو بڕواتە ناو کێڵگە گەنمەکەیەوەو بەدڵێکی خۆشەوە گەنمەکەی دروێنە بکات، دەبێت ئەمساڵ هەر لەدوورەوە تەماشای ئەو گەنمە بکات کەبەهۆی بێ بارانی و کورتە باڵاییەوە دەڕاسە ناتوانێ بچێتە ناوی "دوای ساڵێک چاوەڕوانی و ماندوێتی، ئەوەتا نەک خۆمان، ئاژەڵیش سوود لەبەرهەمی ئەو ساڵەمان ناکات، ئەمساڵ وەک ساڵانی ڕابردوو قەرە خەرمانیشم لێ نەکرد".

هەموو ساڵێک لەبەهاردا، ئەو جوتیارە لەدامێنی کێڵگەکەیەوە چەند مەترێک گەنمی بە کەرەنتو (مەلەغان) دروێنە دەکردو ئینجا لەئاگرێکی گەورەدا دەیکردە قەرەخەرمان (گوڵە پڕوزە) کەخواردنێکی بەتامی کوردەوارییەو هاوشێوەی ساوەرە "گوڵەپڕوزە لەبازاڕدا لەگۆشتی بەرخ بەقیمەتتر و گرانترەو خواردنێکی تایبەتی و بەلەزەتە".

محەممەد کەریم یەکێکە لەو سەدان جوتیارەی دەڤەری شارەزوور، کەئەمساڵ بەهۆی کەمی باران بارینەوە ناتوانن بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بکەنە گونییەوەو لەبازاردا ساخی بکەنەوە.

هەموو شەوێک لەکاتی هاتنەوەی کارەبای نیشتمانیدا، ئاشەکەی شێخ نەجم دەنگێکی بەرزی لێ پەیدا دەبێ. ئاشەکەی ئەو پیاوە، لەدوای جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراک، ئاپۆرای موشتەریە زۆرەکانی لەچەند باراشهاڕێکی کەمدا کورت بوویەوەو دواجاریش وای لێهات، ماوەیەکی زۆر هەر بەیەکجاری بێدەنگ بوو "ئەو بایەعییە خەڵکی لەخواردنی ساوەرو ترخێنەو ئەو شتانە دوورخستەوە".

شێخ نەجم، وەک ئەوەی هەستی کردبێت کە ڕۆژگاری سنگ دەرپەڕاندنی ئاشەکەی نزیک بووبێتەوە وتیشی "ئێستا خەڵک وردە وردە باراشی ساوەرو بروێشی ترخێنەو ئەو شتانە دێنن و وا دەزانم خەڵک لەسێ ژەمە برنج خواردن دوور کەوتونەتەوە". ئەو لەبیریشی نەچوو، کەبێتاقەتی خۆی لەکەمی کارەبا دەرببڕێت "ئەم ئاشە بەکارەبای زۆر ئیش دەکات و شەوانە هەتا کاتژمێر دوانزە لێرە چاوەڕوانی یەک کاتژمێر و نیو کارەبا دەکەم".

عەلی محەممەد، هەموو برنجی مانگی چواری کرد بەئالیکی مانگاکان و بڕیاریدا کە بەبرنجی بازاڕو ساوەر جێگەی ئەو برنجە بێکەڵکە پڕبکاتەوە وگوتی "منداڵی خۆم بەخواردنی خراپ و بەسەرچوو ناکوژم".

# گەنجانی گەرمیان دەبنە دەستەی نەزاهە

بیلال سەعید
ڕووداو –کەلار

بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی سنووری گەرمیان ڕەتیکردەوە کە مەلەفی گەندەڵییەکانی فەرمانگەکانی گەرمیانیان بەڕۆژنامەکان فرۆشتبێت و ڕاشیگەیاند "فایلی گەندەڵی وامان لەلایە ئەگەر بڵاوی بکەینەوە خەڵک تووشی شۆک دەکات، لەوانەیە لەساڵیادی دامەزراندنی ناوەندەکەمان ئاشکرایان بکەین".

ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی سنووری گەرمیان لە 2004/7/22 دامەرزاوە، سەرەتا لە 18 ڕێکخراوی گەنجان، ژنان و قوتابییان پێکهاتبوو، بەڵام دواتر ڕێکخراوەکانی سەر بەیەکێتی لەناوەندەکە کشانەوەو مانەوە 11 ڕێکخراو.

عەدنان قوربانی، بەرپرسی پەیوەندیەکانی ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی سنوری گەرمیان، ئامانجی ناوەندەکەی بۆ (ڕووداو) خستە ڕوو و گوتی "ناوەندەکە دەیەوێت ببێتە پردی نێوان دەسەڵات و خەڵک، لەهەمانکاتدا دژایەتی گەندەڵی دەکات و دەیەوێت ببێتە هێزێکی فشار لەپێناو دابینکردنی مافە گشتیەکانی خەڵک".

عەدنان لەبارەی نەماوەی ڕێکخراوەکانی سەر بەیەکێتی لەناو ناوەندەکە، عەدنان گوتی "سەرەتای کارکردن لەگەڵمان بوون، بەڵام لەگەڵ دەرکردنی یەکەم بەیاننامە کەداوامان کرد دەست تێوەردانی حیزبی لەنێو ناوەندەکانی خوێندن نەمێنێ ڕێکخراوی ئازادی لاوان دەست لەکارکێشانەوەیان ڕاگەیاند، هەر چەندە داواشیان وەریان بگرینەوە، بەڵام وەرمان نەگرتنەوە".

بەو پێیەی بەشێک لەچالاکییەکانی ناوەندەکە بەدواداچوونە بۆ کاروباری فەرمانگەکانی حکومەت، بۆیە زۆرجار ناوەندەکە لەگەرمیان بەدیوانی چاودێری دارایی ناودەبرێ.

عەدنان قوربانی، لەبارەی ئەو نازناوەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "دەستەی نەزاهەشمان پێدەگوترێت، ئێمە جۆرێک لەچاودێریمان هەیە، بەڵگەکانی گەندەڵی ئاشکرا دەکەین، دەیدەدەین بە حکومەت، بۆ ئەوەی ئیجرائات بکرێ، ئێستاش چەندین بەڵگەمان لایە لەسەر گەندەڵی".

هەروەها قوربانی ئاماژەی بەوەدا لەو ماوەیە گروپێکیان دروستکردووە بەناوی "گروپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی"، ناوبراو لەبارەی ئەو گروپەوە گوتی "ئەوە گروپێکە لەناوەندەکە، ئێمە پاڵپشتیان دەکەین تاوەکو دەکەونە سەر سکە، دوایی ئەوان تایبەت دەبن بەو کارە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ناوەند بەردەوام دەبین لەدژایەتیکردنی گەندەڵی".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون ناوەندی ناوبراو چەند بەڵگەنامەیەکی لەسەر گەندەڵی دەست کەوتووەو بەڕۆژنامەکانی فرۆشتووە، بەڵام بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوەندەکە ئەو زانیارییانەی ڕەتکردەوەو گوتی "نیوەی زیاتری ئەو بەڵگانامانەی دەستمان کەوتوون هێشتا بڵاونەکراونەتەوە، سندوقێکمان لایە کە مەلەفی گەندەڵی تێدایە ئەگەر بڵاوی کەینەوە لەوانەیە خەڵک تووشی شۆک بێت، چونکە تا ئێستا ئەو مەلەفانەی کە ئاشکرامان کردوە گشتی بووە ئەوانەی ئێستا لامانە گەندەڵی شەخسییە، ناوی کەسی وامان لایە کە 7 پارچە زەوی وەرگرتووە لەناوچەی پیشەسازی بەناوی پیشەوەر کەچی پیشەوەریش نییە".

ناوەندی هاوبەشی کاری ڕێکخراوەکانی سنووری گەرمیان تاوەکو ئێستا چەندین ڕاپرسی لەسەرە ئەدای فەرمانگە حکومییەکانی سنووری گەرمیان ئەنجامداوە و دواتریش ئەنجامەکەی لەڕۆژنامەکان بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ئەوڕاپرسییەی لەسەر دادگای کەلار ئەنجامیان دابوو بڵاویان نەکردەوە.

عەدنان قوربانی، لەبارەی بڵاو نەکردنەوەی ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە گوتی "چونکە بەڵێنمان پێیان دابوو، ئەنجامەکەیان بۆ بگەڕێنینەوە ئەوکات ئەوان خۆیان ئەداو هەڵسوکەوتی خۆیان چارە بکەن، ئێستاش خەڵک لێیان ڕازییە".

ئەگەرچی ئەو ناوەندە چەندین بەڵگەنامەی لەسەر گەندەڵی فەرمانگە حکومییەکان لەسنوورەکە خستۆتە ڕوو، بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو پێویست ئیجرائات نەکراوە، قوربانی هۆکاری ئیجرائات نەکردنەکەی گەڕاندەوە بۆ باڵادەستی حیزبەکان لەفەرمانگە حکومییەکاندا و گوتی "ئیجرائاتی ئیداری کراوە ڕەنگە هەندێ جار بەهۆی باڵادەستی حیزبەوە ئەوکارە نەکرابێ، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی ئەنجومەنی وەزیران ئیجرائاتی ئیداری کردووە".

قوربانی گوتیشی "ئێستا پێشنیارێک هەیە ئەوانەی گەندەڵیان کردووەو ئیجرائاتیان لەگەڵدا نەکراوە کەمپینێک دروست بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بدرێنە دادگا".

هەر چەندە ئەو ناوەندە بەردەوام باس لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەکات، بەڵام زۆرجار تۆمەتی گەندەڵی دەخرێتە پاڵ ناوەندی ناوبراویش بەتایبەتی دوای دیار نەمانی ئەو پارەیەی پەرلەمانی کوردستان دابووی بەناوەندەکە بۆ کڕینی ئامێری فۆتۆکۆپی.

عەدنان قوربانی گوتی "گەندەڵی چی؟ بەدبەختین پارەو بارەگامان نییە، تەسەور دەکەم ئەوە پڕوپاگەندەی ڕێکخراوەکانی سەر بەدەسەڵات بێ، یان ئەو کەسانە بن کە ناویان لەمەلەفی گەندەڵییەکان دایە".

سەبارەت بەو پارەیەی لەپەرلەمانی کوردستانیان وەرگرتبوو، قوربانی گوتی "4 ملیۆن دینارمان لەپەرلەما وەرگرتووە، 1ملیۆن و 200 هەزار دینارمان بە ئامێری فۆتۆکۆپی داوە، ئامێرەکەش لەبارەگای یەکێتی لاوانی شیوعییە، جگە لەوەش هەندێک پارە قەرزار بوون قەرزەکانمان داوە، بڕێک پارەشمان ماوە، لێژنەی داراییشمان هەیە کە کارەکانمان بەپێی وەسڵ کراوە".

جگە لەتۆمەتی گەندەڵی، زۆرجار تۆمەتی شیوعی بوونیش دەدرێتە پاڵ کۆمەڵەکە، عەدنان قوربانی کە خۆی ئەندامێکی شیوعییە، لەو بارەیەوە دەڵێت "لەبەر ئەوەی من شیوعیم، زۆرجار بەهۆی دەرکەوتنم و لێدوانەکانم لەوانەیە ئەو گومانە دروست ببێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ناوەندەکە هیچ پەیوەندی بەحیزبی شیوعییەوە نییە".



## ئەژدەر وەهبی دەگەڕێتەوە کوردستان

محەممەد شکاک
تایبەت بەرووداو

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لەئەژدەر وەهبی لەلێدوانێکی تایبەت بە(رووداو) ڕایگەیاند کە بۆ یەکەمجارە ئەژدەر بەمەبەستی سازدانی کۆنسێرت لە ڕۆژی جیهانی منداڵان، دەگەڕێتەوە کوردستان. گوتیشی کۆنسێرتەکە بەهاوشانی لەگەڵ هونەرمەند نیلۆفەر ئیکبال و گرووپی نالی ئەنجامدەدرێ کە بڕیارە لەلایەن ڕێکخراوێکی بیانییەوە لە1/6ی سازبکرێ. هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەژدەر وەهبی ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکی تازەیە کە لەچەند گۆرانییەکی نوێ پێکهاتووە.

# شانیا سەما دەکات



**تایبەت بە رووداو**

(سەما) نێوی یەکەم بەرهەمی کچە هونەرمەند (شانیا)یەو لە 8 گۆرانی پێکهاتووە کە تەواوی میلۆدییەکانی لەلایەن ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیرەوە کاری بۆکراوە و تێکستی گۆرانییەکانیشی شیعری هەریەک لە (شێرکۆ بێکەس، د.ئاراس عەبدولکەریم، حەمەسەعید ئیبراهیم، ئەکرەم ئەمین، هەڵکەوت زاهیر، هێمن نەبی، خۆشناو)ن و کاری دابەشکردنی میوزیکیشیان لەلایەن هێمن حوسێن کراوە.

ئەو بەرهەمەی شانیا لەکۆمەڵێک ستایلی جۆراوجۆری وەکو پۆپ، لاتین، ساول و ستایلی ڕۆژهەڵاتی پێکهاتووە و یەکێک لەگۆرانییەکانیش بەشێوەزاری کرمانجی سەروویە.

شانیا کچێکی عەرەبەو، بۆ یەکەمجارە گۆرانی دەڵێت و تەواوی گۆرانییەکانی ئەو سیدیەی بەزمانی کوردییەو ئێستا سەرقاڵی تەواو فێربوونی زمانی کوردییە.

# نازێ هیچ وەرزێکی نییە



**تایبەت بەرووداو**

کچە گۆرانیبێژ و شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نازێ عەزیزی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە ئێستا خەریکە تەواوی تێکستە شیعرییەکانی خۆی دەکاتە سیدیەک و بەدەنگی خۆی بڵاویاندەکاتەوە.

لەوبارەیەوە نازێ عەزیزی تایبەت بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوسیدییە شیعرییەم بەنێوی (هیچ وەرزێک بۆ یادەکانی من)ە و تەواوی شیعرەکان هی خۆمەو هەر بەدەنگی خۆشم خوێندوومەتەوە، لەگەڵ میوزیکێکی جوان کە هونەرمەند ئارەشی سەمیمی ئامادەیی کردووە".

عەزیزی گوتیشی بڕیارە کۆمانیای چوارچرا ئەو سیدیە شیعرییە بڵاوبکاتەوە کە لە شیعری نیشتیمانیی و تراژدیای عیشق و ڕۆمانسی پێکهاتوون.

نازێ ئێستا خەریکی کارکردنە لە سیدیەکی گۆرانی کە بڕیارە سەید ئەحمەد ڕواندزی و هێمن حوسێن ئاوازەکانی بۆ دابنێن.

# قادر ئەسعەد یارمەتی تووشبووانی تالاسیمیا دەدات

**تایبەت بەرووداو**

گۆرانیبێژ قادر ئەسعەد لەسەردانی ئەمجارەیدا بۆ کوردستان لەشاری دهۆک کۆنسێرتێکی بەهاوکاری کەناڵی ئاسمانی ڤین تیڤی سازکردو داهاتی کۆنسێرتەکەشی بەخشیە تووشبوانی نەخۆشی تالاسیمیا.

لەوبارەیەوە قادر ئەسعەد لەلێدوانێکی تایبەت بە (رووداو) گوتی "بەئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە داهاتی ئەو کۆنسێرتەم ببەخشمە تووشبوانی نەخۆشی تالاسیمیا"، هەروەها داوای لەهەموو کوردێکیش کرد کە هەر کەسەو لە ڕێگای خۆیەوە و بەپێی توانای خۆی هاوکاریان بکات.

قادرئەسعەدلەکۆتایی مانگی ڕابردوو بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە تازەکەی کە بەنێوی (کەرکووک)ە گەڕایەوە کوردستان.

## لە ئامەد
# زانا جەبەلی دەڵێ هەر تۆم دەوێ



**رووداو –ئامەد**

هونەرمەند زانا جەبەلی گۆرانی (هەر تۆم دەوێ) لە ستۆدیۆیەکی شاری ئامەد (دیاربەکر) تۆمارکرد.

لە لێدوانێکیدا هونەرمەند زانا جەبەلی ڕایگەیاند تاوەکو ئێستا بڕی 2500 دۆلاری لە تۆمارکردنی ئەم گۆرانییە خەرج کردووە کە دیاکۆ گرووپ خەرجییەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

کاری موزیکی ئەم بەرهەمە لەلایەن گرووپی موزیکی (گوینەدەم)ەوە بەبەشداری 15 ژەنیار ئەنجامدراوەو لە ستۆدیۆی (سەرکان)ی شاری ئامەدی پایتەختی باکووری کوردستان ئەنجامدراوە.

لە بارەی دروستکردنی کلیپ بۆ ئەم بەرهەمە زانا گوتی "من هیچ گەشبین نیم بە کلیپ کردن لە کوردستان چونکە بابەت و سیناریۆی کلیپەکان زۆر لە یەکتر دەچن و ئەو خەیاڵانەی کە من هەمن بۆ کلیپ دروستکردن لە کوردستان دابین نابن، بۆیە بڕیارم داوە ئەگەر حکومەتی هەرێم هاوکاریم بکات کاری کلیپەکە لە دەرەوەی کوردستان ئەنجامبدەم".

هۆنراوەی ئەم بەرهەمە کارێکی هاوبەشی نێوان زانا جەبەلی وشاعیر (کاوە حوسێن)ەو،هەر خۆیشی ئاوازەکەی داناوەو دابەشکردنی موزیکیشی لەلایەن (سەرکان تانک)ەوە ئەنجامدراوە.

# قەڵەوترین مرۆڤی دنیا دەیەوێ ببێتە لاوازترین کەسی جیهان



**رووداو – ڕۆیتەرز**

مانوێل ئۆریب، بەقەڵەوترین مرۆڤی سەرزەوی دادەنرێت و، بەهۆی قورسی لەشییەوە شەش ساڵە نەیتوانیوە تەختی نووستنەکەی بەجێبێڵێت.

ئۆریب کە 716 پاوەند دەبێت، بەڵێنی داوە خۆی هێندە لاواز بکات کەتەنانەت ڕیکۆردی لاوازی بشکێنێت، ڕاستییەکەشی تا ئێستا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش توانیوتی کێشی خۆی کەمبکات و لەمانگی مارسی 2006 ەوە 518 پاوەندی قورسایی لەشی کەمکردووەتەوە، ئەمەش بە پارێزیکردن لە خواردن و تەنیا خواردنی میوەو سەوزە.

ئۆریب ئەگەرچی هێشتا ناتوانێت لەشوێنی خۆی بجولێت،بەڵام هیوادارە مانگی داهاتوو بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی 43 ساڵەی لەدایکبوونیەوە بتوانێت لەماڵەکەی بچێتە دەرەوە،ئەمەش دەبێتە سێیەم چوونە دەرەوەی لەماوەی شەش ساڵدا. ئەو بەنیازە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونیەوە گەشتێک بۆ ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری شارەکەی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بخرێتە ناو بارهەڵگرێکەوە وبارهەڵگرەکەش لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی دیکەوە ڕابکێشرێت.

ئۆریب لەبارەی گەشتەکەی دەڵێت " ڕاستییەکەی موعجیزەیە ئەگەربتوانم ئەوەندە دوور بڕۆم، دووساڵ لەمەوبەر بەهۆی ئەوەی ژنەکەم بەجێی هێشتم لەداخان ویستم خۆم بکوژم، بەڵام خوا باشترین دوکتۆری بۆ ناردم و توانیم کەمێک خۆم لاواز بکەم".

مانوێل ئۆریب، ساڵانی 1990 بەهۆی کارکردنی لە ئەمەریکا وەک شارەزای کۆمپیوتەر، خوی بەخواردنی پیزاو هامبرگرەوە گرت وبەم شێوەیەی ئێستا قەڵەو بوو.

# کاترینا دەردەکرێ



**رووداو – ئاژانسەکان**

کچە ئەکتەرو نمایشکاری جلوبەرگ، کاترینا کەیف بەهۆی بڵاوبوونەوەی وێنە سێکسیەکانی لەکارەکەی دەرکرا.

کاترینا کەیف ماوەی دوو ساڵە لە کۆمپانیای چای ئەلاکۆزەی کار دەکات و ڕێکلام بۆ چای ئەو کۆمپانیا بە نێو بانگەی هیندستان دەکات، بەڵام چەند ڕۆژ لەمەوپێش بەهۆی بڵاوبوونەوەی وێنە سێکیسەکانی، ئەوکۆمپانیایە گرێبەستەکەی لەگەڵ کاترینا هەڵوەشاندەوەو دەریکرد. بەپێی قسەکانی کەیف ئەو وێنانەی بڵاوبوونەتەوە دەستکاری کراون و دەڵێ "من دوور بوومە لەو جۆرە کارانە".

کاتریناجگەلەڕێکلامکردن بۆ ئەو کۆمپانیایە، ئەکتەر و نمایشکارێکی بەنێوبانگی جلوبەرگ بووەو تائێستا 24 فیلمی سینەمایی هیندی هەیەو داهاتەکەشی دوای ئەوەی ڕێکلامی بۆ ئەلاکۆزەی کرد گەیشتە 25 ملیۆن دۆلار.

# لەبەریتانیا فیستیڤاڵێک بۆ فیلمی کوردی ساز دەکرێ

**تایبەت بە رووداو**

لە2008/9/20 لەمانچستەر سێیەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی سازدەکرێ و ماوەی 7 ڕۆژ دەخایێنێت.

ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی بڕیاریداوە لە 20 تا 2008/9/27 فیستیڤاڵێک بۆ فیلمی کوردی لە شاری مانچستەری بەریتانیا ساز بکات کە دەرهێنەرانی کورد دەتوانن تا 2008/6/15 فیلمەکانیان بۆ ئەو فیستیڤاڵە بنێرن. بەشەکانی ئەو فیستیڤاڵەش لەگەشەپێدانی سکریپت، وۆرکشۆپ بۆ فیلم، کورتە فیلم، فیلمی دیکۆمێنتاری، فیلمی درێژ پێکدێت.

# بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

نیگەران مەبە، لەوانەیە لەم هەفتەیەدا هاوڕێکانت بانگهێشتت بکەن بۆ ئاهەنگێک، لەئاهەنگەکەشدا کەسێک دەناسی و ژیانت دەگۆڕێ. پێویستە ژیرانە بیر بکەیەوە.

### گا
Apr 20-May 20

ڕۆژی سێشەممە ڕۆژی خۆشی تۆ دەبێ، بڕە پارەیەکت لەشوێنێک پێدەگات، پێویستە بڕێک لەو پارەیە بۆ ماڵەوە خەرج بکەی چونکە ئەوان پێویستان بەیارمەتی تۆیە.

### جمک
May 21-Jun 21

کەسێک دەیەوێ خۆی لەتۆ نزیک بکاتەوە تاکو ئەو مەبەستەی هەیەتی بیپێکێ، کە سوودی بۆ تۆ نییەو لەوانەشە تووشی گرفتێکی گەورەت بکات، ئاگاداری خۆت بە.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

توانیوتە هەندێ لەکێشەکانت چارەسەر بکەی، ئەوەش سەرکەوتنێکە بۆ تۆ، بەڵام هێشتا ئەو کێشانە ماون کە لەوانەیە تووشی کێشەی گەورەت بکەن، زیاتر هەوڵبدە.

### شێر
Jul 23-Aug 22

هەوڵدەدەی لەم هەفتەیەدا لەگەڵ خێزانەکەت بچیتە سەیران، کارێکی باش دەکەی، چونکە دەمێکە ئەوان دەیانەوێ داوات لێبکەن کە پێکەوە بچنە سەیران، بۆیە دەستپێشخەربە.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

ڕۆژی هەینی ڕۆژی شانسی تۆیە، لەو ڕۆژەدا هەواڵێکت لەشوێنێکی دوورەوە پێدەگات کە دەبێ بەگرنگی وەربگری، ئەگەر باش بیری لێبکەیتەوە و کەڵکی لێوەرگری، سوودێکی زۆری بۆتۆ دەبێ.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

ماوەیەکی زۆرە پەشۆکاوی، زۆر نیگەرانی بەرامبەر بەو کارانەی ئەنجامتداون، نیگەران مەبە، ڕابردوو لەبیربکەو بیر لەداهاتوو بکەوە کە هەڵەکانی ڕابردوو دوبارە نەکەیتەوە.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

سەفەرێکت لەپێشە، باشتروایە ئەو سەفەرە نەکەی، لەوانەیە سوودێکی نەبێت و تووشی گرفتیشت بکات، لەجیاتی ئەوە زیاتر گرنگی بەخێزانت بدە، چونکە ئەوان وادەزانن لەبیرت کردوون.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

لەو کارەی کردووتە پەشیمان مەبە، کارێکی زۆر باشت کردووە، دەرفەتی وا زۆر کەم دەست دەکەوێت، لەوانەیە سوودی بۆتۆ نەبووە، بەڵام بەو کارەت سوودت بەکەسانێکی زۆر بەخشیوە.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

بەهۆی ئەو قسانەی پێشتر کردووتن کەسێک لەتۆ نارەحەت بووە، باش بیر بکەوەو هەوڵبدە دڵی بەدەست بێنیتەوە، ئەو کەسە لەژیانتدا سوودی زۆری بۆتۆ هەبووە.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

لەشوێنێک بەباشی باست دەکەن، هەوڵبدە هەر بەو شێوەیە بیت کە هەی، لەوانەیە ڕۆژی پێنج شەممە ئەو کەسانە بانگهێشتی ماڵەوەت بکەن، بۆیە نەکەی بە قسەیەک دڵیان برەنجێنیت.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

لەم هەفتەیە لەناکاو هەواڵێکی ناخۆشت پێدەگات، بۆیە پێویستە وورە بەرز بیت و خۆت نەدۆڕێنی، لەژیاندا خۆشی و ناخۆشی هەیە، هەمیشە ئومێدەوار بە.

# SMS
# دیموکراتییەتەکا گەڕۆک

عوبێد مزۆری*

هێشتا مۆبایل ل جەم مە د هندەک بیاڤێن بەر تەنگ دا بکاردێت و هندەک جاران د بیاڤێن سەقەت دا، بتنێ بێهنەکی بنێرە وان کورتە نامێن دهێنە فرێکرن و دهێنە نیشاندان ل سەر شاشێن تێلڤزیۆنێن مە دێ ئاستێ خەلکێ مە زانی، وی دەمی دێ بتر بێزاربی وەکی تو گوە دەیێ و سەحدکەیێ هندەک پرۆگرامێن لە سەرمۆبایل دهێنە پێشکێشکرن و کارتێکرنا وی ل سەر خەلکێ مە و د رژدن لە سەر هندێ کو پتری یا گەنجێن مە خەلەت بکاردئینن یان ژی بتنێ بۆ بێزارکرنا خەلکەکی بکاردێت، یان ژێ بۆ هەتکرنا نامیسا خەلکەکێ دی وەکی پارچێن تۆمارکری دناڤبەرا خۆدا بەلاڤدکەن. دهندک بیاڤێن تەنگ مە شیایە جوان و بمفا بکاربینین ئەوژی دهندک هەڵکەفتین نەتەوەیی وئایینی وەکی پیرۆزبایی بڤان هەلکەفتان دهێنە بەلاڤکرن، ئەڤ جەندە ژی تشتەک جوانە و هندەک جاران ژی نامێن کورت وەک رێکلام بۆ هندەک دەزگەهان هاتینە بەلاڤکرن.

ئەڤە هەمی تشتەک ئاساییە و نە جهێ حێبەتییێیە ژبەر کو ڤۆناخەکە هەتا خەلک ب دروستی دگەهیت ودڤێت راگەهاندن رۆلەک کاریگەر ببینیت د ڤێ جەندێ دا و بساناهی نەهاتی یە گۆتن " دیموکراتیا گەڕۆک"، باشترین نموونە لەسەر ڤێ چەندێ فلیپپینە کو ب رێکا نامێن کورت سەرۆکێ وەڵاتی (جۆزیف ئێسترادا ) ل ساڵا 2001 ئێخستی، پشتی جڤاتا پیران نە شیاین وی بێخن کو لسەر ئاشکرا ببوو 71 ملیون دۆلار برێکێن نە یاسایی بدەست خۆ ڤە ئینایین، نامێن کورت ئەو ئێخست وەکی بهزارها نامە هاتینە بەلاڤکرن کو تێدا هاتبوو " هەرن جادا ئەدیسا وجلێن رەش بەرخۆبکەم ژبۆ تازیا دیموکراتییەتێ"، وی دەمی هەست کر کو خەلک هەمی دی رژیتە سەر جادان ول بن فشارێن خەلکەکی دەست ژ سەرۆکاتی بەردا.

نێزیکترین نموونە بۆ مە لوبنانە وەکی ل ساڵا 2005 ملیۆن کەس خرڤە بووین لدیف داخازا وان نامێن گەهشتینە وان ژبۆ بدیماهێک ئینانا داگیرکرنا سووری بۆ لوبنانێ . هەر وەسا ئافرتێن کوێتی ب رێکا نامێن کورت بدەهان کۆمبین ئەنجامدان و تێدا دهاتە داخازکرن مافێ دەنگدانێ وخۆکاندیدکرنێ هەبیت .

ل هندەک جهان وەکی ئەفریقیا هندەک رۆژنامە دەنگوباسێن د رۆژنامێ دا دهێنە بەلاڤکرن ب رێکا نامێن کورت لە سەر وەلاتیان بەلاڤدکەت و چێدبیت ژی هندەک ئالی بۆ مەرمێن خۆ یێن تایبەت بکاربینن وەکی گرووپا قاعیدە ل عێراقی نامێن کورت بۆ ترساندنا خەلکێ وکەڤکرنێ دهنێریت .

ئەڤ ئامێرێ رێ ددەتە هەمی کەسان بکاربینیت پێدڤی هوشیارکرنا دروستە وبخەمە، لەورا دشێت ببیت ئالاڤەک ئاڤاکەر و دشێت ببیت ئالاڤەک ویرانکەر . سیستەمەک نوی یە ددەستێن مەدا، دیموکراتییەتەک گەڕۆکە، دشێین بکاربینین بۆ هۆشیارکرنا خەلکەکی ژئالی سیاسی وجڤاکی ڤە و دشێین بهزاران ناما بۆ ئێک دوو بکاربینین بۆ نە هێلانا دیاردین سەقت وخراب دناڤ مەدا ژبۆ دژاتیا گەندەلی وتیرۆرێ ژ بۆ بەلاڤکرنا هزرێن جوان و هاندنا گەنجان بۆ کارکردنێ و بەر هەمهێنانێ و ژبۆ بدەست ڤە ئینانا مافان و بەرەڤانیکرنێ ژێ، ل جهێ وان هەمی سەنتێن دهێنە مەزاختن بۆ وان هەمی نامێن سەقت ئەوێن بناڤێ ئەڤینیێ دهێنە وەشاندن بۆ شاشێن تەلەفزیۆنێن مە بێ کۆ چ مفا بۆ وان ل هەمبەر بزڤریت.

*پسپۆرێ راگەهاندنێ ل رێکخراوا IREX یا نێڤ دەوڵەتی

# ئەوەیە شەڕ

تید بیلمان

ئێستا (حزب الله) ی بەکرێگیراوی ئێران، کۆنترۆڵی لوبنانی کردووەو ئەوەی بە ئاشکرا ئازار بەخشە ئەوەیە ئەو بۆشاییەی کە لە دەرئەنجامی پاشەکشەی ئیسرائیل دروست بووە،ئەمڕۆ لەلایەن ئێرانەوە لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانییەوە پڕ دەکرێتەوە .تەنانەت پاشەکشەی ئیسرائیل لە غەززە بووە مایەی ئەوەی حەماس بتوانێت دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرێت. پاشەکشەی ئیسرائیل لە لوبنان ڕێگەی بۆ حزب الله خۆش کرد کۆنترۆڵی ئەو وڵاتە بکات،بە هەمان شێوە پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئایندەدا بەکرێگیراوەکانی ئێران دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرن.

لە ڕاپۆرتێکی، ڕۆژنامەی واشینتۆن تایمز دا هاتووە کە شێخ یەزیب خدر،نووسەر و چالاکوانی سیاسی حەماس لە ڕامەڵلا دەڵێت میلیشیا چەکدارەکانی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر حسابی ئەو ڕژیمانەی کە ئەمریکا پاڵپشتیانە دەستەڵاتیان گرتووەتە دەست،بۆ نموونە حەماس کۆنترۆڵی کەرتی غەززەی کردووە و دەستەڵاتی لەو هێزانەی کە سەر بە مەحموود عەباسی سەرۆکی دەستەڵاتدارێتی فەلەستینن و ئەمریکا پاڵپشتیانە، وەرگرتووە .دەڵێ "ئەوەی لە 2007دا لە غەززە بە دەست هات دەستکەوتێکە، هەمانشت ئێستا لە ساڵی 2008 لە لوبنان ڕوو دەدات و ئەگەر کار وا بڕوات لە 2009 لە ئوردن و لە 2010 لە میسر ئەو دەستکەوتانە بە دەستدەهێنرێن".

لەلای خۆیەوە ( ڕائول مارک جێرکت) لە وتارێکیدا لە ژێر ناونیشانی لێدانی ئێران Countering Iran تەئکیدی لەو خاڵەی سەرەوە کردەوە، بەڵام هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە:

هەڵەشەیی سەرۆک بوش،ئێرانییەکانی بە ئاگا هێنایەوە کە ئامادەباش نین بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسییانەی چاوەڕێیان دەکات و ئەو ڕەوشەی کە گوایە ئێران براوەیە لەو بارودۆخەی عێراقدا بە پشتیوانی ئەو پارتە شیعانەی کە پشت بە کۆمەک و نیازپاکی ئێران دەبەستن لە جەنگە دڕندانەکەیاندا دژ بە بەرهەڵستکارە سونییەکان و قاعیدە- بە ئاقارێکی دیکەدا وەرچەرخا بۆ ئەگەری شکستێکی مەزن بۆ ئێران.

بۆیە تەنانەت ئەگەر سەرۆک بوش،لە پێش هاتنی کانوونی دووەمی-2009یش گورزی ئاسمانی دژ بە مۆڵگا ناوەکییەکانی ئێران بەکارنەهێنێت،ئەوا عێراق تاکە دەوڵەتێکی گۆڕەپانەکەیە بۆ ئیدارەی ئەمریکی تا بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر بەکاری بهێنێت بۆ ئەنجامدانی جموجۆڵەکانی دژ بە تاران.

رائوول بەم چەشنە کۆتایی بە ووتارەکەی دەهێنێت و دەڵێت : ئەم تەوژمە دەکرێت بە خێر بگەڕێتەوە دژ بە قاعیدە لە میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو زێ) بە هۆی ئەگەری دابەش بوونی مەزنی مێشک و دڵەکان لەسەرانسەری جیهانی عەرەبی سوننە .هەروەها دەکرێت مەلاکانی تارانیش لە دەرەوەی بازنە تەنگەکانی شیعەگەرایی لە عێراق مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت .لەگەڵ بەردەوام بوونی ڕەوتی پێشکەوتن لە عێراق،ئیدارەی داهاتوو لە پێگەیەکدا خۆی ببینێتەوە کە تەواوی سەرنجی بخاتە سەر بەرگرتن لە جموجۆڵی ئێران لە هەرجێیەک بێت لە ناوچەکەدا و ڕێگە لە مەلاکان بگرن نەبنەخاوەن چەکی ئەتۆمی.

من زۆر گەشبین نیم.پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ئێران دەدۆڕێت،بۆ ساڵانێکی زۆرە من مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەمە جەنگێکی هەرێمییە و ئەمریکا بەبێ سزادان و شکست پێهێنانی ئێران ناتوانێت جەنگی عێراق بباتەوە .

بۆیە ئێمە ئێستا دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە ناکۆکی ئیسرائیل-فەلەستین کێشەیەکی ئیقلیمییە و هەردوولا ئیسرائیل و ئەمریکا پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێن. ئەمجارەیان عەرەبستانی سعودی و ئوردون و میسریش هەست بە هەڕەشەی ئێران و ئیخوان موسلمین دەکەن،هەر بۆیە ئەوانیش دەخوازن و ئامادەن ببنە هاوپەیمان ( لەم جەنگە ئیقلیمییەدا)،

بەم چەشنە لە ماوەی ساڵێکدا دەکرێت جەنگێکی ئیقلیمی مەزن لە ناوچەکەدا بەرپا بکرێت .ئیسرائیل ئەرکی شکست پێهێنانی حزب الله و حەماس بگرێتە ئەستۆ. (بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین)کە بەدەستهێنانی سەرکەوتن هەروا کارێکی ئاسان یاخود هەرزان بەها نییە و وڵاتە یەکگرتووەکانیش، (لەلای خۆیەوە گاردی کۆماری ئێرانی و مەلاکان و دامەزراوە ناوەکییەکانی ناو ئێران لەناوببا .

لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستەسەرکەوتن ئامانجمان بێت. دەبێت ئەمریکا، ئێران دابەش بکات،بە جۆرێک ناوچەی کوردەکان جیا بکاتەوە و بیانخاتە سەر دەوڵەتی نوێی کوردستان.هەروەها پێویستە ئەو ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ئێرانیش کە ئازەرییەکانی تێدا دەژین جیا بکاتەوە .

لە کۆتاییدا ئەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی سوریاش کە کوردەکانی لێ دەژین بخرێتە سەر کوردستان و ئەو ناوچانەی کە دەمێنێتەوە لە سوریا بدرێتە تورکیا بەرامبەر بەوەی تورکیا قایل بێت بەشە ڕۆژهەڵاتەکەی کە کوردی تێدا دەژی بخرێتە سەر کوردستان.

سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوەیەی ئاماژەمان پێدا، مانای کۆتایی هێنانە بە دەستەڵات و کاریگەری ئێران، فراوانکردنی تورکیا و دەوڵەتی تازە دروستکراوی کوردستان هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پتەو ڕادەگرێت.

لە International Analyst Network ەوە
13 May 2008

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# لای ئێوە دەبێتە هەواڵ؟

بەیانییەکیان محەممەد بەنگەلادیشی زۆر پەشۆکاو بوو، بەو کوردییەی هەر بیست سی وشەی لێدەزانێ و بە ئاوازی بەنگەلادیشی قسەی پێدەکات هەوڵی دەدا حاڵیمان بکات. نەمانزانی ئاخۆ چ قەوماوە و لە پێش بارەگای (ڕووداو) چ ڕووداوێک ڕوویداوە.

کەمێک هێور بووەوە و باسی ئەو تەکسییەی بۆ کردین کە بەو بەیانییە زووە هێندە بە خێرایی ڕۆیشتووە، کۆترێک کە لە سەر شەقامەکە بە دوای نانی ئەو بەیانییەیدا گەڕاوە، پان و پلیشی کردووەتەوە. دواتری مۆبایلەکەی دەرهێنا و لاشەی پانکراوەی ئەو کۆترەی نیشانداین، ئاخر ئەو کۆترەکەی هێنابووە ژوورەوە بەو هیوایەی ساخ بێتەوە.

خانمەکەم هەموو جار دەڵێ "کورد تەنیا لە شۆفێرییدا پەلەیانە و خێران، دەنا لە هەموو شتێکی دیکە دواکەوتوون"، فرە ڕاست دەکا، ئەگەر نا، ڕاوچی بە گوللە ئەوجا فریای باڵندە دەکەوێت، کەچی شۆفێری کورد بەر لەوەی کۆتر لە شەققەی باڵ بدا و بستێک لە زەوی بەرز ببێتەوە، دەیپێکێ.

وابزانم کورد بۆی نییە باسی بەزەیی، یان ڕێزگرتن لە ئاژەڵ و سروشت بە گشتی بکات. ئاخر ڕۆژ نییە چەند جارێک تەرمی پشیلەی ستەمدیدە و سەگی مەینەتبەش لە سەر شەقامەکان نەبینین. وەک بڵێی هەموو کوردستان قەسابخانەیەکی گەورە بێت، کەم کۆڵانی میللی هەیە ڕۆژانە دەیان مریشک و دیقل و مەڕ و بزنی تێدا سەرنەبڕدرێن و بە بەرچاوی منداڵانەوە لاشەی لە حەشەمەتا هەڵپەڕیوی ئەو ئاژەڵە جوانەمەرگانە سارد نەبنەوە. بە ڕاست منداڵێک لە سەر ئەو دیمەنانە پەروەردە ببێت، ئاسایی نییە سبەی لە گەڵ مرۆڤدا پەیڕەوی بکاتەوە؟

بۆ نموونە لە کوردستاندا کەسێک بڵێت گۆشت ناخۆم و ڕووەکیم، دەبێتە مایەی قۆشمەپێکردن و پێکەنین و تانە لێدان، پیاوێک بەزەیی بە ئاژەڵێکدا بێتەوە، وەک ئەوەی جنێو بێت، پێی دەڵێن ژنانی. سۆز بۆ پشیلە یان سەگێک نیشان بدەی، بێ عەقڵیت. خەم بۆ دارێکی وشکەوەبوو بخۆیت، یاغنیشیت.

محەممەد بەنگەلادیشی هەواڵی کوشتنی بە ناهەقی ئەو کۆترەی بە بەنگەلادیشی نووسییەوە و وتی ئەرێ ئەمە لە لای ئێوە دەبێتە هەواڵ؟ ویستم بڵێم حەمە گیان ئێمە کوشتنی ژنێکیش بە تەنیا ناکەینە هەواڵ، چاوەڕێ دەکەین تا دەبنە شەش حەوتێک بۆ ئەوەی هەواڵەکە ڕووی مەجلیسی هەبێت!.

حەمە یەکێکە لە خێزانێکی هەشت نەفەری کە هەموویان مانگانە بە سێسەت دۆلاری مووچەی باوکیان دەژین، نێوانی هەولێر و (داکا)ی پایتەختی بەنگەلادیش نزیکەی 4836 کیلۆمەترە. ئەو بۆ پاروە نانێک گەیشتووەتە ئێرە، بریا کوردیش پەیتا پەیتا و دەستە دەستە بچوونایەتە بەنگەلادیش بۆ ئەوەی کەمێک لەوانەوە فێری ڕێزگرتنی ئاژەڵ بوونایە، ئەوسا بۆمان هەبوو هەندێک باسی بەزەیی بکەین.



# کرمانجیا ژووری شێوەزارەکێ زیندوویێ رەوشەنبیرییە

## دانوستاندنەک دگەل هێژایێ وەزیرێ پەروەردێ

موسەدەق تۆڤی-دهۆک

وەسان دیارە هەڤیرێ پەیاما 53کەسان ئەوا ل رۆژا 2008/4/2ێ ل ژێر ناڤێ (بۆ ستاندەرایزکردنی زمانی کوردی)هاتیە بەلاڤکرن دێ گەلەک ئاڤێ ڤەخوت و بگر و ڤەکێشان دگەل خوە ئینیت.

هەرچەندە د ڤی دەمیدا ئەڤ ئازراندنە نە د بەرژەوەندیا گشتییا گەلێ کورد دایە،بەلێ ئازریا و ئەم ب هیڤینە ب زمانەکێ شارستانیانە دگەل هەڤدو دانوستاندنێ بکەین،هەر وەکی د پەیاما نڤیسکارێن دهۆکێدا هاتی"وەرن دانوستاندنێ بکەین" و نەوەک هێژایەکی هزرکری "شەیتان لە ناو وردەکاریەکانیدایە- ڕووداو،هژمار4ل4/28".

یەک ژ ڤەرێژێن ڤێ ئازراندنێ وەزیرێ پەروەردەیێ هەرێما کوردستانێ ئانی سەر خەتێ و د دیدارا رۆژناما (ڕووداو)د هژمار4ل4/28دگەلدا کری هێژا ژ بیردکەت کو وەزیرێ گشت هەرێما کوردستانێیە و هەرچەندە وەزیرە لێ نە تایبەتمەندێ ڤی وارییە و نە د دەسەڵاتێ وی دایە بریارێ بدەت،بەلێ ب رۆژا نیڤرۆ د ڤێ دیدارێدا دکەت گازی:"پشتگیری لە بانگەوازی بە فەرمی ناسینی کرمانجی ناوەراست دەکەم" و، د دیدارا خوەدا دگەل (ڕووداو) دبێژیت:"رای شەخسی خۆم وەک دڵشاد عەبدولرەحمان پشتگیری ئەم بانگەوازە دەکەم".

هەر وەکی هێژایێ وەزیر د برگەیەکا ڤێ دیدارێدا دبێژیت: (ئێمە دەتوانین دیالۆگ لەگەڵ یەکتری بکەین و لەگەڵ یەکتر بئاخڤین دوور لە هەموو شێوەیەکی ئیستیفزازی"، ئەز ژی ل بەر رۆناهیا ڤان پەیڤێن وی دێ ڤێ دانوستاندنێ دگەلدا کەم و دێ بێژمێ : جەنابێ وەزیر، ئەڤرۆ و پشتی ڤێ پەیامێ تە پشتگیری ل "بە فەرمی ناسینی کرمانجی ناوەراست "کریە،بەلکی ل دەسپێکا دەست ب کاربوونا تە وەک وەزیرێ حکومەتا یەکگرتیا هەرێما کوردستانێ تە پشتگیری ل ڤێ چەندێ کریە، لێ تنێ وی دەمی ناڤ کرمانجی خوارو یان سۆرانی بوو و ئێستا بۆ مەرەمەکێ بوویە کرمانجی ناوەراست .بەڕێز هەر تو بووی تە ب کارەکێ سەیر ددیت کو رێڤەبەریا گشتیا پەروەردا پاریزگەها دهۆکێ ب کرمانجی نڤیسین بۆ وەزارەتێ د شاندن و تە پەیاما نڤیسکارێن دهۆکێ یا 2006/9/29ب نەرێنی د هەڵسەنگاند.

هێژایێ وەزیر، نە تنێ ب گۆتن بەلکی ب کریار ژی نە تنێ تە بەلکی ب کاریگەریا تە کارگێڕیا وەزارەتێ ژی د کۆنگرێ پەروەردێ یێ 22-2007/5/25ێ بەرهەڤی بۆ سەپاندنا ئەو شێوەزارێ هەوە دڤێت بکەنە ستانداردێ کوردی کرینە،دەمێ هەوە تەوەرێ (بەرنامێن خواندنێ ) د کۆنگرەیدا هەلوەشاندی و هەموو راسپاردەیێن کونفرانسێن پەروەردەیێن قەزا و کونفرانسێن رێڤەبەریێن گشتی ب تایبەت یێن پەروەردا دهۆکێ پشتگوهڤە هاڤێتین و ل شوینا وێ هەوە کەسانێن دژی هەر پەیڤەکا کرمانجیا ژۆری و هەر پیتەکا لاتینی و هەر پێنگاڤەکا ل هەڤنێزیککرنا شێوەزارێن کوردی ل کۆنگرەی ئامادەکرین و نامیلکێن وان یێن دەربارەی بابەتێن هەوە دڤیان د هۆلا کۆنگرەیدا بەلاڤکرین و د رۆژانێن کۆنگرەی و هەتا ئەڤرۆ هەوە گشت دامودەزگەهێن پەروەردێ ب سیستەمێ نوییێ پەروەردێڤە مژوولکرین و بابەتێ گرنگ و پێدڤێ ب تایبەت بۆ دەڤەرا بادینان کو زمانێ خواندنێیە پشتگوهڤە هاڤێتی،هەر وەک هەوە ڤیابیت ژ بیرا خەلکەکی ببەن،دا د ڤۆناغا پەیاما 53 کەسیدا ڤێ جارێ نیشانا خوە ب ناڤێ (کرمانجی ناوەڕاست) بشکێنن.

هێژایێ وەزیر هەوە د نامەیا خوەیا 2007/8/7 بۆ کۆڤارا (مەتین) هژمار 159تەباخا 2007ێ گازندە ژ نڤیسکارێن کۆڤارێ کریە کو "وەزارەت و کۆنگرەیان خستووەتە سەنگەرێکەوە، کە هەرگیز ئێمە جەخت دەکەین کەوا رێگە بە خۆمان نادەین، پشتگیری هەر رایەک بکەین کە لە خزمەت یەکڕیزی و بەرزکردنەوەی گیانی نەتەوەیی کورد و پیرۆز راگرتنی مێژووە پر شکۆ و کەسایەتی و خانەوادەی شۆرشگیرەکانی نەبێت". ئەرێ پشتگیریا هەوە بۆ پەیاما 53کەسان (ڕووداو،هژمار4) کەنگی و چاوان (لە خزمەتی یەکریزی و بەرزکردنەوەی گیانی نەتەوەیی کورد)دایە؟ ئەگەر پەیاما 53 کەسان داواکاری بیت،هێژ قوتابی و خوێندکار و قوتابخانە و خوێندنگا د سنوورێ وەزارەتێدا هەوە نە کرینە یەک،هەوە ل جەم خوە بریارا ب رەسمیکرنا وی شێوەزاری دایە یێ هەوە دڤێت ب کوتەکی بەلێ نە ب دەستێن هەوە، بەلکی ب دەستێن سەرکردایەتیا کوردی بسەپینن،کو ئەڤ چەندە نە ئەرکێ وانە و نە وان ئەڤ دەسەلاتە هەیە.

هێژایێ وەزیر، هەوە تنێ د بەرسڤا یەکەم یا ڤێ دیدارا (ڕووداو)دا 12جاران ئەڤ شێوەزارە ب "رەسمی و فەرمی"ناساندیە،بەلێ یا سەیر ئەوە دەمێ هون دبێژن"داوا لە زمانناسان و ئەکادیمییەکان دەکەم کە بڵێن ئەو زمانە فەرمییەی کە هەیە بە رەسمی بناسێنن"،گەلۆ ئەگەر شێوەزارێ هێژای دڤێت رەسمییە چما داخواز دکەت (بە رەسمی بناسێنن)؟

هێژایێ وەزیر د بەرسڤا خوەیا بەراهیێدا دبێژیت"منیش پێموایە کرمانجی ناوەڕاست بە هۆی کۆمەڵێک باردۆخی کەلتووری رۆشنبیری و سیاسی بووەتە زمانی فەرمی".

ل بەراهیێ دێ بێژم ئەگەر "بە هۆی کۆمەڵێک بارودۆخی کەلتووری و رۆشنبیری" مەرجێن ب فەرمیبوونێ بن،ئەڤ مەرجە پتر د کرمانجیا ژۆریدا هەنە،ئەگەر ل نیڤا یەکێ یا سەدسالیا نوزدێ کرمانجیا ژێری (کرمانجی ناوەڕاست)ببیتە زمانێ نڤیسینا هەلبەستێ،ئەڤە کرمانجیا ژۆری ب چەند سەد سالەکان بەری وێ بوویە زمانێ نە تنێ هەلبەستێ بەلکی یێ رێزمان و دیرۆکێ ژی،یەکەم رۆژناما کوردی،یەکەم فەرهەنگ و یەکەم شانۆگەری،یەکەم رێزمانا کوردی و گەلەک یەکەمینێن دی یێن کوردی پێ هاتینە نڤیسین و چاپکرن.

هەتا ئەڤرۆژی شێوەزارێ کرمانجیا ژۆری مل ب ملێ کرمانجیا ژێری د هەموو وارێن رەوشەنبیری و رۆژنامەڤانی و دەزگەهێن راگەهاندنێدا د هێتە ب کارئانین، تنێ د وارێ پەروەردێدا هەتا ئاستەکی و ژ ئەنجامێ چەند فاکتەرەکان کرمانجیا ژێری پتر هاتیە ب کارئانین،لێ کرمانجیاژۆری ژی د چەند دەلیڤەکاندا وەک زمانێ پەروەردە و فێرکرنێ رۆلێ خوە گیرایە و د وان دەلیڤاندا چ ئاستەنگ نەهاتینە پێش کو کەسانەک بێژن د شیانێن کرمانجیا ژۆریدا نینە ببیتە زمانێ پەروەردە و فێرکرنێ.

هندی (بارودۆخی سیاسی) یە ژی،هند دێ بێژم ژبلی شۆرشا شێخ مەحموودێ نەمر و کۆمارێ کوردستان ل مەهابادێ کو هەر دوو د دەڤەرێن بەرتەنگدا بووینە،گەلۆ شۆرشەک،حیزبەک یان رێکخراوەکا سیاسیا کوردستانی هەبوویە د دەزگەهێن خوە یێن راگەهاندنێدا،د سەرەدەریا خوەیا رۆژانە و د قوناخێن سەرکەفتنێدا ژی گۆتی ڤی شێوەزاری ب کاربینن ژ بەرکو یێ رەسمییە و شێوەزارێ هەنێ بهێلن؟

وەک د بەرسڤاندا دیار دبیت هێژای نەڤێت کەسەک بێژیت"شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بکەنە زمانی رەسمی" ژ بەرکو وی باوەری هەیە "ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ دەیان ساڵە کتێبەکان و نووسراوەکانی پێ نووسراوە هیچ شێوەزارێک نەبوو لە راستیدا،چونکە تێکەڵەیەکە ل وشەی هەورامانی و کرمانجی ژووروو و دیالێکتە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان".ئەز ژی دێ تنێ پرسیارەکێ ژ هێژای کەم و بلا بەرسڤ بۆ وی و خواندەڤانان بیت:گەلۆ ئەگەر ئەڤ زمانە "تێکەڵەیەکە" هێژای چەند پەیڤێن ( هەورامانی و کرمانجی ژووروو" د ڤێ دیدارێدا و د بەرسڤێن خوەدا ب کارئانینە و چەند مفا ژ رێزمانا ڤان دوو شێوەزاران وەرگرتییە؟ ئەرێ ب کارئانینا تنێ دەڤەر و ئاخڤین (ئەو ژی یا خەلەت) دێ ئەڤ شێوەزارە ببیتە (تێکەڵەیەک).هەر د ڤان بەرسڤاندا هێژا د پەسنا ئەو شێوەزارێ ئەو ب فەرمی دنیاسیت دبێژیت"لە راستیدا زمانی ئاخاوتنی هیچ کەسێک لە هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و مەهاباد و بانە نییە،هەر تاکێک لە مانە ئەگەر قسە بکەن دەیان وشەی جیاواز بەکاردێنن". گەلۆ چما راستیێ ڤەشێرین و نەبێژین ئەڤ شێوەزارە دەڤوکا سلێمانیێ یە، لێ بەرەف پێش چوویە هەتا ئاستەکی بوویە ستانداردێ کرمانجیا ژێری،کو ئەڤە بخوە دیاردەکا باشە،بەلێ نە ستانداردێ گشت کوردستانێیە،چنکو زمانێ کوردی بەرەف دوو شێوەزارێن ستاندارد چوویە و ئەڤە راستییەک دیرۆکییە و چ مەترسی بۆ (سەر گیانی نەتەوایەتیمان)نینە و چ جاران ژی نابیتە (مەترسی دروستبوونی دوو زمان)و دیرۆک ژی شاهیدە ئەوێن بەری چەند دەه سالەکان ل کورنەتەکێ ڤەدەر و دوورێ کوردستانێ ل ئەرمەنستانا سوڤیەتا جاران ب کرمانجیا ژۆری د خواند و د نڤیسی،ئەوێن ل بادینان پێدنڤیسن و بەلاڤدکەن،ئەوێن ل باکوورێ کوردستانێ رۆژنامە و گۆڤار و پەرتووکان پێ بەلاڤدکەن و خەباتێ بۆ دەسکەفتێن پتر دکەن،کەسەکی ژێ نەگوتیە ئەزنەکوردم،بەلێ وی دەمی مەترسییە دەمێ مرادا هندەکان ب ناڤێ (ستاندەرایزکردنی زمانی کوردی) بجە دهێت و شێوەزارێ وان دڤێت ل سەر باشوورێ کوردستانێ دهێتە سەپاندن و کرمانجیا ژۆری دکەنە د موزەخانێدا و تنێ بۆ (دەوڵەمەندکردنی)زمانێ سەپاندی،ئەو ژی ئەگەر وان ڤیا یان بۆ شروڤەکرنا بەیتەکا ئەحمەدێ خانی لێ دزڤرنەڤە،ئاها وی دەمی مەترسییە باکوور و رۆژئاڤا و جهێن دی یێن کوردستانێ،یێن ئەڤرۆ شێوەزارێ وان زمانێ چاپەمەنی و ئێزگە و تێلەڤزیونان و سوبەیەکا نێزیک زمانێ پەروەردە و فێرکرن و کارگێری و پیتێن وان جودا و سنوورێن داگیرکەران سەربارێ هەموویان ئەو ژی هەمان سەرەدەریا خوەدیێن بیرۆکەیا سەپاندنا شێوەزارەکێ دکەن،وی دەمی مەترسییە و کورد دێ بەرەف ژێک دووربوونێ چن نەک بەرەف دوو نەتەوەیێ وەک هندەک دبێژن.

بەلێ راستیا دیرۆکی یا د بەرژەوەندیا گەلێ کورد و بەردەوامیا هەڤگرتنا ویدا ئەوە کورد خوەدی دوو شێوەزارێن ئەدەبینە و هەر دوو ژی ستانداردن و پێدڤیە هەر یەک ل دەڤەرا خوە و وەک دەرسەک ل دەڤەرا دی بێتە خواندن و د هەمان دەمدا بزاڤێن ژ هەڤنێزیککرنا هەر دوو ستانداردێن کوردی بکەین.

بەرسڤ و بۆچوونێن هێژای پتر پێویستی ل دیڤچوونێنە،بەلێ داکو بابەت درێژتر نەبیت،دێ تنێ ئاماژە ب دوو بۆچوونێن دی یێن هێژای کەم،یەک ژ وان دەمێ ئاماژە ب بریارا جڤاتا وەزیران بۆ خواندنێ ب "کرمانجی ژووروو تا قوناغی شەشی بنەرەتی لە دهۆک دەخوێنرێت و هیچ بریارێک نییە لە دوای ئەوەش بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بێت".ل ڤێرێ دێ بێژم ئەگەر ئەڤ بریارە ب ڤی رەنگی بمینیت و تنێ "تا قوناغی شەشی بنەرەتی" بێت،بەلێ وی دەمی زارۆکێن دەڤەرێ نە تنێ دێ "مشکی تاقیگەکان"بن،بەلکی دێ خوەدی پاشەرۆژەکا لاواز و خواندنەکا بێ ئەنجامبن و وەسان باشە ل شوینا تەواوکرنا خواندنێ خۆلێن پیشەیی بۆ وان بێنە ڤەکرن دا کو ل شوینا باوەرنامێن بلند خوەدی پیشەکی بن و نانەکی بۆ ژیارا خوە پێ پەیداکەن.بەلێ یا ئەز لێ ئاگادار رایا گشتیا خەلکێ دەڤەرێ ئەوە تا دوا قوناغاخواندنێ ب کرمانجیا ژووری بخوینن و هەر بەرهەلستیەک ژی دگەل ڤێ داخوازا رەوا بەرسنگگرتنا رایا گشتیا وی خەلکییە و وی چاخی ژی دێ ئەنجام بەروڤاژی بن دگەل بەرژەوەندیا تەبایی.

د ئالیەکێ دی یێ دیدارێدا هێژا ئاماژە ب شێوەزارێن دی و دەڤوکێن باژێر و باژێرکان دکەت وەک کرمانجیا ژووری سەرەدەریێ دگەلدا دکەت،هەتا دبێژیت"ئەگەر وابێ هەورامیش سبەی دەڵێن بۆ هەورامی نەخوێندرێ،زازاش و خانەقینیش هەروا،سلێمانی و هەروەها هەولێریش هەریەکەیان داوا دەکەن بە شێوەی خۆیان بخوێنن".

هەژیە بێژین هەموو شێوەزار و دەڤوکێن کوردی پێویستە بێنە پاراستن و هەر یەک ل ئاستەکی گرنگی پێ بێتەدان،بەلێ ئەم داخوازا خواندنێ ب شێوازارێ کرمانجیاژووری دکەین چنکو ئەڤ شێوەزارە شێوەزارەکێ زیندوویێ ئەدەبی و رەوشەنبیریە و ئەڤرۆ یەک ژ دوو شێوەزارێن ستانداردێن کوردییە،چ جاران ژ مەیدانا ئەدەبیات و رەوشەنبیری و پەروەردێ دوورنەکەتیە،شێوەزارێ پرانیا گەلێ کوردە،ئەگەر ئەڤرۆ زمانێ ستانداردێ پشکەکا باشوورێ کوردستانێ بیت،هەر ئەڤرۆ زمانێ رەوشەنبیری و د دەمەکێ نێزیکدا زمانێ ستانداردێ باکوور و رۆژئاڤایێ کوردستانێ و گەلەک جهێن دی یێن ڤێ وەلاتییە و نە دروستە مینا شێوەزارو دەڤوکێن دی سەرەدەری دگەلدا بێتەکرن.

## پەیامی ڕووداو

# لێپرسینەوەی شەرعی

ڕۆژی 2008/5/9، 474 مەلاو مامۆستاو قوتابیی کە زۆربەیان هی کۆلیژی شەریعەن نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی کوردستان، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی داد و داواکاری گشتیی کردووە، داوای لێپرسینەوەی "شەرعی و یاسایی" لەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانە دەکەن کە وەک لە نامەکەدا هاتووە "بێ ڕێزییان بە پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام کردووە".

ئەم نامەیە ناوی چەند نووسەرێک و هەروەها ناوی ئەو بابەت و کتێبانەشی ریزکردووە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجیشە لەنێو ئەو بابەتانەدا هەیانە پێنج ساڵ لەمەوبەر، واتە لە 2003دا بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین پرسیار کە بەرەوڕووی نووسەرانی ئەم نامەیە دەکرێتەوە ئەوەیە کە ئایا ئەم پێنج ساڵە لەکوێ بوون و بۆچی ڕێک لەم کاتەدا 474 کەس کە هەر هەموویان هی سنووری پارێزگای هەولێرن ئەم بابەتە دەوروژێنن؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە چیدی قوتابخانە ئایینیەکانتان لەژێردەستدا نەماوەو چیدی ناتوانن مینبەرەکانی مزگەوت بۆ یەکلایی کردنەوەی حساباتی تایبەتی بەکاربێنن؟، لەبەرئەوەیە کە داواتان لێکراوە بەنووسین وەڵامی نووسەران بدەنەوە، لەکاتێکدا وەک وەزیری ئەوقاف دەڵێت لەکۆی پتر لە 2000 ئیمام و خەتیب تەنیا 622 کەسیان مەرجی ئەوەیان تێدایە ئیمام و خەتیب بن؟. ئەو لیژنەیەی پێشنیازتان کردووە بۆ پێداچوونەوەو دیاریکردنی ئەو بابەتانەی مۆڵەتی چاپیان پێدەدرێ ئاخۆ کارێکی هێندە سانایە دیاریکردنی ئەوەی کە کێ "ڕۆشنبیری ساغ" و ڕاست و دڵسۆزەو کێ پێچەوانەکەیەتی؟ ئەوە کێیە ماف بەخۆی دەدات ئەم گوڵبژێرە بکات؟ دواتر نموونەی ئەمە لە چ کون و قوژبنێکی دنیا هەیە تا لاسایی بکەینەوە؟ ئێمە بەرگری لەو بەرهەمانە ناکەین کە نامەی ئەو مەلایانە ئاماژەی پێکردوون، بەڵام پێمانوایە پێشنیازی لەم بابەتە قەڵەمبازێکی گەورەیە بۆ دواوە، ئەوەی کە 474 کەس بوونی دادگا لە کوردستاندا پشتگوێ بخەن، لەجیاتی وەڵامدانەوەیەکی لۆژیکیانە بە نووسین، پەنا بۆ کۆکردنەوەی ئیمزاو هاندانی دەسەڵات ببەن شتێکیان بۆ بکات، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چیدی مینبەری مزگەوتەکان شوێنێک نابن ئەمان بەتەنیاو یەکلایەنە قسەی خۆیانی لێوەبکەن و تۆمەتی زەندیق و ئیلحاد و گومڕابوون بەسەر ئەم و ئەودا ببەخشنەوەو ئیدی دەبێ پەنا بۆ ئامرازی هاوچەرخ ببەن، پەنا بۆ گفتوگۆ و مشتومڕی لۆژیکیانە.

**سەلام سەعدی**




# پێناسەی ڕاگەیاندنی کەمتەرخەم



چەلەنگ ڕەشاد یەحیا-هۆڵەندا

ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ڕاگەیاندنی تەمبەڵ بکەین و نموونەیەک بدۆزینەوە بۆ شیکردنەوەی، ئەوە پێویست بە گەڕان ناکات، چونکە هەڵوێستی ڕاگەیاندنی کوردی بەرامبەر ڕەوشی ئافرەتان چاکترین نموونەیە!

ئاشکرایە ڕۆژانە لە میدیا کوردییەکاندا هەواڵی توندوتیژی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە بڵاودەکرێتەوە .ئەوە بۆ چەندین ساڵە ئەم ڕەوشە نالەبارەی دژ بە کچان و ژنان لە قاڵبی "سەرنج ڕاکێشانی میدیای کوردی"دا زیاتر تێنەپەڕیوەو تەنیا وەک هەواڵێکی وشک وسادە، بە تەمبەڵی و بە کورتی، لە سووچی لاپەڕەیەکدا بڵاودەکرێتەوە کە: کچێک سووتا، ژنێک کوژرا و خاڵێکیشی لە پشت دادەنێن!

ئەو هەڵوێستە پاسیڤەی ڕاگەیاندنی کوردی بەرامبەر بە ڕەوشی مێینە تەنیا بەیەک شێوە پێناسە دەکرێت، ئەویش: تەمبەڵی و بێ خەمی بەرامبەر دیاردەیەکی ترسناکی کۆمەڵگای کوردییە.

جێی داخە دیسان قەڵەمێکی مێینەی کوردی هەوڵدەدات بە جۆرێکی دوور لە شێوازی "هەواڵ" باس لە ڕەوشی ئافرەت و هەڵوێستی میدیا بکات. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر هەوڵدەدەن ڕەوشی ژنان شیبکەنەوە، زۆربەی زۆریان لە ڕەگەزی مێینەن.

پیاوانی ئێمە تاوەکو ئێستا یان خەریکی ئەوەن ئایا کام پارت یا بزووتنەوە دەتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات، یان کام سەرکردە باشە؟ چونکە کوردستانیش ئەوەندە ئاسودەیە و باری کۆمەڵگە ئەوەندە لە بارە کە ئیتر هەر ئەوەی ماوە شێوەزارێک وەک زمانی فەرمی هەڵبژێرین (تەنانەت لەوەشدا دەبێ ببێتە کێشە!)، یان چەند سەرکردەیەک ریسوا بکەین و هەندێکیشیان بکەین بە پاشای خۆمان!

ئیتر کچان و ژنانیش با بۆخۆیان ببنە دیکۆرێکی جوانی مۆدێرنیزمی باوی ئەم سەردەمە. ئەگەر جارێکیش یەکێکیان کوژرا و بووە مشتومڕ لەسەری، ئەوا بە پەلە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بکوژ دەکەین (جێی سەرنجە میدیا پێش پۆلیس تاوانبار دەدۆزێتەوە!). ئەم چاوپێکەوتنەش بێ ڕێزدانان بۆ کەسی مردوو و کەسوکاری بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنین کە کوژراو بە هەڵەی خۆی کوژراوە، بێ زیاتر شیکردنەوە .ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ!

حەز دەکەم ئاماژە بەوچاوپێکەوتنەی ژمارە "415"ی هاوڵاتی بدەم کە لەگەڵ بکوژ و هاوسەری ڕۆژنامەنوس "بێگەرد حوسێن" کردبووی. وەکو هەڵوێستێک بەرامبەر بەم چاوپێکەوتنە، خاتوو (نەزەند بەگیخانی) لە ژمارە "419"ی هەمان ڕۆژنامەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە دابووکە ئەم چاوپێکەوتنەی ناوبراو، تەنیا یەک لایەن دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و کێشەی ناموسپەرستیی کۆمەڵگە دەکاتە شتێکی تاکە کەسی. من نامەوێت بکەومە بازنەی دووبارە کردنەوەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەوەی خاتوو بەگیخانی دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە: ڕاگەیاندنی کوردی تەمبەڵ و بێخەمە بەرامبەر بە کێشە قووڵ و ڕیشە گرتووەکانی سەپێنراوەکانی ناو کولتوری کوردی.

لێرەدا چەندین پرسیار سەبارەت بەم باسە و هەڵوێستی پاسیڤی میدیای کوردی جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەن. یەکێک لەو پرسیارانە ئەوەیە کە: ئایا کەی ڕووناکبیرانی کورد لە سەر کورسیی پاسیڤیزم هەڵدەستن و شۆڕشی قەڵەم دژ بە دیاردە تاریک و چەوتەکانی ناو دابوو نەریت بەرپا دەکەن؟ ئایا تا کەی دەبێت هەر بخوێنینەوە کە کێشە زۆرە لە کۆمەڵگادا؟ کەی ئەو ڕۆژە دێت کە قەڵەمی کورد واز لە گلەیی و گازاندە بێنێت و هەوڵبدات چاکسازی بکاتە ئامانجی نووسینەکانی! ڕەنگبێ لە هەموویان گرنگتر ئەوە بێت کە: هەتا کەی تەنیا قەڵەمی مێیینە دەبێت بە زۆری لەسەر کێشەکانی مێیینە بنووسێت؟

من مەبەستمە بڵێم کێشە قووڵەکانی کۆمەڵگا و دابوو نەریتە چەوتەکان، تەنها بە هاواری یەک ڕەگەز و جیاکردنەوەی لە کۆمەڵ چارەسەر ناکرێت، بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان پێویستە بە هەموان کاری بۆ بکەین. با بەس بێت جیاکردنەوەی ڕەگەزی مێینە لە ژێر ناوی ڕێکخراوەکانی ژنان، 'ئافرەتان، کچان و هتد... چاکسازی کاری کۆمەڵە نەک تەنها کاری تاکە گرووپێک!

بێگومان ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگرێتە ئەستۆ لە ڕێگای هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و شیکردنەوەی بابەتە شاراوەکان و تەنیا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی توندو تیژییەکان و چەند چاوپێکەوتنێک برینەکان سارێژ ناکرێن. ئەگەر لایەنە پەیوەندارەکانیش کەمتەرخەم بن دە هەڤبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوا میدیای کوردی دەبێت ڕۆڵێکی مەزنتر و پەروەردەکارانە بگێڕێت.

دەبێت ڕاگەیاندنی کوردی ببێتە پلاتفۆرمێکی زانستی و ئەکادیمی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو جڤاکی کوردی لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بتوانێت بە مێشکێکی تازە و گونجاو کوردستان بە ڕێوە ببات.

*لە زنجیرە خوێندنەوەیەکدا دەربارەی توندوتیژی دژ بە مێینە،هەوڵدەدەم هەر جارە و لایەنێک و بابەتێک بخەمە بەر باس و شرۆڤە کردن.

## کورمانجم، سۆرانم، زازام

# چیتان لەمن داوە؟



سیدار بەنگین ئەپۆزدەمیر- هۆڵەندا
sidaro4@hotmail.com

هەمیشە دوو لایەن بەشداری پێکدادانێکن .یەکێکیان شەڕفرۆشی دەکات و هەڵمەت دەبات، ئەویتریان گێچەڵی پێدەکرێ وئەویش ناچار دەبێ، بەرگری لە خۆی بکات.

ئینجا لەژێر ڕۆشنایی ئەو گوتەیەی دەڵێ" باشترین بەرگریکردن، هێرشکردنە"، دەبینین لە بەرگریکردندا هێرشێکی نوێ دێتەگۆڕێ. بێگومان لەهەمبەر ئەو هێرشەدا لایەنی ماوەتەوە خۆی دەپارێزێ، دیسان هێرش دەبێت و...هتد.

ئینجا ئێمەی کوردیش بەداخەوە کە زۆرجاران لەناو ئەو بگرەوبەردە بێکۆتاییەدایـن، نازانم چۆن لێی ڕزگار دەبین.

واتە مەبەست چییە لە بەسۆرانبوونی" ئەوان" و کوردنەبوونی "ئێمە"، یان کوردبوونی" ئێمە" و کوردنەبوونی" ئەوان"؟ ئایا هەڵوێستێک لەو هەڵوێستە ناخۆشتر و نابەجێتر و سووکتر هەیە؟

بەڵێ ڕاستە، بەدرێژایی مێژووی خۆی هیچ هەوڵێک بۆ سڕینەوەی زاراوەی کورمانجی قبووڵ ناکرێت. لێ جارێک وەرن ئێمە هێڵی گیروداری بێ کۆتایی بشکێنین و خاوەن پێشنیاز بین.

بەباشی سەرنجی خۆتان بدەنە هەندێک وڵاتی دی. ئەوان چۆن دەوڵەتی خۆیان پێشخستووە، چۆن نەیانهێشتووە گەنگەشەی وەها ببێتە ئاستەنگ بۆ یەکێتی نەتەوەییان.

***

لەهۆڵەندا دوو زمانی فەرمی هەیە. لە دەستووریشدا دەستنیشان نەکرابێت لە گەلێک یاسای دیکەدا سەلمێندراوە کە لەو شوێنانەی کەمەنەتەوەی "فریز" هەن دوو زمان دەتوانرێت لە قوتابخانە، دادگا و ئیدارە فەرمییەکاندا بەکاربهێنرێت، بێگومان زمانێکی ستاندارد هەیە، ئەویش زمانی هۆڵەندییە. ئەو زمانە لەقوتابخانەکاندا پێیدەخوێنرێت. بەڵام لە شوێنی فریزەکان، فریسلاند، دوو زمان لەتەنیشت یەکدا دەخوێنرێن.

***

نموونەیەکی دی لە وڵاتێکی فرە زمانی بەلجیکایە. بەلجیکا دەوڵەتێکی فیدراڵە. ئەو وڵاتە، لەگەڵ سێ هەرێمی ئۆتۆنۆم، سێ زمانی هەیە: هەرێمی فەلەمێکی ئاخێڤان، هەرێمی فەرنسی ئاخێڤان و هەرێمی ئەڵمانی ئاخیڤان. لەهەر هەرێمێک زمانی هەرێمەکە زمانی فەرمییەو زمانە فەرمییەکانی دیکەش دەتوانن لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێن.

***

بەڵام نموونەی هەرە سەرنجڕاکێش نەرویجە. لەنەرویج وەک دەزانرێت دوو جەلەبێن زمانی نەرویج بەکار دەهێنرێن: بوکمال و نینۆرسک. جیاوازییەکی گرنگ ئەوەیە کە لە نەرویج گرووپی بەرچاو نییە کە ئێمە بڵێین" ئەوان فلان شێوەزار بەکار دێنن، ئەوانی دیش فیسار زاراوە". ڕەوشی نەرویج لە هی بەلجیکا، هۆڵەندا، کوردستانی گەورە بەگشتی و بەتایبەتی باشووری کوردستان، زیاتریش دژوارە. بەڵام لەگەڵ ئەو زەحمەتییەدا نەرویج ئەو دوو زارەوەیەی پاراستووەو خۆڕاگری نیشانداوە کە لەژیانی ڕۆژانەدا هەردووکیان بەکاربهێنرێت.

خوێنەرانی هێژا دەزانن ئەو شتەی کە مرۆڤ دێشێنێت چییە؟

لە نەرویج کۆمەڵگەیەک قبووڵکراوە کە بەزار و زاراوەی جیا-جیا قسە دەکەن و بەکاریدهێنن .ئەو قبووڵکردنەش پاش سەرنەکەوتنی هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی زمانێکی یەکگرتووە هاتووە .بۆیە دەڵێم، ئیمکانی نییە زمانێکی یەکگرتوو دروست بکرێت،بەڵکو دەبێ نموونەی وەک ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا لەبەرچاو بگیرێن، پێویستە لەگەڵ نوێنەری ئەو وڵاتانەی کە لەو بو ارەدا خاوەن ئەزموونن پەیوەندی دروست بکرێ و کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ئەنجامبدرێ، لێکۆڵینەوە بکرێ، بەر لەهەر شتێکیش با هەمووکەس خۆی بە بەرپرسیاری نەتەوەیی بزانێت .

با بە ڕاشکاوی بڵێم: من کورمانجم، سۆرانم، زارزام، ئێوە چیتان لە زمانی دەوڵەمەندی من، لە ناسنامەی کوردستانی من دەوێت؟

## کۆنگرەی یەکێتی

# کاتێک باڵەکان نافڕن



ڕامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar@gmail.com

لەم ماوانەی دواییدا لە میدیاکاندا بە هەڵە لێکدانەوەیەک هەیە بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرێ، بە شێوەی جیاواز قسە لەسەر بوونی باڵی جیاواز دەکەن لە ناو یەکێتیدا، لە کاتێکدا دەرکەوتنی ناکۆکی وەهەندێک قەناعەتی لە یەک نەچوو ناکاتە ئەوەی قسە لەسەر بوونی باڵی جیاواز بکەین یاخود ئەوەی لە بەکارهێنانە کۆنەکەیدا پێی دەوترێت تەکەتوول، مەبەست لە بوونی باڵی جیاواز لە پارتێکی سیاسیدا بە مانای کارنامەی سیاسی و فکری جیاواز دێت. کە ئێستا ئەم ڕێکخراوە بێ ئایدیۆلۆژیایە دوورترە لەوەی کێشەی باڵی سیاسی و فکری بخەینە پاڵ.

لە دوای ڕاپەرینیشەوە سکرتێری گشتی ئەم حیزبە و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، هەر پاسەوانە کۆنەکانی سەردەمی پێشوون کە پەروەردەی ژینگەیەکن ئاسان نییە بۆ ئەوان لە دیمەنی تازەی ئەم جیهانە بگەن. هەر ئەم پاسەوانە کۆنانە بەشێکن لە گرفتەکانی یەکێتی و جورئەتی سیاسی گەورەشی دەوێت ئەگەر هەندێک بیانەوێت بەشێک بن لە چارەسەرەکەش.

من لەوبڕوایەدام ئەم کۆنگرەیە لە کاتێکدا دەتوانێت هەندێک گۆڕانکاری ئەنجامدات، کەلایەنی کەمی ئازادی دەستبەر بکرێت لە بەکارهێنانی میدیادا لە لایەن هەموو کوتلە جیاوازەکانی ناو یەکێتییەوە، تابزانرێت دیدە جیاوازەکان چین لە سەر کۆمەڵگە و پرسە سیاسییەکان و دەست پێکردن لە بچووکترین گۆڕانکارییەوە کە مەسەلەی مانەوە و نەمانەوەی سکرتێری گشتییە.

ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆ بە قورسترین مەسەلە دەژمێردێت، بۆ ناوخۆی یەکێتی و دەرکەوتنی ئەم مەسەلەیەش بەو شێوەیە یەک ڕاستی ساخ کاتەوە کە ئەم حیزبە بەر لە هەر بابەتێکی سیاسی لە سەر دەسەڵاتی ڕەهای سەکردەکەی بونیاتنراوە، ئەم فۆرمە لە حزبی سیاسی لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە مۆدیلی تەواو بووە. دەبێت بزانین گۆڕینی سروشتی حیزبێک کە لەسەر ڕابەری خاوەن هەموو دەسەڵاتێک دامەزرابێت بۆ فۆرمێکی دیکە کە لەسەر بنامای گۆڕینی دیموکراتیانەی ڕابەر دروست بووبێت سروشتی تێگەیشتنمان بۆ سیاسەت و چالاکی سیاسی دەگۆڕێت .

هەرچەندە لەو بڕوایەدام ئەم کۆنگرەیە نەک دەست بۆ گۆڕینی سکرتێری گشتی نابات، (پێمخۆشە هەڵگری بڕوایەکی هەڵەبم)بایی ئەوەندەش جورئەتی سیاسی لە ئارادا نییە ئەو موناقەشەیە بکرێتەوە و پێناچێت سکرتێری گشتی ئەم حزبەش هەڵگری دەست پێشخەرییەکی سیاسی وا گرنگ بێت . لە باشترین حاڵەت دەستپێشخەرییەکانی سکرتێری گشتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بریتییە لە بەخشینی پایەی جێگری سکرتێر، ئەم پۆستە کە ماجەلال دەیدات بەو ئەندامانەی کە خاوەنی جۆرێکی تایبەتن لە نفوزی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناو یەکێتیدا، پیشتر نەوشیروان مستەفا و ئێستا دکتۆر بەرهەم و کۆسرەت ڕەسول ئەو پۆستەیان هەیە.

لە بنەمادا پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەیە لە نێوان داخران و پەککەوتنی ژینگەی سیاسی کوردستان و داخرانی ناوخۆیی حیزب، پارتی سیاسی لە بنچینەدا گوزارشت لە وەرچەرخانێکی گرنگ دەکات لە مێژووی سیاسیدا، لەو ڕووەوە کە ئایدیای دەسەڵاتی سیاسی چیتر بە تەنها بۆ گرووپێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پشت بە بەشداریکردنی خەڵک دەبەستێت، دروست بوونی حیزب بۆ بەگشتی کردنی چانسی سیاسەت کردن و حکومەت دروستکردنە، ئەم مۆدێلە داخراو و بێ ئایدیۆلۆژیایەی ئێستا یەکێتی تێیدا دەژی هیچ شتێک بەرهەم ناهێنێت جگە لە نائومێدی.

مۆدێلی یەکێتی مۆدێلێکە لە مۆدێلەکانی حیزبی جیهانی سێ، لەسەر بنەمایەکی ڕابەرخواز نەک ئایدیۆلۆجی کە ئیشی مۆبیلیزەکردنی سەرجەم کۆمەڵگەیە لە ژێر چەتری سەرکردەکەیدا، بێ گوێدانە ماناکانی دیکە کە هەمەڕەنگی و جیاوازی

Rûdaw
Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن :** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**نووسینگەی سلێمانی :** شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی
www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279

## 20 ملیۆن کەس لەعێراق فەرمانبەرن

**رووداو –بەغدا**

جێگری سەرۆک کۆماری عێراق رایگەیاند لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە بودجەی عێراق بەدەســـت زۆری ژمارەی فەرمانبەرانەوە دەناڵێنێت. عادل عەبدولمەهدی جێگری ســـەرۆک کۆماری عێراق لەسیمنارێکی دەستگەی (المدی) لەبەغدا ئاماژەی بەوەدا کە "لەدوای ساڵی 2004 ەوە ژمارەی فەرمانبەران زۆربووەو لەکۆی 30 ملیۆن دانیشتووانی عێراق، 20 ملیۆنیان فەرمانبـــەرن، دوو ملیۆن خانەنشـــینیش هەن". ئەمەش بەپێی قسەی عەبدولمەهدی بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری داهاتی عێراق لەمووچـــەی فەرمانبەران خەرج بکرێت. هەر لەوســـیمینارەدا جێگری ســـەرۆک کۆماری عێراق ئاشـــکرایکرد کە "ئێران داوای 100 ملیار دۆلار لەعێـــراق دەکات وەک قەرەبووی ئـــەو زیانانەی بەهۆی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق لێیکەوتوون".



## هش بێدەنگ . مە کوشت

**رووداو – دهۆک**

هەفتیا بـــوری ب بێدەنگی ژنـــەک ب ناڤێ (ن)ژلایێ خـــەزورێ وێ ڤە، ل گۆندەکێ دەوروبەری دهۆکێ هاتە کوشـــتن. (ن) دایکا دوو زارۆکان بوو و ب تۆمەتا کو برایێن مێرێ وێ چۆینە دەڤ، هاتە کوشتن.

(ن) کـــو ئەڤـــە 6 ســـاڵە مێـــرێ وێ چۆیە دەرڤەی وەلاتی، هۆسا ئەو بتنێ مابوو دخانیڤە. سەرچاوەیەکی نزیک د لێدوانەکێدا بۆ (رووداو) گۆت خـــەزورێ وێ ژ ئەگەرا هندێ کو برایێن زەلامێ وێ، ئانکو تیێن وێ، کارێ سێکسی دگەل دکەن و (ن) دووگیان دبیت، لێ پشتی ڤێ کێشا سێکسی ب دوو سالا شنووکا بەری چەنـــد رۆژەکان ئەڤ ژنە ب بێدەنگی ژلایێ خەزورێ وێڤە هاتە کوشتن.



## ئافرەتانی کورد مێرد بەپیاوانی نەرویجی ناکەن

**رووداو– نەرویج**

توێـــژەری نەرویجی (ئێســـبین کران) لە زانکۆی ئۆســـلۆ، دکتۆرانامەکەی لەسەر کوردانی باشووری کوردستان لە نەرویج نووسیووە. توێژەر کە ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان ژیاوەو لە نامەکەیدا ئاستی گونجانی کوردانی لەگەڵ کولتووری نەرویجـــی کۆڵیوەتـــەوەو ئاماژەی بـــە گەلێک لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی کوردانی نیشتەجێی نەرویج داوە. ئێســـبین دەڵێت "خەیاڵی زۆربەیان تەنیا لای ئەوەیە کە چـــۆن بەزووترین کات زۆرترین پارە کۆبکەنەوەو لە کوردستان خانووەیەکی پێ بکڕن، یان ژنێکی پێ بهێنن و لەگەڵ خۆیان بیهێننەوە بۆ نەرویج". سەبارەت باری کۆمەڵای کوردانی نەرویجیـــش دەڵێ "ئافرەتانی کورد مێـــرد بەپیاوی نەرویجی ناکـــەن، بەدەگمەن پیاوێکی کوردیش ژنێکی نەرویجی هێناوە".



# حوسێن شنگاری:

# ئەگەر سیستەم خاوێن بوو با هەموو وەزیرەکان عەلی بابا بن

**رووداو – هەولێر**

ســـەرۆکی رێکخراوی تولێرانســـی ئینتەرناشنال، پێیوایە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە "ئەساسی درۆیە"وداموودەزگا حکومییەکانی کوردستانیش " بەرەو ئەوە دەچن کە هەڵە دەربچن". لەو بڕوایەشـــدایە چارەسەری گەندەڵـــی لە گۆڕینی سیســـتەمدایە نەک کەسەکان.

حوسێن شـــنگاری، کە لە کابینەی سێیەمدا وەزیری شـــارەوانی بووە، لە هەڤپەیڤینێکـــدا لەگـــەڵ (رووداو)، گوتـــی سیستەمی ئێستای پارتی و یەکێتـــی بۆگەنی کـــردووە و دەبـــێ کۆتایی پێ بهێندرێ و هەڵبژاردنێکـــی ئـــازادی دوور لـــە تەوافوقـــکاری و دوور لە لیستی حیزبی بکرێ. ناوبـــراو رێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتـــی نەک هـــەر بـــە چارەســـەر دانانێ بەڵکو پێیوایە "ئەو رێککەوتنە گەندەڵی دروستدەکات"، ئەوەش توندوتیژی جەماوەریی لێدەکەوێتەوە. هەروەها دەڵێت "ئەگەر هەموو وەزیرەکان گەندەڵ بن، دز و حەرامی بن، هەموویان عەلی بابا بن، بەڵام سیستەمەکە پاک و خاوێن بێت، باشترە لەوەی سیستەمەکە گەنـــدەڵ بێت و وەزیـــرەکان پاک بن". لەمیتۆلۆژیای عەرەبیشـــدا عەلی بابا نموونەی چەتەیی وریگرییە.

هەروەهـــا گوتـــی سیســـتەمی ئێستای دەســـەڵاتدارێتی کوردستان ئێکســـپایەربووە و"دەبێـــت بەئیرادەیەکی سیاســـییەوە بڵێن کاتی خۆی لەترسی شەڕی ناوخۆ ئەو سیستەمەمان دانا، ئێستا ئێکسپایەر بووەو گەندەڵی لێ دروســـتبوو، تەواو بۆگەن بوو، دەبێت بیر لەشتێکی دیکە بکەینەوە".



**بڕوانـــە لاپەڕە (7)**

## کەمئەندامان عومەر فەتاح دەدەنە دادگا

**رووداو –سلێمانی**

ســـەرۆکی لقـــی ســـلێمانی یەکێتی کەمئەندامانـــی کوردســـتان رایگەیاند بۆ باشـــترکردنی ژیـــان و گوزەرانیان پرۆژە یاسایەکی 20 خاڵیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

عومـــەر کەریم، ســـەرۆکی یەکێتی کەمئەندامـــان بـــە (رووداو)ی راگەیاند پرۆژە یاســـاکە لە 20 خاڵ پێکهاتووەو گوتی "داواکاریـــن ئەندامانی پەرلەمان بەجـــدی لە پرۆژە یاســـاکە بروانن کە تایبەتـــە بە مووچـــەی کەمئەندامان و دابینکردنی شـــوێنی نیشتەجێبوون و دیاریکردنـــی نوێنەرانـــی کەمئەندامان لەپەرلەمـــان و هـــەردوو ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانیدا".

دوو هەفتـــە بەر لەئێســـتا یەکێتی کەمئەندامـــان ئەوەیـــان راگەیانـــد کە بەنیازی تۆمارکردنی داوایەکی یاسایین لەدژی عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەتـــی کوردســـتان بەتۆمەتـــی "جێبەجێنەکردنـــی داواکانیـــان". لەو بارەیەوە جەمـــال عەبدوڵڵا گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئێمە پێمانوایە هیچ کارێکی نایاســـاییمان نەکردووە، بەڵام ئەگەر هەر قەناعەت ناکەن ئازادن بچن لە دادگە سکاڵا تۆمار بکەن"

ســـاڵی رابـــردوو چەندجارێـــک کەمئەندامانی کوردســـتان لەسلێمانی خۆپیشـــاندانیانکرد، کە دواهەمینیان لەبەردەم مەکتەبی سیاســـی یەکێتیدا ئەنجامدرا، بەڵام تائێستا بێ ئەنجامە.

بەپێی ئاماری یەکێتی کەمئەندامان تەنیا لەسنووری پارێزگای سلێمانی 45 هەزار کەمئەندام هەیە.

## بەدران ئەحمەد هەنگوین نافرۆشێ

**تایبەت بەرووداو**

ماوەیەکـــی زۆرە گوندنیشـــینەکانی ناوچەی بەرواری و شێروان مەزن و هیران و هەندێ ناوچەی دیکە، کە هەنگوینیان هەیە، بەهـــۆی ئەوەی ژمـــارە مۆبایلی بەدران ئەحمەد، بەرپرسی دەزگای ئاراس و محەممەد ســـەعیدی هەنگوین فرۆش لێک نزیکە، رۆژانە چەندین خەڵکی ئەو ناوچانـــە تەلەفۆن بۆ بەدران ئەحمەد و، هەنـــدێ لەبەرپرس و نووســـەرەکانیش تەلەفۆن بۆ محەممەدی هەنگوین فرۆش دەکەن.

محەممەد سەعید کە دوکانی هەنگوین فرۆشی لەبازاڕی شێخەڵڵای هەولێر هەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەبەر ئەوەی من و کاک بەدران ژمارە مۆبایلەکەمان لێک نزیکە، رۆژانە خەڵک تەلەفۆنم بۆ دەکەن دەڵێن کەی کتێبەکەم دەردەچێ؟ دەڵێم برا تۆ هەڵەی من کاک بەدران نیم، بەڵام رۆژ نییە بەرپرس و نووســـەر تەلەفۆن نەکەن، تەنانەت لەدەرەوەی کوردستانیش تەلەفۆنم بۆ دەکەن، جارێکیش لەمەکتەب ناوەندیی تەلەفۆنیان بۆ کردم".

بەدران ئەحمەد، بەرپرســـی دەزگای ئاراس کە بەدەســـت ئەو تەلەفۆنانەوە بێـــزار بـــووە، بـــە (رووداو)ی راگەیاند وگوتـــی "نـــاو بەناو تەلەفـــۆن دەکەن، بەتایبەتیش ئەوانەی هەنگوینیان هەیە، خەڵکی لادێیەکانن، بەراستی گوێش لە وەڵام ناگـــرن، هەرچەنـــدی دەڵێم کاکە من هەو نیـــم، دوکانی هەنگوینم نییە و هەنگوین نافرۆشم، ئەو هەر دەڵێ بنێرم یان نەینێـــرم، بۆیە هەندێجار منیش بۆ گاڵتـــە بۆ ئەوەی لێیان رزگار ببم دەڵێم بینێرن". بـــەدران ئەحمـــەد زۆرجار لە دانیشتنەکانی مەسەلەی ئەو هەنگوینەی گێڕاوەتەوە، دەڵێ پێیاندەڵێم هەنگوین فرۆش نیم، کەچی دەڵێن شـــانە بنێرین یـــان دۆبیا. یان دەڵێن هەشـــت تەنەکە بنێرین دەڕوات؟ بەدرانیش لە ناچارییدا پێیاندەڵـــێ کاکە بنێرن بـــازاڕ گەرمە. محەممەدی هەنگوین فرۆش دەڵێ "جاری وا هەیـــە هەنگوینی زۆرم بۆ دێت، بەڵام تائێستا هیچ نەقەوماوە".

بەدران ئەحمەد باسی ئەوەیکرد کە جار هەبووە کاتژمێر 12ی شەو تەلەفۆنیان بۆ کردووە "دەڵێن هەنگوینەکە گەیشت یان نا، ئێ باشە تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێت دانیشـــتووی و ئاخاوتن گەرمە، یەکێک لەولا دەنەڕێنێ دەڵێ هەنگوینەکە گەیشت یان نەگەیشت".

محەممـــەد کە دوو ســـێ رۆژ جارێک 400 — 500 کیلۆ هەنگوینی بۆ دێت، بە دەست تەلەفۆنی نووسەران و دەزگاکانەوە نارەحەتە کە لەجیاتـــی بەدران ئەحمەد تەلەفۆن بۆ ئـــەو دەکەن و دەڵێ "منیش لەدەست ئەوتەلەفۆنانە بێزاربوومە چونکە نازانم کتێبەکان بەکوێ گەیشتوون".

بـــەدران ئەحمـــەد، هـــۆکاری ئەوەی بـــۆ کەمخوێندەواری گەڕانـــدەوەو گوتی "ئەمەش کێشـــەیەکە، کە زۆر خەڵک بێ وردبوونەوە ژمارە لێ دەدەن".



## "خوایە لە تەپڵی سەری ئارام رەشید بدەی"

**رووداو–هەولێر**

لە وتاری رۆژی هەینی 2008/5/16 ســـەید ســـەفای پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی مەلا مەحمود لەشـــاری هەولێـــر هێرشـــێکی زۆر توندی کردە سەر ئارام رەشید-ی نووسەری کتێبی "جەهالەتی ئیسلام ودنیای هاوچەرخ".

بەشداربوویەکی نوێژی هەینی بە رووداوی راگەیاند کە لە وتاری هەینیدا ســـەید سەفا پەرتووکەکـــەی بەدەســـتەوە گرتبـــوو بە تووڕەییـــەوە رەخنەی توندی لە حکومەتی کوردســـتان گرت وگوتی کـــوا حکومەت لە کوێیەوچـــۆن رێگـــە دەدات پەرتووکێکـــی پڕلەســـووکایەتی وا بڵاوبکرێتـــەوە، لەکاتی دوعاکردنیشـــدا سەید ســـەفا دوعای لەئارام رەشـــید کردو گوتی خوایە هیدایەتی بدەی ئەگەر نایێتەوە ســـەڕ رێی راستیش خوایە لە تەپڵی سەری بدەی.

بەپێی زانیارییەکانی رووداو ســـەید ســـەفا پێشتر پۆلیس بووەولایەنگری یەکگرتووی ئیســـلامیش بـــووە ودواتـــر پەیمانگەی ئیسلامی تەواوکردووەو یەکێکە لەومەلایانەی هەولێر کە رۆژانی هەینی وتاری توند دەدات.

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ئەوقاف نابێ بەهیچ شێوەیەک مەلاکان مینبەری مزگەوت بۆوەڵامدانەوەی نووسەرورۆژنامەنووسەکان وبابەتی رۆژنامەکان بەکاربهێنن، ماوەیەک لەمەوبەریش لەسلێمانی مەلا عوزێر لەسەر هێرشکردنە سەر ئەحـــلام مەنســـووری نووسەر لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا.




## 500 حاجی عێراقی ساختەچی دەرچوون

**رووداو – هەولێر**

ئەمســـاڵ ئـــەو عێراقییانـــەی خوازیـــاری ســـەفەری حەجن، تەنیا بە پاســـپۆرتی جۆری (G) دەتوانن ســـەفەر بکـــەن، ئەمـــە لەکاتێکدا دەرهێنانـــی ئەو پاســـپۆرتە کارێکی زۆر ئاســـان نییە. شـــێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هۆی دەرکردنی ئەو بڕیارەی بۆئەوە گەڕاندەوە کە ســـاڵی رابردوو ژمارەیەکـــی زۆر بەنـــاوی حەجەوە چوونەتە ســـعودیەو لـــەوێ خۆیان دزیوەتەوە.

شـــاکەلی دەڵێت "بەنـــاوی حەج چوونـــە ســـعودیە، کەچـــی دوایی نەگەڕاونەوەو ون بوون، بەملاو بەولادا رۆیشـــتن، هەموو بۆ مەبەستی دیکە چووبوون". گوتیشـــی "نزیکەی 500 حاجی دەبوون، لەمسەرەوە بەڕەسمی چوون، لەوســـەرەوە بـــە کۆنترۆڵی حکومەتی سعودیدا نەگەڕانەوە".

وەزیـــری ئەوقاف سوپاســـی خوا دەکات کە لەنێو ئەو 500 کەســـەدا یـــەک حاجی کوردی تێـــدا نەبووە. "شـــکور هەموویان هـــی ناوچەکانی دیکەی عێراق بوون".

## سەرۆکی شارەوانی دەربەندیخان نازانێ چی لە زبڵ بکات

**رێبین محەممەد**
**رووداو –دەربەندیخان**

بەهـــۆی ســـووتانی پاشـــماوەی زبڵەوە، هاووڵاتیانی دەربەندیخان ژیانیان لەمەترسیدایە و سەرۆکی شارەوانی دەربەندیخانیش بێدەسەڵاتی خۆی لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە راگەیاند

ئەو زبڵەی رۆژانە لەشارۆچکەی دەربەندیخان کۆ دەکرێتـــەوە دەبرێتە چاڵاییەکانی قەراخی رووباری ســـیروان و لەســـەر رێگای گشـــتی دەربەندیخان-کەلار و لەوێش دەیسووتێنن.

حەسەن شـــێخان ســـەرۆکی شـــارەوانی دەربەندیخـــان بۆ ئەمە بێ دەســـەڵاتی خۆی ڕاگەیاندو بـــە (رووداو) وت" هیچ چارەیەکمان نییـــە، تەنها ئـــەوە نەبێـــت دیوارێک بکەین بەدەوریدا تـــا زبڵەکە بڵاو نەبێتـــەوە، بەڵام چارمان نییە بۆ دوکەڵەکەی".

سەرچاوەیەکی تەندروستیش رایگەیاند "زۆر کەس هەن تووشی نەخۆشی بوون لەئەنجامی ئەم دووکەڵ و پیســـیە، بەڵام ئامارمان لەسەر ژمارەی نەخۆشەکان لەبەر دەستدا نییە".

جگە لەزبڵ ناوچەی پیشەسازی و کارگەکان مەترسییەکی دیکەیە بۆ سەر ژینگەی شارەکە و، ئەویش بەهۆی دوکەڵی ئۆتۆمبێل و رشتنی رۆنی پیس، بەڵام سەرۆکی شارەوانی بەدووری زانی ئـــەو ناوچەیە کاریگەری لەســـەر ژینگە هەبێت بۆیە گوتی "ناوچەی پیشەســـازی هیچ مەترسی دروســـت نەکردووە بۆیە بەپێویستی نازانین بیگوازینەوە".

## 10 ژن لەسەر پیاوکوژی دەستگیردەکرێن

**رووداو –هەولێر**

بەرپرســـی بەشـــی ئافرەتان لەبەڕێوەبەرایەتـــی چاکســـازی هەولێـــر رایگەیانـــد 10 ئافـــرەت بەتۆمەتـــی کوشـــتنی مێـــرد و کەسوکارییان دەستگیر کراون، کە یەکێکیان زیندانی هەتا هەتایی بۆ بڕاوەتەوە.

تاڤگـــە فەیزوڵـــڵا، توێـــژەری کۆمەڵایەتی و بەرپرسی بەشی ژنان لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەولێر لە لێدوانێکیدا بە (رووداو)ی راگەیاند لەســـاڵی 2002ەوە تاوەکو ئاداری ئەمســـاڵ، 10 ئافرەت بەتۆمەتی کوشتنی مێردو کەسوکاری نزیکی خۆیان زیندانیکراون، کە یەکێکیان بەتۆمەتی بەشداریکردنی لەکوشتنی مێردەکەی بەپێی مـــادەی 406ی یاســـای سزادانی عێراقی حوکم دراوەو زیندانـــی هەتا هەتایی بۆ بڕاوەتەوە.

ناوبراو لەدرێـــژەی لێدوانەکەیدا گوتیشـــی "ئێستا 4 لەو ئافرەتانە بەتاوانی کوشـــتنی پیـــاو حوکم دراون، هەروەها ئافرەتی دیکەش هەر بەتۆمەتی کوشـــتنی مێرد و پیاوی کەســـوگاریان راگیراون و هێشتا دادگایی نەکراون".